دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەرەکی ئەنجومەنی کارگێڕی و سەرنووسەر
مصلح مصطفی جەلالی

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە

لەم ژمارەیەدا
دەقی وتەکەی هاوڕێی فەرماندە صدام حسین لەکاتی بەخشینی نیشانەی حزب بەدەستەیەك لە تیکۆشەرانی بەعسی لە ١٩٨٥/٢/١٣دا لە ل ٣ و ٤ دایە .

پێنج شەممە ١٩٨٥/٢/٢١ ژمارە ٧٧٧ | ١٦ / لایەرە | بە ٥٠ فلسە | الخميس ١٩٨٥/٢/٢١ العدد ٧٧٧

بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین نیشانەی رافدین ومەدالیای ئازایەتی بە دەستەیەك جەنگاوەر دەبەخشێ

سەرکردایەتی وگەل هەموو پێداویستیکی سەرکەوتنی بۆ زامن کردوون

ئێران کۆتایی پێ دێت وناتوانن بۆ قوڵایی بیست کیلومەتریش بێ بینە خاکی عیراقدوە

ئارامتان گەیشتە لە رادە بەدەر زیاتریش قوربانی دان کۆڵەکەی سەربەرزی پیاوو سەربەرزی نیشتمانە

بەڕێز سەرەك موهیب‌روکن صدام حسین‌فەرماندەی گشتی هێزەچەکدارەکان دووپاتی کردەوە کە راوەستانی‌سەربەرزی بەبێ قوربانی‌دان‌ناکرێ‌و قوربانی‌دان ئالای‌سەربەرزی پیاوان‌و سەربەرزی نیشتمانە ..

بەڕێزی رۆژی ١٧-٢ ١٩٨٥لە کاتی بەخشینی نیشانەی‌رافدین پلەی دووەم جۆری‌عەسکەری و مەدالیای ئازایەتی بەدەستەیەك‌جەنگاوەری ئازامان وتی :

ئێمەو هەموو عیراقی‌یەکان‌شانازی بەئێوەو پانەوانی‌و ئارامتانەوە دەکەین کەلە هەموو حساباتی رەت بوەو بەلام قەرزار باری‌پیاوانی شەهیدین چونکەئەوان لوتکەی سەربەرزی‌و کوتەکەی ئالای شەکاوەی عیراقن .

هەروەها سەرەکی فەرمانە وتی :

سەرکردایەتی‌و گەلی‌عیراق هەموو پێداویستیکی‌سەرکەوتنیان بۆ زامن‌کردوون‌لەسەر شانۆی هەلس‌وکەوت لە لایەنی سیاسی‌و راگەیاندن‌و ئابوری‌و شەرعیەتی ئەو ئەرزەی لەسەری وەستاون کاتی دەجەنگن . دەقی وتەکەی سەرەکی فەرماندە لە ل ٥ دایە

کۆشتنی دووسەرکردەی پاسدارانی خومەینی لە بەرەی جەنگ

رادیوی ئەحواز رای گەیاند کە دوو سەرکردەی پاسدارانی خومەینی لەبەرەکانی جەنگ بەدەستی هێزە ئازاکانی عیراق کوژراون .

رادیوکە رای گەیاند ئەم دوو کوژراوە علی حسن زادەو واحمد سواری بوونو دوێنی نێژراون .

ستایشی رۆژنامەیەکی مەغریبی بۆ بڕیاری بوردن لەوانەی دادگا داوای کردون

ڕبات : ئادع : رۆژنامەی یەکێتی‌ی سۆشیالیستی هێزە میللی‌یەکانی مەغریب وتی هەرچەندە عیراق پێی‌ناوەتە ساڵی پێنجەمی شەڕەوە ، لە هەفتەی ڕابوردوودا بڕیارێکی دەرکرد ئەوە دەردەخا عیراق پتەوو بەهێزە .

هەروەها رۆژنامەکە لە وتارێکی دووروودرێژدا کە لەم هەفتەیەدا بڵاوی‌کردەوە وتی بڕیاری بەخشینی جۆرەها کەس لەوانەی کە دادگا داوایان دەکا زاڵی‌ی عیراق دووپات‌دەکاتەوە لە بواری سوپایی‌و سیاسیداو رۆژنامەکە ستایشی ئەم هەنگاوە باشەی عیراقی کرد .

ئەنجا رۆژنامەکە پرسی ئایا چەند وڵاتی عەرەبی هەیە شایانی ئەوەن چاو لە هەنگاوەکەی عیراق بکەنو بارودۆخی سیاسی پاك‌بکەنەوەو بڕیاری بەردانی گیراوە سیاسی‌یەکان‌و گێڕانەوەی ئاوارەکان بدەن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ نیشتمانەکانیان .

هەروەها رۆژنامەکە داوای لەو وڵاتە عەرەبی‌یانە کرد کە کۆمەڵە گیراوی

بڕوانە (ل ١٥)

لێرانی دوژمن لە زەوی و دەریاو ئاسمانەوە ٣٧٢ لەلەقی لەلۆبە توانا گانمان بنکە تۆپەکانمان سەنگەرومۆلگاکانی دوژمن ویران دەکەن

لەکاتێکدا توانای بیناکاری‌بالاو بنەڕەتی سەربەرزی رەوای عیراق تادێ پتەوترومەزنتر دەبێ‌و گەلی عیراق لەناو گەلانی دنیادا زیاتر بالا بەرزو سەربەرز دیار دەکەوێ ، لەبەرەکانی جەنگیشداو بەرەنگار بوونەوەی چاوچنۆکی‌دوژمنی ئێرانیدا ، جەنگاوەرانی عیراق رۆژلەدوای رۆژ سەرکەوتنی مەزنو گەورەتر بەدی‌دەهێنن .

لە چوارچێوەی نەخشەی گەمارۆدانی بەهێزی بەندەرەکانی دوژمندا ، هەڵو بە توانا کانمان لەماوەی ئەم هەفتەیەداو لە هەڵمەتێکی سەرکەوتوودا دوو نیشانەی گەورەی دەریایی‌یان لە خوارووی دوورگەی خەرج پێکاو خۆیان بەسەلامەتی کەرانەوە بنکەکانی خۆیان .

لەبەرەکانی تری جەنگدا، هەڵو ئازاکانمان بەردەوامن لەسەر کوتاندنەوەی دوژمن‌و ئاراستە کردنی لێدانی توندو جەرگ‌بڕ بەسەر بنکەو مۆلگاکانیاندا بەتایبەتی لە کەرتەکانی خوارو ناوەراستداو لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا ٣٧٢ هەڵمەتی مەردانەیان بردۆتە سەر سەنگەرو بنکەکانی دوژمن زیانی سەروو ماڵی گەورەی پێ‌گەیاندوون‌و دوای بەجێ‌هێنانی هەموو هەڵمەتێکی سەرکەوتوویان بەسەلامەتی سوپاس بۆ خوا گەراونەتەوە بنکەکانی خۆیان.

بنکە تۆپەکانمان لەهەموو بەرەکانی جەنگدا دەوری دیاریان گیراوە لە سەرکوت کردنەوەی دوژمنداو ئاگریان لەزۆر سەنگەری دوژمن بەرداوەو ترس‌و لەرزی‌یان لە ریزەکانیاندا بڵاو کردۆتەوە .

فرۆکە هیلیو کۆپتەرەکانمان بەتایبەتی لە کەرتی رۆژهەڵاتی دیجلە ئەم هەفتەیە دەوری مەزنیان گیراوە لە لێدانی دوژمندا بەتایبەتی لەهەر لایەك هەست کرابێ دوژمن نیازی جەوجولی گومان لێ‌کراوی هەیە مەردانە لێیان هاتونەتە دەست‌و لێدانی توندیان ئاراستە کردوون .

دەوری‌یە خۆبەختکارە دلێرەکانمان لە زوربەی کەرتەکانی بەرەی جەنگدا لێدانی بەکاریان ئاراستەی دوژمن کردوەو کوژراو بریندارى زۆری‌یان خستۆتە ریزەکانی دوژمن .

ئەم هەفتەیەش شەڕی هەڵاتن لەدەست دۆزەخی خومەینی جادووگەر لەریزی مەدەنی‌و عەسکەری‌یەکانی ئێراندا بەردەوام بوەو بە دەیانیان خۆیان داوە بەدەست هێزەکانمانەوە .

بەرهەڵستکارانی ئێران هێرشی چەکدارانە دەبەنە سەر بنکەو مەقبەندەکانی رژێم

تاران : ئادع . ڕادیۆی‌موجاهید کە بە ناوی رێکخراوەی موجاهیدینی‌خەڵقەوە قسە دەکا وتی هێزەکانی موجاهیدین سێ‌هێرشی چەکدارانەیان بردە سەر بنکەکانی رژێم لەناوچەکانی ئالان-سەردەشت و هەورامان‌و ١٥ پاسداریان‌کوشت‌و ١٩یان لێ بریندارکردن .

لە هێرشێکی تریشیاندا دە پاسداری تریان کوشت و نۆیشیان لێ بریندارکردن لە ناوچەی بانە - سەردەشت‌دا . هەروەها سێ بنکەی کۆمەڵەی‌و بنکەیەکی یەکەی‌و دوو دەزگای رەشاشی ٥٠ ملیمی‌و هاوەنی ٦٠ ملیمیان وێران‌کرد لەو هێرشەیاندا کە بە تێژۆکی ئاربی‌جی‌و هاوەنی ٨١ ملیمی بردبانە سەر بنکەی هوارزەو گزن .

لە لایەکی تریشەوە ڕادیۆکە وتی سوپایی‌یەکانی سەر بە رێکخراوەی موجاهیدین ئاگریان بەردایە مەڵبەندێکی جاسووسی

بڕوانە (ل ١٥)

بەڵگەیەکی تری ئیفلاسی رژێمی ئێران

تاران : ئادع . ڕادیۆی موجاهید کە بە زوبانی رێکخراوەی موجاهیدینی خەڵقەوە قسەدەکا بڵاوی کردەوە کەوا کۆمپانیای ئیتاڵ کۆنتراکتۆری ئیتالیایی کە خەریکی بنیاتنانی دەزگای کۆبەندەری

بڕوانە (ل ١٥)

هەراو ئاشووب لە ئەفریقای خوارووداو

جۆهانسبۆرگ : ئادع : لە زۆر لە ناوچەکانی دەوروبەری شاری جۆهانسبۆرگدا ئاشووب‌و هەرا بەرپابوو دژی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی رژێمی ئەفەریقای خوارو بەرامبەر بە هاووڵاتی‌یە ئەفەریقایی‌یەکان . هێزەکانی پۆلیس‌یش تەقەیان لەو خۆپیشاندەرانە کرد کە نوختەکانی پۆلیس‌و کۆکاکانیان دەدایە بەر بەرد .

بەکورتی

قاهیرە :
ساندرۆ برتینی سەرەکی ئیتالیا سەردانەکەی لە میسر کۆتایی هێناو کەرابەوە بۆ وڵاتەکەی دوای گفتوگو کردنی لەگەڵ حسنی مبارکی سەرەکی میسر دا .

دۆحە :
شیخ خلیفە بن حمد ئال ثانی ئەمیری قەتەر نامەیەکی لەسەرەکی تونس حبیب بورقیبەوە پێ گەیشتوە پەیوەندی بە هاوکاری نێوان هەردوو وڵاتیانەوە هەیە .

پاریس :
دامو دەزگا رۆشنبیری‌و هونەری‌یەکانی دەوڵەتان لە پاریس بێزاری‌یان دەربڕیوە بەرامبەر بە بڕیارەکەی حکومەتی ئەمەریکا بەکشانەوە لە رێکخراوی یونسکو .

بۆن :
هیندستان‌و ئەڵمانیای رۆژئاوا لە سەر فراوانکردنی هاوکاری پیشە سازی‌و تەکنیکی نێوان هەردوو لایان رێکەوتوون .

پەردە لادان لەرووی تاوانەکانی رژێمی ئەسەد

کۆمەڵەی رۆژنامە نووسەکانی سوریای ئازاد هیرشی بردۆتە سەر کاروبارە نارەواکانی رژێمی سوریایی گومان لێ‌کراو کە بەردەوامە لە چەوساندنەوەی مرۆڤی سوریاو لە بانگەوازیکی کۆمەڵەی ناوبراودا داوا لە رێکخراوی بەرگری لەمافەکانی مرۆڤی عەرەبی کراوە بۆ پەردە لادان لە رووی کاروباری نارەواو تاوانەکانی رژێمی حافظ ئەسەد کە دژی رۆڵەکانی گەلی سوریا دەیکات .

بانگەوازی شۆڕش

دژی رژێمی خومەینی جادووگەر

آیة الله قمی : پێ داگرتنی خومەینی لە سەر شەڕ پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە

ئەو دەنگ‌و باسانەی لەشاری مەشهدی ئێرانی‌یەوە گەیشتون وادەگەیەنن کە ایە الله طباطبائی قمی یەکێك لەزانا دیارەکانی ئیران ئالای شۆڕش‌و خەباتی دژی رژێمی خومەینی هەڵکردوە .

گۆڤاری « مرآة الامة »ی کوەیتی دەڵێ ایە الله قمی بەبانامەیەکی سفرێ‌ی دەکردوە تیایدا بەردەوامی شەری حەرام کردوە لەنێوان عیراق‌و ئێرانداو دووپاتی کردۆتەوە کەسەر سەختی خومەینی‌و پێداگرتنی لەسەر شەر پێچەوانەی شریعەتی ئیسلامی‌یە .

هەروەها وتویەتی : چاکتر وابوو خومەینی سوود لەو هێزە بەشەری‌یە وەربگرێ کەبەناهەق لەکیسی‌دا لە شەردا بۆ ئاوەدان کردنەوەی ئێران‌و ئەو پارەو ماڵەی درزەخی شەر فوتی‌دا باشتربوو لە خزمەتی ئیسلام‌و بەرنامەی گەشەپێداندا سەرف‌بکرێ ئەك لەکریتی جەڵ بر کوشتنی موسڵمان بەفیرۆ بدرێ هەروەها وتویەتی کەلی ئێران رەفری خۆ بەسەر دا سەپاندن دەکا کە پێچەوانەی شریعەتی پیرۆزی موسڵمانە .

ایە الله قمی دووپاتی کردۆتەوە کە ئەوەی رژێمی خومەینی دەیکات خرابەبەرامبەر ئیسلام‌و لێدانە لە موسڵمانەکان .

Institut kurde de Paris

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

بڕیاری لێبوردنی گشتی دەردەکا

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری بەخشینی هەموو ئەو عێراقیانەی دەرکرد کە داواکراون بۆ بەردەم دادگا لە ناوخۆدەرەوەی وولاتدا .

ئەوانەی جموجۆلیان هەبوو دژ بە نیشتمان و شۆڕش لە ئەندامانی هەر حیزب و بزوتنەوەیەکی سیاسی غەیرە شەرعی بن بڕیاری بەخشینەکە کەسانی سەر بە حیزبی «دعوە»ش دەگرێتەوە ولایەنگیرەکانی وریکخراو کۆمەلی هەمان جۆر ئەوانەی بۆ بە رژەوەندی ئێران و رژێمە هاوپیمانەکانی کاریان کردوە .

هەروەها بڕیارەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەموو ئەو سزایانەی لابرد بەرامبەر بەوانەی بەخشینەکە دەیانگرێتەوە ؛ هەموو چارەسەرکردنێکی یاسایی راوەستاند سەبارەت بەو تاوانانەی کردوویانە ؛ لە کاتێکدا بڕیارەکە دەس بەسە راگیراو وئەوانەی تەوقیفن و بەندیەکان ناگرێتەوە سەبارەت بەو تاوانانە ناوبراوان لە پێشمەرگەدا .

ئەمەی خوارەوەش دەقی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشە :ـ

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ژمارەی بڕیار ٢١٠

بەرواری بڕیار ١١ـ٢ـ٩٨٥

بڕیارەکە :

لە سایەی سەرکەوتنە رادەبەردەکانەوە کە عێراق بە دەستی هێناوە بەسەر دەسدرێژی ئێران و پووچەلکردنەوەی نەخشەو پیلانەکانی دژ بە نیشمان و گەل لە مەوقیعی بەهێزی و گەشبینی بە ئێستاو دوا رۆژەوە ..

سەرکردایەتی حزب و شۆڕش هەموو هاوولاتیەکی عێراقی دەپارێزێ تەنانەت ئەگەر هەلەش بکات ؛ یاخود لە رابوودودا لە رێ لایدا بێت و کەوتبێتە داوی دوژمنە چاوچنۆکەکانەوە . بە ئارەزووی هەلخۆشکردن بۆ ئەوەی لایەنگیری خۆی بۆ نیشتمان دووپات بکاتەوەو ئامادەبە بۆ خزمەتکردنی . بۆمان دەرکەوت زۆر لەوانە کە بە کارتێکردنی دەجالو پێلانگێران بۆ سەر نیشتمان و میللەت هەلخەلەتان و کەوتنە دووی رێگەی چەوت و لە رێلادان و راستیان دۆزیەوەو چەوتی ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە دەربارەی نیشتمانەکەیان کردویانەو هەست بە شەرمەزاری دەکەن بەرامبەر بەوە .

بەپێی بەندەکانی فەقەرە (أ) لە مادەی چل و دووی دەستور ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبوونەوەی رۆژی ١١ـ٢ـ١٩٨٥ ئەم بڕیارەی دا :ـ

١ ـ بەخشینێکی گشتی لە هەموو ئەو عێراقیانەی داواکراون بۆ بەردەم دادگا لە ناوخۆو دەرەوەی وولات ئەوانەی جموجۆلی دژ بە نیشتمان و شۆڕشیان هەبوو لە ئەندامانی هەموو حیزب و بزوتنەوە سیاسی یە غەیرە شەرعیەکان و حیزبی (دعوە) و رووبەرەکانی و رێکخراوو کۆمەلانی هەمان جۆر کە بۆ بەرژەوەندی ئێران و رژێمە هاوپەیمانەکانی کاریان کردوەو هەموو ئەو سزایانە لادەبات بەرامبەریان دەرچوەو هەموو ئەو چارەسەرکردنە یاسایانە رادەوەستێ سەبارەت بەو تاوانانەی کردویانە .. ئەمەش دەس بە سەرو ئەوانەی تەوقیفن و بەندکراو ناگرێتەوە دەربارەی ئەو تاوانە ناوبراوانە پێش دەرچوونی ئەم بڕیارە .

٢ ـ ئەوانەی ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە لە ناوەوەی وڵات سەربدەن لە نزیکترین دەسەلاتی سەربازی یاخود میللی لە ماوەی ٣٠ رۆژدا لە رۆژی دەرچوونیەوە وئەوانەی دەیانگرێتەوە لە دەرەوەی وڵاتن خۆیان بگەیەننە بالیۆزخانەکانی عێراق لە ماوەی (٦٠)رۆژدا لە رۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارەوەو بالیۆزخانەکان گەڕانەوەیان بۆ عێراق مسۆگەر دەکات .

٣ ـ بەخشینەکەی ئەم بڕیارە ئەو کەسە ناگرێتەوە تاوانێك بکات بەندەکانی بیگرێتەوە پاش مێژووی دەرچوونی .

٤ ـ ئەم بڕیارە لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاو دەکرێتەوەو لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێ

صدام حسین

سەرەکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

بوردن لەوانەی لە سوپا رایان کردوە

لە رۆژنامەی رەسمیدا بڕیارەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەرچوو بە لێبووردن لە هەموو ئەوانەی تاوانی راکردنو خۆشاردنەوەیان کردوە . هەر وەکو لە یاساکانی سەربازی و یاسای تاوانەکانی راکردن بۆ دەرەوەی وولات لە ماوەی رۆژەی سەربازیدا هاتووە .

ئەمەی خوارەوە دەقی بڕیارەکەیە :ـ

بە پێی بەندەکانی فەقەرە «أ»ی مادەی چل و دووی دەستور .. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبوونەوەی رۆژی ١١ـ٢ـ١٩٨٥دا ئەم بڕیارەی دەکرد :ـ

یەکەم : لێبووردنێکی گشتی بۆ ئەوانەی :ـ

١ ـ تاوانی راکردنو خۆشاردنەوەیان کردوە هەر وەکو لە یاسای سزادانەکانی سەربازی ژمارە (١٣)ی سالی ١٩٤٠و یاسای تاوانی راکردن بۆ دەرەوەی وڵات لە ماوەی راژەی سەربازی ژمارە «٢٨»ی سالی ١٩٧٢دا هاتووە .

٢ ـ ئەو تاوانی دواکەوتن و سەرپێچیکردنیان هەبە هەر وەکو لە یاسای راژەی سەربازی ژمارە (٦٥)ی سالی ١٩٦٩دا هاتووە .

دووەم :ـ ئەوانەی بەندەکانی ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە بگەنە وەحدەکانی خۆیان یان مەلبەندی تەجنید یان بارەگاکانی حزب لە ماوەی ٣٠ رۆژدا لە مێژووی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە ئەوانەی لە ناوەوەی عێراقن و (٦٠) رۆژ بۆ ئەوانەی لە دەرەوەی عێراقن .

سێیەم :ـ بەندەکانی ئەم بڕیارە ئەو کەسەش دەگرێتەوە پێش دەرچوونی خۆی بەدەستەوە داوە .

چوارەم :ـ ئەو غەراماتەنە ناگێڕدرێتەوە کە پێش دەرچوونی ئەم بڕیارە دراونو ماوەی راکردنو نادیاریو تەوقیف ناژمێردرێ بە مەبەستی خزمەتو مووچە .

پێنجەم :ـ بەندەکانی ئەم بڕیارە کەسانی سەر بە هێزی ئاسایشی ناوخۆو سوپای میللی دەگرێتەوە .

شەشەم :ـ ئەم بڕیارە کاری پێ دەکرێ لە مێژووی دەرچوونیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا .

صدام حسین

سەرەکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

بەیاننامەیەکی

پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان

پارتی شۆڕشگیڕی کوردستان دووپاتی کردەوە کە تەبیعەتی رەگەزپەرستیو تایفەگەریی تافمە جادووگەرەکەی خومەینی بەلایەوە گرنگ نیە بەردەوام بێ لەکاری نارەوای تارادەی نوقم کردنی ئێرانو گەلانی دەوروبەریا بەخوێن لەپێناوی راپەراندنی ئامانجە چەپەلەکانیا .

سەرەتای ئەم هەفتەیە کومیتەی ناوەندی پارتی لەبەیاننامەیەکدا لەکۆتایی کۆبوونەوەی ٢٧ ئاسایی خۆیدا سلاوی ئاراستەی سەرکەوتنەکانی گەلە پالەوانەکەمان کردوە دژی هێزەکانی رژێمی ئێرانی دوژمنو هاوسوێندەکانی .

بەیاننامەکە راوەستانی پارتی شۆڕشگیری کوردستانی بە هەموو هێزێکیەوە لەپشت فەرماندەیی ئیهاتووی بەرێز سەرەکی تێکوشەر صدام حسین دووپات کردۆتەوە لەگەل پشتیوانی کردنی جەنگی عادیلانەمان بەخوێن و رەنجدان بۆ بەردەوامی سەرکەوتنو بەشداربوون لە ریزەکانی سوپای میللی پشتیوانی هێزی چەکداری ئازامان .

بەیاننامەکە هیرشی بردۆتە سەر هەلوێستی رژێمە بەزمان عەرەبەکان کە پشتی دەستدرێژی رژێمی ئێران دەگرن لە دەستدرێژیدا بۆسەر وڵاتە تێکوشەرەکەمان .

هەواڵی پارێزگاکانی ناوچەی کوردستان

- **سلێمانی خۆی بۆ یادی بیرەوەری دەرچونی یاسای ئۆتۆنۆمی ئامادە دەکات**
- **خێزانی شکۆدارەکان لە هەولێر ئامادەبوونی خۆیان بۆ بەردەوامی قوربانیدان دووپات دەکەنەوە**
- **کۆنگرەی بەرووەردە لە پارێزگای دهۆك**

● رێکخراوی راوبۆکاری راگەیاندن لە پارێزگای سلێمانی کۆبوونەوەیەکی فراوانی گرت کە سەرۆکەکانی دەزگاو دامەزراوەرەسمیەکانو رێکخراوە جەماوەریەکان تێدابەشداربوون بۆ لێکۆڵینەوەو دانانی شێوازێکی تازە بۆرێکخستنو جوانکردنو رازاندنەوەی شاری سلێمانیو هاوینەهەواری سەرچنار لە چوارچێوەی خۆئامادەکردنەکانی پارێزگاکە بۆ ئاهەنگگێڕانی بیرەوەری دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمیو جەژنی نەورۆزو هەفتەی قادسیەی صدامی پیرۆز . لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری دیاری کردنی لێپرسراوی دەزگاو رێکخراوە جەماوەریەکان دیاری کرا بۆ رێکخستنو جوانکردنو رازانەوەی شەقام وگۆڕەپانە گشتیەکانو دەروازەی شاری سلێمانیو باغچەکانو پارکی منالان لە هاوینەهەواری سەرچنارو شاری سلێمانیدا سەرەڕای رێکخستنی هەلمەتی کاری میللی لە هەموو گەڕەکە نشتەجیبەکاندا وقیرتاو کردنو داپۆشینی شەقامە سەرەکیو کوچەکانی .

● بەرێز یەحیا جاف سەرەکی ئەنجوومەنی راپەراندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان سەریدا لە ژمارەیەك لە خێزانی شەهیدەکانی قادسیەی صدامی پیرۆز لە پارێزگای هەولێر .

سەرەکی ئەنجوومەنی راپەراندن لە ماوەی سەردانەکەیدا بایەخو سەرنجی سەرکردایەتی حیزبو شۆڕشی دووپات کردەوە لە سەرویانەوە بەرێز سەرەك صدام حسین بەخێزانی ئەوانەی لە هەموو ئەوان شکۆدارترنو هەروەها ئاگاداری گشت دەزگا رەسمی وحیزبیەکان بۆ دابێنکردنی ژیانی ئازاد بۆیان ، بۆ نرخاندنی ئەو قوربانیەی رۆلەکانیان بۆ بەرگریکردن لە خاکی پاکی نیشتمان .

خێزانی شکۆدارەکان ئامادەیی هەمیشەیی خۆیان دووپات کردەوە بۆ پێشکەشکردنی قوربانی لە پێناوی سەربەرزیو کەرامەتی عێراقو خاکی پیرۆزی .

٨٥ کرێکاری ئافرەتو پیاو لەوانەی سەر بە دەزگا رەسمیو دامەزراوەکانی کەرتی سۆشیالیستن لە پارێزگای هەولێر بەشداری دەورەی رۆشنبیرکی سێیەیان کرد کە تایبەتە بە هەلمەتی نیشتمانی فراوان بۆ بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی تاکە کەس کە ئەمینداریەتی رۆشنبیریو راگەیاندنی لقی یەکیەتی رێکخستنیو ..

● رۆژی سێشەمە لە پارێزگای دهۆك کۆبوونەوەیەکی سالانە بەسترا بۆ بەرێوبەرایەتیەکانی شارەرەوانیەکانی پارێزگاکە بە ئامادەبوونی بەرێز نامق سورچی ، بۆ ئامادەکردن بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی سالانە بۆ ئەمینداریەتی گشتی شارەوانیو هاوینەهەوارەکانی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی لە مانگی داهاتوودا . کۆنگرەکە کە دەقیقەیەك راوەستانی ماتەمینی بۆ شەهیدەکانی قادسیە صدامی پیرۆز دەستی پێکرد لە چەند راپۆرتی کۆلیەوە کە باسی ئەوانە دەکات جێبەجێ کراون لە سالی رابوورودودا ، کە ٧٥ پرۆژەی خزمەتگوزاری بە سەرەڕای پروژەی هەمان جۆرە ئێستاکە جێبەجێ دەکرێ .

● دامەزراوەکانی کەرتی سۆشیالیستن لە پارێزگای هەولێر بەشداری دەورەی رۆشنبیرکی سێیەیان کرد کە تایبەتە بە هەلمەتی نیشتمانی فراوان بۆ بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی تاکە کەس کە ئەمینداریەتی رۆشنبیریو راگەیاندنی لقی یەکیەتی رێکخستنیو ..

● رۆژی سێشەمە لە پارێزگای دهۆك کۆبوونەوەیەکی سالانە بەسترا بۆ بەرێوبەرایەتیەکانی شارەرەوانیەکانی پارێزگاکە بە ئامادەبوونی بەرێز نامق سورچی ، بۆ ئامادەکردن بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی سالانە بۆ ئەمینداریەتی گشتی شارەوانیو هاوینەهەوارەکانی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی لە مانگی داهاتوودا . کۆنگرەکە کە دەقیقەیەك راوەستانی ماتەمینی بۆ شەهیدەکانی قادسیە صدامی پیرۆز دەستی پێکرد لە چەند راپۆرتی کۆلیەوە کە باسی ئەوانە دەکات جێبەجێ کراون لە سالی رابوورودودا ، کە ٧٥ پرۆژەی خزمەتگوزاری بە سەرەڕای پروژەی هەمان جۆرە ئێستاکە جێبەجێ دەکرێ .

خولێکی رۆشنبیری کرێکاران

لەم چەند رۆژانەی دووایی داو لە هۆلی یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی هەولێر ، کۆتایی بەو خولە رۆشنبیریە هات ، کە بەکێتی یەکە لە چوارچێوەی چالاکی یەکانی راگەیاندنو رۆشنبیری خۆی داو بۆ ماوەی مانگێك رێکی خستو تیایدا زۆربەی دەزگا خزمەتگوزاریو بەرهەم هێنەرەکان لە پارێزگای هەولێردا بەشداربوون .

لەم خولەدا کە بەرێزان سەرۆك و ئەندامانی یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران ئامادەبوون ، بە درێژایی رۆژانی، چەندان باس و لێ کۆلینەوە دەربارەی گەلێك لایەنی کار گوزاریو بەرێوەبردن پێش کەش کرا ، بە تایبەتی ئەو رێ و شوێنانەی دەبێتە مایەی زۆربوونی بەرهەمو هەلمەتی تێکرای نیشتمانی لەم بارەوەو ، شایانی باسە کە نەقابە هەر لەم ماوەیەدا بەردەوامە لە سازکردنی کۆرو کۆبوونەوەی فراوان لە پێناو روون کردنەوەو بەجێهێنانی بڕگەکانی بڕیاری زۆربوونی بەرهەم .

لقی هەولێر

مەغدید سۆران

سەرکەتنەکانی ئەم دوایی یەی عیراق و .. چارەنووسی جەنگ

ئەگەر وەکو دەلێن سالی ١٩٨٤ بە سالی چاوەنواریو خۆ تافی کردنەوە بژمێرین بێگومان دەبێ سالی ١٩٨٥ یش بەسالی مسوگەرکردنی سەرکەوتن بۆ عێراقو دۆراندنی جەنگ بۆ تافمە رەگەز پەرستەکەی خومەینی شەرفروش دابنێین .

راستە لەو رۆژەوە رژێمی کۆنەپەرستی خومەینی چەپەل هێرشی نارەوای خۆی ئاراستەی عێراقی موسلمان و ئاشتی خواز کردووە بەرەها بار سوپای ئازادو دلێرمان بەکارو کردەوە لەمەیدانی نەبەردرا نیشانی داوە کە هەرگیزاو هەرگیز ماوە بە دوژمن نادا پۆستالە پیسو گلاوەکەی بنێتە سەرروی خاکە پیرۆزەکەمان ، بەلام نەبەردەکانی ئەم دوایی یەی دەریایو ئاسمانیو زەمینی لە لایەك چارەنووسی جەنگی بەتەواوی روون کردەوەو لەلایەکی ترەوەش تافمە چەپەلەکەی خومەینی خستە سەر چەقنی دوربانی مانو نەمانەوە .

بەلێ ئێمە دەزانینو خومەینی نەزانیش دەزانێ سوپای ئێرانی بەزیو بەباشی پەکی کەوتووەو چی بەسەرچی یەوە نەماوە ، کەوا بێ ئەم ئابرو چوانە هەتاکەی لەهەرو گیفو بە کوشتندانی ئەو خەلکە بێچارەیە ناکەون ؟

هەر رۆژ نارۆژێك یەکی لە ریش پانە کەوجە دواکەوتوەکان بەفرمانو ئیشارەی شمعون پریسو حافظ رێوی لە بانگەواز ئەدا [.. جەنگ جەنگ تا پیرۆزی ..] توخوا ئەم هورێنانە سەیر نیە ؟!

دەلێن رۆژێ بە مەلای مەزبوورەیان گوت : سبەی لە مالی مبری مەولودەو ترش کردنە . لە وڵامدا مەلا ووتی : مەگەر نابینن هەر لە ئیستاوە خۆم ئامادە کردووە لە ئێوە دوانەکەوم ، دیارە رەفسەنجانی و منتظری و خامینەئی نایانەوێ لە راوروتو دابەشکردنی مالو سامانی ئەو خەلکە بەندکراوە بێ دەستەلاتە دواکەون بۆیە لە تالان کردنو چەپاوول و بەکوشتندانی ئەو خەلکە دەستی جەنگیزخانو تەیمور لەنگیان لە پشتەوە بەستۆتەوە !!

شاگردی بە ئەمەکی خومەینی خوێن مژن .

ئەوەی راستیبێ سەرکەوتنەکانی ئەم دوایی یەی سوپای عێراقی نەبەز بە چاکی ئەو بازرگانانەی جەنگی روت کردەوە ، تەنانەت ئەو کەلا بچکۆلانەی لەسەر لەشی گلاویشیان مابوو بە ئێجگاری لاچوو ، جا ئەگەر بە ئەندازەی تۆسقالێك ئابرویان مابایەو کەمێ بەزەیی یان بەو خەلکە رەشو روتە داهاتبایە دەبوایە ئەوەندە بە یرەقی سپی سپی یان بەرزکردبایەوە دۆستە ناپاکەکانیشیان لەتەل ئەبیبو دیمشقا لەشەرمانا وەك خومەینی رەگەزپەرست چووبانە خەلوەتی شەرماوە .

راستی سەرکەوتنەکانی ئەم دوایی یەی عێراقی خالیدو صلاحدینو هەڤالی تێکۆشەر صدام حسین تابلۆیەکی شاکاری جەنگی ئەوتۆ بوو کە هەتا هەتایی سەری عێراقی یەکانی بەرزکردەوەو دوژمنەکانیشی لە خەوی بێخەبەریو نەزانی هۆشیارکردەوە ، بەجۆری هەرنەبێ دەست لە گەروکیف هەلگرن ... هەرچۆنیبێ جەنگ بوەستێ یا نەوەستێ ، بیانەوێ یا نەیانەوێ دەست لە پیلانگێران هەلگرن یاهەلنەگرن ئەم سەرکەوتنانە بەتەواوی کاردەکاتە سەرچارەنووسی جەنگ :ـ ئەنجامەکەی زوو یا درەنگ سەرکەوتنی عێراقی ئاشتیخوازو مرۆڤ دۆستەو شکانو ئابروچوونی خومەینی شەرفروشە .

■ بە بۆنەی کشانەوەی سوپای زایونیستەکان لــــە خوارووی لوبناندا ■

تاقی کردنەوەیەکی بایەخداری نوێ

حیلمی عەلی شەریف

لەم هەفتەیەدا بەشێك لەسوپای [ئیسرائیلی]یە داگیرکەرەکان لە بەشێك لەخاکی داگیرکراوی لوبنان یان راستتر لــە ناوچەی (صیدا) بێدەستکەوتێکی راستەوخۆو پێلێنراوو بــۆ سەلێنراو کشــانەوە دواوەو ئیستا نزیکەی دوو هەزار کیلومەترەیەکــی چوارگۆشەی خاکی لوبنانیان بەدەستەوە ماوە .

لەم جیهانی پر ناکۆکیو دوو بەرەکیەداو لــەم بەیەکا هەلپژانی قازانجی دەولەتە ئیمپریالستی لــە لایەکو سوشیالستیو گەلانی جیهاندا لەلایەکی ترەوە لەم سەردەمەی کە هێزو توندو تیژی خەریکە ببێت بە یاسای هەمیشەیی نێوان هێزە دەسەلاتدارەکانــی جیهان. هیچ مرۆڤێك وەك بەپەلاماردانو داگیرکردن سەرسام نابێت هەروەهاش بەشکستو پاشەکشەی هێزە زۆردارو داگیرکەرو چەوسێنەرەوە گــەورە رەگەزپەرستەکانیش وانی ورر نامێنێت . بــەلام ئەمجارە دوو خالی گرنگ سیاسییە بەتەنگ‌هاتووە کانی کێشەی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست سەر سورمێن ئەکەن . یەکەمیان کاربەدەســــتو لێ پرسراوانی (ئیسرائیل) خۆیان بەسەر سوررمانەوە باسی ئەم کشانەوەیەی خۆیان ئەکەن . وەکو موشێ ماعود ئەڵێت «جێگای مەترسییەکی گەورەیەو ئەمە یەکەمین جارە کە ئێمە بەهێزو تەوژمی پەلامارەکانی خەلکی موسولمانی خوارووی لوبنان ناچار ئەبیــن بکشێینە دواوە» . هەروەها کاربەدەستانی تــری زایۆنیستە داگیرکەرەکان پێ لەوەئەنێن کە ئەوەتــە لوبنانیان داگیرکردووە جەسانەوەیان بەخۆیانــــەوە نەدیوەو (٦٠٠) سەربازیان لێکوژراوەو لــە (٣٥٠٠) سەرباز زیاتریشیان لێبریندار بووە ، ئەمە جگــە لەوەی کــە ئەڵێن تەنیا ئەمسال (٨٠٠) هێرشــی چەکداریان براوەتە سەر ەە

دووەم خالیش ئەوەیە کە ئەمە یەکەم جــارە هێزێکی داگیرکەری زایۆنیستی بێدەستکەوتێکی بۆ سەلێنراو بە ناچاری بەرامبەر هێزێکی بچوکــی چەکدار ئەکشێتە دواوەو ولاتی داگیرکراو چــۆل ئەکات .

(ئیسرائیلی)یەکان جاران خۆیان بــــەوەوە هەلئەکێشا کە هێزە چەکدارەکەیان نەشکستی بــــە خۆیەوە دیوەو نەهیچ هیزێکی عەرەبیش چ بە تەنیاو چ بە کۆمەل ئەتوانێت بیانشکێنێت . وە هــــەر بەپێی ئەم سەرەتایەو بەم نیازە ئەمەریکا یارمەتــی عەسکەریو ئابوریان ئەدات .

ئەوی راست بێت هەرچەندە هەموو مرۆڤێکی نیشتمان پەروەرو ئازادیخوازی جیــهان پێویســتە پیرۆزبایەکی گەرم لە گەلی لوبنان بە گشتیو لــە دانیشتوانی خوارووی لوبنان بەتایبەتی بکات وە بــەو ئاواتەشەوە بێت کە هەموو خاکی لــوبنان لــــە داگیرکەرە زایۆنیستەکان خاوێن بێتەوەو لوبنانێکی دیموکراتیو ئازادو یەکگرتوو سەرلەنوێ دا بمەزرێتەوە، لەگەل ئەوەشــــدا ئەمــــە دەربارەی بزوتنــــەوەی رزگاریخوازی عەرەب تاقیکردنەوە یەکــــی تازەو هەلکەوتوو کاریگەرە کە بێگومان سەبارەت بــــە بزوتنەوەی رزگاری هێنەری گەلانی جیهــان ئــــەم سەرکەوتنە ئەلقەیەکی تری خستە سەر ئەلقەکانــی تری زنجیرەی خەباتی گەلان ، ئەو زنجیرەی کــــە بێمان ئەسەلمێنێت کە هەمیشە گەلێکی خــــاوەن ئیمانو بڕواو خاوەن هەق توانیوێتــی هیزێکــــی گەورەی خاوەن سامانو چەکو تفاقی جەنگــــــی پێشکەوتوو لە کۆڕی خەباتی چــــــەکدارانــــەدا تێکوبێك بشکێنێت هەر لە خەباتی گەلی فەرنساوە کە حکومەتە دەربەگەکەی خۆی بە شۆڕشی گەورەی بۆرجوازی شکانو بەندەکانــی قــــەلای باستیلــــی بەناوبانگی ئازادکرد تا دەرکردنی داگیرکەرەکانــــی ئینگلیز لــــە ئەمەریکا پێش دووسەد ساڵ زیاتــر ئینجا تێکشکانو ئابڕوبردنی تازەترینو پڕ چەکترینی سوپای ئەمەریکا لە ڤیتنامداو ئیستاش ئابڕوبردنــی لەشکری داگیرکەری زایۆنیستەکان لە خــــوارووی لوبنان دا .

جگە لەم دوو خالەی کە لە سەرەوە باسکراوە ئەم سەرکەوتنەی گەلی لوبنان ئەبێتــــە رێبازێکــــی کاریگەری باوەر پێکراوی تاقیکراوەی سەرکــەوتوو بۆ گەلانی عەرەب هەموو وەهیچ نەبێت بۆ گەلانــــی رۆژهەلاتی نزیکو ناوەڕاستیش بە گشتی کە لەمەولا بە بروایەکی قایم ترو پشــــت بەســـتوو بــــــە تاقیکردنەوەیەکی سەلێنراوەوە بچنە کۆڕی خەباتــی چەکدارانەوە دژی داگیرکەران وە لە ئاستی دەولەتە ئیمپریالیستیو کۆنە پەرستەکانی هاوکاریانا ســەری ناچاریو پێدەسەلاتی دانەنەوێنن . هەروەها ئــــەو هاشەو هوشەو شەرری دەروونیەی دەزگاکانــــی پروپاگەندەی ئەم ولاتانە بلاوی ئەکــــــەنەوەو ورەی گەلانی پێئەشکێنن ببنە بلقی سەر ئاوو بایەکــــی بێفەررو بەلای گوێی شۆڕشگێرانو جــەمــــاوەری خەلکیدا تێبپەڕێت .

ئەوی راست بێت گەلێك جار ســــەرکردەی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانی گەلانی ترو روشنبیرانــی شۆڕشگێر دوای هەموو شکستێکی سوپاکانی عەرەب لە کۆری شەرری نێوان ئەوانو زایۆنیستییەکاندا که ئەوروپای رۆژئاواو ئەمەریکا یارمەتی زایۆنیستی یەکانیان تیا ئەدا داوایان لە دەولەتانی زەرەرمەنــدی عەرەب کردووە کە شەررانەگرنو دەست بدەنــــە خەباتی درێژخایەنو پارتی زانی چەکدارانــــە دژی لەشکری داگیرکەری زایۆنیستی بەلام سروشتو خاسییەتی ئایدیۆلۆجیو چێنایەتیو پەروەردەبونــی سیاسی فەرماندەکانی ئەو دەولەتانە لەو ئاستــــەدا نەبوون کە ئەم فرمانە راستە گرنگە کاریگەرە بکەن بە رێبازی خەباتی شۆڕشگێرانەی رەوای خۆیان. تائەم جارە گەلی موسولمانی خوارووی لوبنان بەیارمەتی هەموو ئازادیخوازانی لوبنان عەرەبو جیهان دەستی دایە ئەم تاقیکردنەوە سەرکەوتووانەیەو بناغــــەی رێبازێکی پیرۆزی دلخۆشکەرەی بۆ گەلانی عەرەبو ناوچەکە داڕشت .

ئێران لە ناوەوە

● فؤاد حسین ●

ولاتێکی گەورە وەکو ئێران کەبێتە بەندیخانەیەکی گەورە سنورەکەی بەقەد وولاتەکە ببێــــتو گشت جۆرە سزادانو کوشتنو جۆرەها شێــــوەی نامرۆڤایەتی لەلایەن دەستەیەکی فێڵبازی نەزانــــی دواکەوتوودا بەکار بهێنرێتو گەلان لەژێر باریــــدا تالیو ژانو ئازاری کوشندە بچێژن، ئەمە گێچەڵو نەهامەتیەکی ترسناکەو بێویستی بە باری سەرنجدانو وەستانێکی توند لە لایەن ری گشتیی جیهانیــــەوە هەیە .. !!

هەواڵەکان رۆژ دوای رۆژ لەزیاد بوون دایە.. باسو قسەی وا دەکات لەلایەن ئێرانیەکان خۆیانەوە بەتایبەتی ئەوانەی لە دۆزەخی کابرای جادوبــازەوە هەڵدێن هەرگیز ناچێتە مێشکی شێتیشەوە نــــەك ئاقل ... درندایەتی دەستەو دایمەی رژێمی تاران لە کردەوە نامرۆڤایەتیەکانیاندا کەس ناخەنــــە لا .. منداڵو گەورەو ئافرەتو پیرو جوان هەموو بەیەك چاو سەیر دەکرێنو بەیەکسانیو بێجیاوازی سزایان ئەدەن .. ئافرەتێکی ئێرانی کە مامۆستایەو لەئێران رایکردووە «١٨» مانگی رەبەق لە بەندیخانەکانــــدا بەسەر دەبات، جۆرەها شێوەی لێدانو ئازاردانــــی بینیوە لەکۆتاییدا وای لێهاتووە تا بۆتە لەشێکــــی مردووی بێجولە نەك هەرئەمەش بەلکو خانووەکەیانیان سووتاندووەو پیاوەکەی نوقمکراوەو هەردوو منداڵەکەی کوشتوون کە گەورەکەیان تەمەنی شەش ساڵ دەبێت ..

جەستەیەکێکیان کە پارچەکراوە لەگــــەڵ سەرەکەیدا پێشکەش بە دایکەکەیان کراوە .. ئــەم دیمەنە جەرگ بڕە دڵتەزێنە یەکەم تاوانی دەستــــە درندەکەی خومەینی نییە بەلکو هەزارەها هــــەزار دیمەنی لەمە خراپترو دڵتەزێنتریان بەکارهێناون و بەردەوام ڕایدەپەڕێنن ..

ئەم ئاکارانە دەکەنو و «داوای ئیسلامەتیش» دەکــەن .. ئەمەیە هەواڵی نیشتمانی ئاخونــــدە ئێرانیەکان وە هەر لەبەرئەوەی بەردەوام بەچــاوی خویان کردەوەکان دەبینن وە بۆ پاراستنی گیانــی خۆیانو منداڵەکانیان بەکۆمەڵ رادەکەنو رووەکەنە وولاتە دراوسێکانیان.. هەروەها ئەو راپۆرتانەی کە ئاژانسە جیهانیەکان لە تاراندا کە جگە لە کوشتــنو برینو لەسێدارەدانو باری نائاسایشــــو دزیو خۆپیشاندانو مانگرتن زیاتر هیچیتر نییە .. کــە گەلانی ئێران دڵیان پێی خۆشبکەن ..!!

لەبەر ئەمانە باشترین هۆو ڕێگا بۆ رزگــــار بوونیان ڕاکردنە .. راکردنو هیچیتر ..!!

Institut Kurde de Paris

لەم دواییەدا لە تەرابلس ئۆتۆمبیلێکی تەقەکــــەدار تەقیەوە دژ بــە دەزگـــــا کاریگەرو کۆمەلایەتیەکــان لە شارەکەدا ، تەقینەوەکــــە بوە هۆی کوشتنی ١٢ کەسو بریندارکردنی پەنجا کەســی تر ئەنجامی هەرە سەیرانــی خانووبەرەکانی دەوروبەر .

زایۆنی دوژمن و.. رژێمی سوریاو
گرەو لە سەر ئاژاوەنانەوە .. لە لوبنان

زایۆنی دوژمــن لــەم کردەوە تاوانکاریــــــەدا دەستی هەبوە بە ئامانجــی ئاژاوەنانــــەوە لە نێــوان رۆڵەکانی میللــەتێکــــــدا (تەقینەوەکە نزیك یەکێــك لە مزگەوتــەکانی شــــار رووبدا کە پر بوو لە نوێــژ کەرەکان)و گەڕانەوە بــــۆ خوێندنەوەی حیسابەکانــی زایۆنی دوژمن بنیاتنــــراوە کە لەسەر بنچینەی بڕیاری داگیرکردنی لوبنان ، ئــەوە دووپات دەکاتەوە بابەتــــی ئاژاوەنانەوە کەو هەوڵــدان بۆ بە هەل وەرگرتنــــــی دۆخی ناوەوەی کۆمەڵــــی لوبنان ، یەکێکە لــــــە گرنگترین ئەو رێبــــازانەی پشتی پێ بەســـتوە بــــۆ نەخشەکانی زایونیەوە بــۆ لاوازکردنی ئەم وولاتــــەو هەلوەشاندنــەوەی دەوری نەتەویی کاریگەری وەکـــــو تواناو جێگا . ئەم سیاسەتە چەبەلەی زایۆنــــی لــــە دو بەرکیو بەگــــژا چوونی دەستەو کۆمەڵەکانی لوبنانــی بە ووردی لە لایەن رژێمــی سوریاوە ، ئەوەی ئامێــری دوژمنکاری زایۆنیزم لــێی بیجۆشێنێ لە لوبنان چەندان جۆری هەیە ، زۆر لایــــەنو ئامرازی ناو خۆیو دەرەوەی بۆ ساز داوە وقەسابخانەکانو خوێنرشتن ئەنجامێکی دابــە دەستەوە تاکو ئێستا کــــە کاری خراپەی خۆی دەکات لە واقیعی لوبناندا ، کــــە دەکەوێتە چوار چێــــوەی دەسە پاچە بۆ جێبەجــــی کردنی چ لە باری لوبنــــان یاخود فەلەستین وەکــــو ئامرازێکی مل کــــەچ بــۆ جێبەجێکردنی نەخشەکانی زایۆنیزم دژ بــــە لوبنــانو نەتــــەوەی عــــەرەب ... هێشتاکە زایۆنی دوژمنــی سەرەڕای تێکشکاویــــــە سەربازیو رامیاریەکانی لــە لوبنان گرەو دەکات لەســەر راستیەتی ئەم هەوڵدانــــە وێرانکاریە چەپەلە ، بــــۆ ئەوەی ناکۆکیو ناخۆشــــی پتر بکات لە نێوان رۆڵەکانی یەك میللەتدا ئاگر خۆشکردنی ئەو قەسابخانانەی بــــــە نەخشەی ئەو جێبەجــــێ کراونو لە ژێر سەرپەرشتی ئەوداو رژێمی دیمەشقــــی گومان لــێ کراو بەشداری دەکات لە چوارچێوەیەکــــی فراوانترو کارتێکردنێکــــی دووری لوبنانی وعەرەبــــی بوە هۆی سەرپێچی کردنــی هەزاران جار شەڕ راگرتــن لە نێوان دەستەو تاقمــــــە ناکۆکەکاندا ، هەموو بەلگەکان ئەوە دووپات دەکەنــــــەوە ئەوەی لە پشتەوەی ئــــەم سەرپێچیکردنانەوە دەوەستێ چ لایەنێکی لوبنانی نییــــە ، لە سەروبانەوە بەکرێگیراوەکانــــی اسدو قــــەوارەی زایونیە .

ئەو ئاژاوەنانەوەی دوژمن دەیەوێ ئاگری خۆش کــات ئەمجارە جــۆری ترساندنو هەڕەشەی گرتۆتــــە خۆ . ترساندنــــی دەســـــتەو تاقمەکانی لوبنان لە یەکترو ترساندیان بە جەنگێکــــی تازە .

باشووری لوبنان ئــــەم هەموو بۆچوونە نەخۆشانــــە هەلدەوەشێنێتەوەو قوولــی پیلانەکە ئاشکرا دەکــــات کە تووشی ئەم گەلــــــە یەکگرتوە دەبێت ، شــــان بە شانی براکانی گەلــــــی فەلەستین کە ئەمڕۆکــــە بە رەنگاریکردنەکەیان جوانترین دەربڕینە لە رەسەنایەتــــی نەتەوەو باوەڕیان بە مەسەلەی نەتەوایەتی .

درێژەپێدانی بوونی خــۆی لە خاکی لوبناندا . مەسەلەی ئاژاوەنانەوەکەش دوژمــــن هەوڵــــی داوە

دەقی وتارەکەی
سەرەکی
فەرماندە
صدام حسین
لە کاتی بەخشینی
مەدالیای
حزب
«پاشماوە»

پێنج ساڵ رابووردو وئێمە بە هێزترە بین

کۆتایی پێهاتو بوو بە گەمارۆیەکی ئابووری بۆیان .. لە ساڵی داهاتوویشەوە قۆناغێکی تازە دەستپێدەکا لە ئابووریمانا غەیری ئەو قۆناغە دەبێ کە لە ساڵی ١٩٨٥دا تەواودەبێ .

هەروەها وتیان پێیان سوپای عیراق شەرناکا کەچی بە پێچەوانەوە بەو لێدانە لێیدان کە دەیزانن کە دەستدرێژی‌یەکەیان دەستی‌پێ‌کرد .. پێیان وتن .. گەلی عیراق بەش‌بەشەو بەشی گەورەی لەگەل ئێرانابەو دژی عیراقە کەچی گەلی عیراق وەك یەك مرۆڤو یەك جەنگاوەرو یەك شەخسی‌یەتو یەك ئەقلو یەك دەروون بوو .

هەروەها پێیان وتن ئێوە هەر ئەوەندە لە سنوورەوە بێنە ناوەوە خەلکی بەسرە بە گوڵ پێشوازی‌ی سوپای ئێران دەکەن .. کەچی سەریان هەروەها کینەو تەماعی حوکمرانانی تاران‌و دواکەوتوویی‌یانو ئەقلیەتە دواکەوتووەکەیان دەوری خۆی دەگێڕێ لەم ڕەوشتەیانا .

لە بارەی ئێرانیشەوە ، هاوڕێیان ، شکستی نالەبار لە ئەنجامە ڕاستەوخۆکەی شەڕا نیە ، بەلکو لە دواکەوتنی مێژوویی‌و دوورخستنەوەی گەلانی ئێران‌و توانای ئێرانابە لە کارکردن بەپێی ڕێبازی ڕاستەقینەی مێژوو و بەگوێرەی مەرجەکانی سەردەم .

ئەگەر بیری لێبکەنەوە وڵات‌و گەلێ شەش ساڵ دووربکەونەوە لە ڕۆشنبیری‌ی هاوچەرخ‌و شەش ساڵ لە قوتابخانەو دانشگاو لە تێروانینی زانستیانە شەش ساڵ .. دەبێ چی‌یان بەسەر بێ ..

کاتێ کە خومەینی لە فەرەنساوە هاتەوەو حوکمی گرتەدەست ملیۆنەها کەسی ئێرانی بەسەر شانەوە هەڵیان‌گرت لەو فرۆکەیەوە کە هێنایەوە بۆ ئێران ، تا شوێنەکەی .

بەڵام ئێستا ئەوە چەند ساڵە توانای ئەوەی نیە بە ئوتۆمبیل بە شەقامەکانی تاراندا بگەڕێ‌و ئەمەیە مردنی سست . حوکمڕان ئەو کاتە دەمرێ کە لە هێڵی سەرەکی گەل دووردەکەوێتەوەو بە زیندوویی دەمێنێتەوە کاتێ کە ڕەگەزێکی ڕێپیشاندەربێ لە ڕێبازی سەرەکی‌ی گەل‌و بیروباوەڕو هیواو ئاواتی گەلدا .

هەمیشە دەتان‌پرسی‌و جیهانیش لەگەلتانا دەپرسی‌و هەروەها شارەزاکانی کاروباری سوپایی‌و سیاسی لە جیهان‌و نیشتمانی عەرەبدا دەپرسن‌و قانوونانە .. سەرکردایەتی پەی بە هەموو شێوەیەکی کاریگەر برد بۆ ئەوەی بەرگری‌یەکەمان کاریگەربێ هەتاکو ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژ لە خەندەقا بەرگری‌بکەین بێ ئەوەی بەرەوپێش بجووڵێین لە خەندەقەکانمانەوە .

حیساباتەکانمان تێکڕا ڕاستبوون‌و لەگەل هەموو ئەم حالەتە باشەی کە باسمان کرد یانی کە لە کەرتێکەوە دەجووڵێین بۆ کەرتێکی تر کەچی هەزارەها کوژراو دەدەن‌و بە نائومێدی برینەکانیان دەلێسنەوە . بەڵام ئێستا پاش ئەوەی جیهان هەمووی سیاسەتەکەمانی باش زانی کە ئێمە کەسێکی بێزیانین نەك بە مانای ئەوەی کە بێدەستەڵاتین یا کەسێك بین بخورێین یا لە هەڕەشە بترسین بەڵکو ئێمە بێزیانین بەڵام عیراق دەبێ سەربەرزبێ‌و سنووری پارێزراوبێ‌و

گەلەکەتان لە بەردەم مێژووی گەلاندا هەرسەربەرز دەبێ

ساڵی داهاتو قۆناغێکی نوێی ئابووری مان دەستپێ دەکا

دای لە دیواری پۆلایینی سنووری عیراق‌و ناوچەوانیان پڕبوو لە خوێن‌و ژمارەیان کەم‌بووەوەو بە نائومێدی‌و سەرشۆڕی‌یەوەو بێ ئەوەی هیچیان دەسگیربێ گەڕانەوەو گەلی بەسرەیش بە تفەنگ پێشوازی لێ‌کردن لەجیاتی گوڵ وەك چۆن چاوەڕێیان دەکرد .

لە دوایدا سەرکردایەتی‌ی سیاسی‌ی باڵا لە ئێرانا بە سوپاو بە جەنگاوەرە ئێرانی‌یەکانی وت کۆببنەوە لەسەر سنوور بۆ ئەوەی سوپای عیراق ماندووکەن‌و دایچۆڕێنن بەپێی سیاسەتێکی تایبەتی داچۆڕاندن کە نەخشەیان بۆ کێشاوەو ئێمە ئاگاداری نەخشەیانین‌و وای لێ‌هات ئەم حالەتە بوو بە حالەتی داچۆڕاندن بۆ خۆیان نەك بۆ سوپای عیراق .

کەوابوو ، هاوڕێیان ، ئەوەی بەرپرسیارە لەم هەڵسەنگانە تێکشکاوانە سەرکردایەتی‌ی ئێرانە نەك گەلی ئێران‌و سوپای ئێران‌و ئەگەر نەخوازەللا سەرکردایەتیان سەرنەکەوێ لە هەڵسەنگاندنی ئەرکەکانیا لە ستراتیژی گشتیداو لە بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی هێز لە گەلی عیراقدا لەسەر ڕادەی ستراتیژی گشتی یا لە پەرژوبڵاوکردنەوەی توانای گەلی عیراقدا لەسەر ڕادەی ستراتیژی گشتی ، عیراق دووچاری کارەسات دەبێ .

● هەڵسەنگاندنی تایبەتی دەربارەی عیراق ●

سەرکردایەتی‌ی ئێران ئەمڕۆ خەتابارە لەبەردەم گەلەکانیا لەبەر ئەو شکانەی تووشیان‌بوو و ئەو شکانەی لەمەولا تووشیان دەبێ .. چونکە هەڵسەنگاندنەکانی هەموویان سەرنەکەوتوو و هەڵەبوون‌و .. خەلکی بستەباڵا یاری‌یان پێدەکەن‌و هەڵسەنگاندن‌و زانیاری تایبەتی‌یان تێدەئاخنن دەربارەی عیراق‌و دەیانخەنە داوەوە .. یەکێ لەوانە حوکمڕانەکەی دیمەشقە کە بەینەنابەینێ پێیان دەڵێ شەش مانگ سەربکەن پاش ئەوە ڕژێمی حوکم لە عیراقا دەڕووخێ‌و هی تریش هەن هەروا دەکەن‌و زایۆنیزمیش دەوری خۆی دەگێڕێ ..

ئەو مەودا شارستانی‌یەی کە لە نێوان ئێران‌و ناوچەکەدا پەیدادەبێ زۆر گەورە دەبێ .. بەڵام لە عیراقدا پێنج ساڵەکەی شەڕ کارێکی وای نەکردووە بەکێ لە کوڕەکانمان لە کورسی‌ی خوێندن دواکەوێ لە قوتابخانەی سەرەتایی یا سانەویدا .

لە هەمان‌کاتدا عیراق لە ساڵانی شەڕدا خەریکی بنیاتنان بووە .. ڕاستە بارودۆخی شەڕو لە دەس‌هاتن تیایا جیاوازە لە بارودۆخی ئاشتی .. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بەرەو پێشەوە چووە ئێمە لە عیراقدا خەریکی بنیاتنانین‌و لە هەمان‌کاتدا پیاوان خەریکی شەڕن لە پێناویا .

هەروەها ناوبانگی عیراق لەم پێنج ساڵەدا زۆر بەرزبووەتەوە لەبەردەم هەمووی جیهانا لەکاتێکدا ناوبانگی ئێران لەبەردەم هەمووی جیهانا چووە بە ناخی زەویدا .. گەلیش لەناو ئێرانا خەریکە خۆی دەخواتەوە لەکاتی شەڕدا ئەو هێڵەی ئەوان دەستیان‌کرد پێی بەهێزتربوو لە ئێستا .. لە کاتێکدا پێوەندیمان بە گەل ئێستا بەهێزترە لە یەکەم ساڵی شەڕو بەهێزترە لە ساڵی پێش شەڕ .

● ئێمە پتەوتر دەبین‌و ئەوان لەتوپەت دەبن ●

پێنج ساڵە شەڕەو حزبی ڕەحمان پتەوتر دەبێ‌و زیاتر خۆی‌دەگرێ .. بەڵام ئەوان پێنج ساڵە بەسەر شەڕدا تێدەپەڕێ‌و حزبی شەبتان لە ئێرانا لەتوپەت دەبێ‌و لەناوەوە دائەڕزێ .

هەر حوکمڕانێ قۆناغی سەرەتای بەهێزتربێ لە قۆناغەکانی ساڵانی داهاتووی مانای ئەوەیە بەرەو ڕووخان دەڕواو هەر ڕژێمی حوکمێك سەرەتاکەی مام ناوەندی‌بێ بەڵام هێڵی بەیانیی بەرەو ژوور بڕوا چ لە پێوەندی‌یا لەگەل گەلدا یا لە قووڵکردنەوەی تاقیکردنەوەی یا لە پێوەندی‌ی نێو دەوڵەتانی‌و پێوەندی‌ی لەگەل ناوچەو قانوونەکانیا ئەوە هیچ گومانی تیا نیە ڕێگا کراوەتەوە لەبەردەمیا .

هەموویان لێمان دەپرسن بۆ هەڵمەت نابەنە سەر هێزە ئێرانی‌یە دەستدرێژیکەرەکان‌و هەر چاوەڕێ دەکەن تا ئەوان هێرش‌بەرن ئەنجا بەرگری‌دەکەن ..

وەڵاممان بە ڕوونی ئەوەبوو .. ئێرانی‌یەکان‌و دوژمنانی نەتەوەی عەرەب‌و دوژمنانی عیراق لە سەرەتای شەڕدا ویستیان کاغەز تێکەڵ‌وپێکەڵ بکەن‌و وا بە جیهان بگەیەنن لە عیراق یەکەم چالاکی‌ی سوپایی‌کردو ماوەی نێوان ٩/٤ تا ٩/٢٢یان لەبیسر خۆیان دەبردەوە یانی ماوەی دەستدرێژی‌یەکەی ئێران .. لەبەر ئەوە ئێمە دەمانەوێ جیهان هەمووی لە ڕەوشتی دەستدرێژیکەرانەی ڕژێمی تاران ئاگاداربێ‌و .. کاتێ کە ئەمە بە تەواوی دەزانێ بەڵکو گرنگ ئەوەیشە جیهان ئەوە بزانێ کە عیراق هێزەکەی هەر بۆ پاراستنی ئاسایش‌و سەربەرزی‌و سەربەخۆیی‌ی بەکاردێنێ .

عیراق ئاشتی دەوێ‌و شەڕی ناوێ‌و .. ڕەفتاریش ناکا بە شەڕ لەبەر ناچاری‌و پێویستی‌ی زۆر نەبێ کە هیچ چارەیەکی تری بۆ نبە هەڵگرتنی تفەنگ نەبێ .

هاوڕێیان بەهۆی ئەم سیاسەتەوە ئەوەمان هەڵگرت کە زۆر کەس لە جیهانا نەیانتوانیوە هەڵیگرن .. دوو ساڵی تەواو یا زیاتر لە حالەتی بەرگری سەقامگیردا ماینەوەو لە خەندەقداو هێرشمان نەدەبردە سەر دوژمن هەرچەندە ئەوە لەسەرخۆی خۆی کۆدەکردەوەو مۆڵگاکانی لە کەرتێکەوە دەگوێزایەوە بۆ کەرتێکی ترو کات‌و قۆڵ‌و ڕێبازی هەڵدەبژارد و ئەوچەك‌و سنفەی بە ئارەزووی خۆی دەسنیشان دەکرد کە هێرشی پێ دەبرد .. لە هەمان کاتدا ئێمە چاوەڕێ دەکەین بۆ ئەوەی هێرش‌بەرێ تاکو پووچەڵی بکەینەوە بە بەرگری بێ لە خەندەقدا یا بە دژهێرش .

ئەمەیش حالەتێکە نەك هەر زەحمەتترین حالەتە بە حیساباتی سوپایی بەڵکو بە تەواوی زەحمەتترین حالەتە .. لەگەل ئەوەیشداو چونکە ئێمە بە ئەقلیەتێکی پێشەوایانە لە ناوەڕاستی ئەم چەرخەدا دەژین نەك بە ئەقلیەتێکی خل‌بووەوە یا دواکەوتو لەم سەربەخۆیی‌ی ئاشکرابێ‌و گەلەکەی بە سەربەستی‌یەکی تەواو بەسەر خاکیا بجووڵێتەوەو ئەو بڕیارانە بدا کە لەگەل بەرژەوەندی‌یە نیشتمانی‌و نەتەوایەتی‌یەکانیا بگونجێ .

پاش ئەوەی هەمووی جیهان زانی‌یان‌و گەلان‌و سوپای ئێرانیش زانی‌یان کە ئێمە خراپەیانمان ناوێ تا ئەوان هەوڵی ئەمە نەدەن‌و .. هاوڕێیان پاش ئەمە هەموو پێویستبوو کە هێڵانەکانی بەدکاری کە کۆدەبنەوە لە خاکمانا بکەین بە نیشانەو وێرانیان بکەین‌و کزیان بکەین تاکو دوژمن دان بەوەدا بنێ کە عیراق پێویستە بە سەربەرزی بمێنێتەوەو .. ئەوانیش لە خاکی خۆیانا بە ئازاری بجووڵێنەوە بەو جۆرەی دەیانەوێ‌و هەڵی‌دەبژێرن .

داچۆڕاندن لەمەودوا هی ئەوان دەبێ چ لە بواری سیاسی یا ڕاگەیاندن یا ئابووری یا سوپاییداو بەڵام تووشی لەخۆبایی‌بوونیش نابین‌و سیاسەتیشمان لە سیاسەتێکی ئاشتی‌و ئاسوودەیی‌ویستەوە بۆ عیراق‌و ئێرانی‌یەکان نابێ بە سیاسەتێکی تر چونکە ئاسودەیی ناوچەکە بەکێکە لە ئەرکە مرۆڤایەتی‌و نیشتمانی‌و نەتەوایەتی‌یەکانمان .

هەر ڕەگەزێ بیەوێ ئاشووب بنێتەوە لە ناوچەکەدا دەبێ ڕەگەزێکی دووربێ لە خەلکی ناوچەکە چونکە هێمنی‌ی ناوچەکە داخوازی‌یەکی نیشتمانی‌و نەتەوایەتی‌و جیهانی‌یەو جیهان ئاسوودەیی دەوێ لە ناوچەکەداو .. ئێمەیش لە تێڕوانینی نەتەوایەتی‌یەوە پێویستمان بە ئاسوودەیی هەیە بۆ ناوچەکەو عیراقیش لەبارەی نیشتمانی‌یەوە پێویستی بە ئارامی ناوچەکەیە .

ڕەگەزی ئێرانی لە سیاسەتە فراوانکاری دەستدرێژیکەرانەکەیەوە ڕەگەزێکی دوورە لە ناوچەکەو غەریبە چونکە خۆی تێهەڵقورتاندووەتە ناو قانوونەکانی ئەم چەرخەوە بە هەموو ڕێبازو مانایەکیەوە .

هاوڕێیان سڵاوم بکەینن بە هاوڕێ‌و خیزانەکانتان‌و بشت بە خوا هەمیشە بە چاکی دەتانبینین‌و .. بە شێوەیەکی وا بیروباوەڕو گەلی مەزنی عیراق لێتان ڕازی بێ .

Institut kurde de Paris

زانستی کشتوکاڵ

ئەم جۆرە هەوچارەکونترین هەوجاری تراکتۆرەو جۆرەکانی تری هەوجار هەر لەگۆڕینی ئەم هەوجارە هاتوونتەکایەوە .

هەوجاری ڕاکێشەر لە باری گواستنەوە هەموو قورسایی (کێشی) پێچکەکانی خۆی هەڵی دەگرێتو تراکتور بەشدار لە هەڵگرتنی قورسایی (کێشی) ئەم هەوجارە ناکات .

ئەم هەوجار لە گاسنەکانی‌ژو بژاربری ١ و چەقۆی دیکی لە پێش گاسنی پاشەوە .

دەبەسرێتومژ مژانەی‌وو پێچکەی لای زەوی ١٠و هێڵی (جۆگەی) حووتی ١١و پێچکەی پاشەوەی ٣و سووکانی میکانزمی پێچکەی لای زەوی نەکێڵدراوو سووکانی میکانزمی پێچکەی جۆگەی (هێڵی) جووت پێکهاتووە .

بۆ ڕێکخستنی هەوجار لە قولایی دیارکراو پێویستە میکانزمی پێچکەی لازەوی‌و پێچکەی جۆگەی (هێڵی)جووت بە هۆی سووکانی ٧ و ٦ بخرێتە کارەوەو بەڵام گۆڕینی باری هەوجار لە کارکردن بۆ گواستنەوە هە بە هۆی سووکانی ٧ و ٦ میکانزمەکانی ناوبراوەکان بە پێچەوانە دەخرێتە کارەوە . لە هەوجارە کونەکان میکانزی بەرزکردنەوەی ئۆتۆماتیکی میکانیکی بەکار دەهێنرێتو بەڵام لە هەوجارە نوێیەکان سلینەدر هەیدرولیکی ڕەچاو دەکرێت .

ئەم هەوجار بۆ کێڵانی زەوی کە بڕگەی بەرهەڵستی ورەکفم / سم٢ .

هەوجاری راکێشەر لە کارکردندا قولایی‌و پانی کێڵان بە شێوەیکی یەکسان رادەگرێتو زۆر بە ئاسانی‌و سادەیی لەگەڵ تراکتۆر دەبەسرێتو بەڵام نیوە تیرەی بادانەوەی (پێچ کردنەوەی) گەورەیەو کێش (قورسایی) گرانە بە گوێرەی جۆرەکانی هەوجاری تر .

هەوجاری کێڵانی زەوی بەرداوی

(وێنەی - ٨)

ئەم هەوجارە بۆ کێڵانی زەوی بەرداوی ، کەپرگەی بەرهەڵستی ٦ر٥ کیلۆگرام / سم٢ بەکار دەهێنرێتو میکانزمی پارێزگەری بۆ ڕەچاو دەکرێتو لە کاتی گاسنێك لە بەرد گیر دەبێتو سەر بەخۆ گاسنەکە لە بەردەکە (کۆسپەکە) ، بەبێ ئەوەی گاسنەکانی تر لە کار بخات رزگاری دەبێت .

ئەم جۆرە هەوجار لە گاسنەکانی ١٧و گسکی چەقۆیی ١و نۆیلی راستی ٣ لەگەڵ پەنجەو پێچکەی پاڵپشتی ٢و نۆیلی چەپی ٥و پارچەی جەو جۆڵی ٦و یۆری ١٢و شفتی مژانەی ژێرەوەی ٧و مژانەی سەرەوەی ٨و قولی وو١١و میکانزمی ڕێکخەری قولایی کێڵانی ١٣و باسکەکانی چەماوی گاستەکانی١٥و پاڵپشتی باسکەکانی گاسنی ١٨و دەنوکی جوڵێنەری ١٩

بێك هاتووە .

میکانزمی پارێزگەر بەم جۆرەی خوارەوە کار دەکات : لە کاتی کارکردندا ، کە گاسنێك لە بەرد (کۆسپ) گیر دەبێتو با بڵێین گاسنی یەکەمی پێشەوە ، ئێنجا بەرهەڵستی هێزی ڕاکێشانی هەوجارەکە کوتوپڕ (لە هێڵڕا) بە پلەیەکی زۆر زیاد دەبێتو لە ئەنجامدا گاسنەکە لەگەڵ باسکی چەماو بە گۆڕەی تەوری ئاسۆیی بە رووکاری سەرەوە وەراوگێر دەبێتو گاسنەکە بەرز دەبێتەوەو لە بەردەکە (کۆسپەکە) رزگار دەبێت وبە هۆی قولی ٩و ١١و قولی درێژی ١٠و ١٤ یۆری ١٢ بۆ پێشەوە دەجوڵێتەوە .

بەڵام لەبەر ئەوەی پەنجەکانی نۆیلی ٣و٥ لەگەڵ میکانزمی هەڵگری خوارەوەی تراکتۆر بەستراوەو بە هۆی هێزی پاڵە پەستۆی بۆری ١٢، پارچەی جەوجۆڵی ، وەراوگێر دەبێت .

لە ئەنجامی ئەمەدا گاسنەکانی تر بەرز نابنەوەو لەگەڵ شاصیەوە بەرەو پێشەوە دەبزونەوە . ئێنجا گاسنی یەکەمی پێشەوەی هەوجار کە بەرد (کۆسپ) گیر بوو ، بە گوێرەی بەردەکە (کۆسپەکە) وەراگیر دەبێتو لە هەمان کاتیشدا بە گوێرەی تراکتۆرەکەش بەرەو پێشەوە دەجوڵێتەوەو لە بەردەکە (کۆسپەکە) ڕزگار دەبێت . لە پاش ئەوەی گاسنەکە لە بەردەکە تێپەڕ دەبێتو بە هۆی قورسایی خۆی بەرەوە زەوی نزم دەبێتەوەو لە زەوی دەچێتو بۆ باری کارکردنی دەگەڕێتەوە .

پێچکەی پاڵپشت قولایی کێڵان ڕێك دەخات (دادەمەزرێنێت) .

بە کارهێنانی میکانزمی پارێزگەر رولێکی سەرەکی دەبینیتو بۆ نەهێشتی بە فیڕۆدانی کات لە دەرهێنانی گاسن لە کوسپداو پارێزگاری ئەندامەکانی هەوجار لە شکاندن دەکاتو لە ئەنجامدا بەرهەمی رۆژانەی هەوجارەکە بەرز دەبێتەوە . بەڵام میکانزمی پارێزگەر نەخشەی دروستکردنی هەوجارەکە سەخت دەکات (گرانەدەکات) .

د . جهاد کیانی

Institut Kurde de Paris

پێکەنین‌و چارەسەری نەخۆشی

هەر وەرزشوانێك حەز لە ئیشەکەی خۆی دەکات ، بۆ ئەوەی تەندروستی خۆی بپارێزێت پیویستە هەموو ڕۆژێك جۆرە وەرزشێك بکات وەکو ڕاگردن ، مەلەوانی ، هەڵپەڕکێ یان پێکەنین !

بەڵێ پێکەنین ، پێکەنین تەنها بەختەوەری ژیان نییە، بەڵام کارێکە ماسولکەکان دەیکات د. ولیام فرای مامۆستای سایکۆلۆژی‌یە لە دانشتگای ستانفورد دەڵێ :-

هیچ ئامێرێك لە لەشی مرۆڤدا نی‌یە هەست بە جوڵانەوەیەکی قول نەکات لە کاتی پێکەنینێکی پڕ بە دڵەوە .

هەروەها لە کاتی پێکەنین‌دا هەموو ماسولکەکانی سینگ‌و ناوسك‌و دڵو ناوپەنجك ئەکەوێتە جوڵانێکی توندو تیژ کە وای لێ دێت هەندێ جار پاڵە پەستۆی خوێن دەگاتە ٢٠٠و لێدانیش لە ٦٠ جارەوە دەگاتە ١٢٠ جار لە چرکەیەکدا .

هەروەها پێکەنین هەندێ جار ئەبێتە هۆی پاڵ پێوەنانی ادرینالین بۆ ناو خوێن . لەگەڵ مادەی (اندورفین) کە لە لەشی مرۆڤەوە دەردەچێت کەدەبێتە هۆی کەم کردنەوەی ئازاری نەخۆش .

لە دوای پێکەنین هەموو ئەندامانی لەش بە هیواشی دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی ، کە وا لە مرۆڤ دەکات هەست بە هێمنی‌و خۆشی بکات .

لەم سەردەمدا هەندێ زانایان ئەوەیان دووپات کردوەتەوە پێکەنین دەبێتە هۆی چاکردنەوەی لەشی مرۆڤ لە هەندێ نەخۆشی ، بۆ نموونە (نوورمان کزمز) سەرنووسەری گۆڤاری (ساتردای) ئەوەی سەلماند کە توانی بە هۆی پێکەنین خۆی ڕزگار بکات لە نەخۆشی بڕ بڕەی پشت ئەویش بە خوێندنەوەی چەند کتێبێکی فۆلکلۆری پێکەنین‌دا .

هەر لەو ڕۆژەوە پزیشکەکان پێکەنینیان کردە دەرمانێکی سەرەتایی بۆ چارەسەرکردنی هەندێ نەخۆشی مرۆڤ وەکو نەخۆشی دڵ . عەقڵ . لە ئەنجامدا زانایان‌و پزیشکەکان لەسەر ئەوە سوورن کە نەخۆشەکانیان حالەتی تەندروستی‌و سایکۆلۆژیان باش ئەبێت ئەگەر زۆر پێبکەنن .

وداد حسین

پەککەوتەکان - پاشماوە

کان گوانی سەرجەمی پەککەوتەکان وەربگرێ لە تەمەنی (٥) ساڵەوە تاوەکو (١٦) ساڵ لە پەیمانگا پسپۆڕەکانی کەپرو لاڵی‌و ئەقڵ نوقسان‌و پەککەوتەی فیزیاوی وکوێرو چاو کزەکان کە دابەش دەکرێن بەسەر ٤٩ پەیمانگای فێرکردنەوە لە بەغداو شارەکانی تردا هەموو ڕۆژێ ٣٥٠٠ قوتابی پەککەوتە وەردەگرن .. و ئەو پەیمانگایانە بە تازەترین ئامێرەکان ئامادە کراون بۆ خزمەتکردنی پەککەوتەکان .

وپاش قوناغی فێرکردن قوناغی ئامادەکردن دەست پێدەکات لە دەورەکانی پیشەیی ، سێ پەیمانگای ئامادەکردنمان هەیە ئێستاکە ٤٠٠ پەککەوتە دەگرێ بۆ ماوەی ٩ مانگ لە تەمەنی ١٦ ساڵیەوە تا دەگاتە ٤٥ ساڵی .. پاش ئەوەش ئامادە کرێن بۆ پیشەی تایبەتی . وە هەروەها ئیشکردنیان لە دەزگاکانی دەولەت . ئەوە بوو بریاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆرش ژمارە ٢٠٨ لە ٧-٢-٩٨٠ کارێکی گەورەی هەبوو بۆ ئیشکردنی ٢٣٠٠٠ پەککەوتە لە دەزگاکانی دەولەت وهەروەها دامەزراوی گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی لەبەر ڕۆشنایی بریاری سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە ١٠٦١ لە ١٠-٩-١٩٨٤ دەستی کردوە بەدامەزراندنی ژمارەی پتر لە پەککەوتەکان .

هەروەها بەرێز بەرێوبەری گشتی ووتی :-

- دەزگاکەمان خزمەت پێشکەش دەکات بۆ بەساڵچووان‌و ولێکەوتەکان. خزمەت بە (٧٠٠) لێکەوتەو بە ساڵچوو پێشکەش دەکات لە ئاستی ٨ بەشەوە بەغداو شارەکانی تردا ..

● **ئایا پەککەوتە چ زامنکردنێکی کۆمەڵایەتی یان تەقاویتی هەیە بۆ دابێنکردنی پاشەڕۆژی خۆی‌و خێزانەکەی .**

- بۆ دابێنکردنی پاشەڕۆژی پەککەوتە وا دەردەکەوێ کە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە ٢٠٨ لە ٧-٢-١٩٨٠ کە بەندەکانی ویاساکانی تەقاویت‌و زامنکردنی کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارەکان لە دەزگاکانی دەولەت‌و کەرتی سۆشیالیست ئەوانیش دەگرێتەوە .

وەبۆ دیاری‌کردنی جۆری پەککەوتەکە ، لێژنەیەکی تایبەتی هەیە سەر بە دەزگاکەمان پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشی دەروون‌و ئەقڵ‌و چاوو لووت‌و گوێ وگەروو تێدایە کە جۆری پەککەوتووی سەقەتیەکە دیاری دەکەن بۆ ئامادەکردنیان بۆ ئیشکردن ..

خەلاتی - پاشماوە

- هیدیکن یوکا وایێ بابانی ساڵ ١٩٤٩ لەسەر فیزیایی وەرگرت .

- لویس .ف لولواری ئەرجەنتینی ١٩٧٠ لکیمیایی وەرگرت .

- ماکس ئلری ژ ژێریا ئەفریقیا ١٩٥١ دەمەیدانا توژداربێدا وەرگرت .

- هەروەسا [د. محمد عبدالسلام]ی پاکستانی کەسێ دوماهیی‌یە دساڵیت حەفتبادا ئەف خەلاتە دەمەیدانا فیزیایی دا وەرگرت

- وەلی بناف‌و دەنگ ترین دەزگەهێت ئەف خەلاتە دەمەیدانا ئاشیتی‌دا وەرگرتین ئەفە بون .

١ - دەزگەها دەستوری دەولەتانە ئەوا لسای ١٨٧٣دا هاتیە دامەزراندن‌و لساڵا ١٩٠٤ خەلات وەرگرت .

٢ - مەکتەبا ئاشتیا جیهانی ئەوا لساڵا ١٨٩١ دامەزڕای‌و لساڵا ١٩١٠ خەلات وەرگرتی .

٣ - کومەڵگەها خاچا سورا دەولەتانە (جمعیە صلیب الاحمر الدولی) ئەوا ساڵا ١٨٦٣ دامەزڕای‌و خەلات ساڵا ١٩١٧و لساڵا ١٩٤٤ ی وەرگرتی .

٤ - مەکتەبا پەنابەرێت دەولەتان (نانسن) ئەوا ساڵا ١٩٣١ دامەزڕای‌و خەلات لساڵا ١٩٣٨ی دا وەرگرتی .

٥ - مەکتەبا مفاوض سامیا پەنابەرێت ولاتان ، ئەوا لساڵا ١٩٥١ی دامەزڕای و خەلات لساڵا ١٩٥٤ وەرگرتی .

٦ - صندوقا زاروکێ جیهانی (یونیسف) ئەوا لساڵا ١٩٤٨ دامەزڕای‌و خەلات ١٩٦٥ وەرگرتی .

٧ - ڕێکخراوا کاری ولاتان ئەوا ساڵا ١٩١٩ دامەزرای‌و خەلات ١٩٦٩ ی وەرگرتی .

ئەفەو ئەو کەسێن ساڵا پار ١٩٨٣ی ئەف خەلاتە وەرگرتی ئەفە بون .

- زانا (کینیث ولسون)ی ئەمریکی ئەف خەلاتە د مەمەیدانا فیزیایی دا وەرگرت.

- هەروەها (ئارون کلوچ)ی بەریتانی بجنسیی وژ ڕەگەز خەلکی ژێریا ئەفریقیا ،ئەف خەلاتە لسەر کیمیایی وەرگرت . هەروەها (گارسیا مارکوس)ی لسەر ئەدەبی ئەف خەلاتە وەرگرت، دیسا [جورج ستککری] دمەیدانا ئابورێدا ئەف خەلاتە وەرگرت .

- هەروەسا ستیقولی : (بنج سامونس - سون برجستروم - جون فان)ی ئەف خەلاتە لنوژداریی وەرگرت .

ئەز حەتا ڕوژا ئەفروژی حکومەتا مەلەکیا سویدی ڤی خەلاتی پێشکەش دکەت دمان مەیدانێت سەری دا ئەوێت مە ژی بەحس کری .

ژێدەر

مجله الثقافه العالمیه .. عدد -٨- سنه ثانیه جـ د ١٩٨٣ ص ١٤٨ - ١٥٠ .

تیشکی سەروی وەنەوشەیی‌و کلیلی ژیان لەسەر زەوی

سعید محمد حسین لەعەرەبی‌یەوە کردوویەتی بە کوردی ،

تیبێ لە زانایانی فیزیاوی‌و ئەستێرەناسانی سەر بە وەکالەی Nasa ی ئاسمانی ،دەریان خست کە زەوی دوای پێکهاتنی ڕاستەوخۆو بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر کەوتۆتە بەر تیشکی سەروی وەنەوشەیی .

لە ئەنجامی ئەو تیشکانە ، بە شێك لە ئۆکسجینی ڕووت [الاوکسجین الحر] لەگەڵ پێکهاتنی زەوی‌دا لە کاتێکی زۆر زوودا بە ناو هەوای سەرەتایی‌دا ڕەت بووە . ئەمەشیان بە هۆی شی‌کردنەوەی ڕۆشنایی ئەتۆمەکانی گازی کاربۆن‌و هەڵمی ئاودا . ئینجا زانا [Cuanto] - ٧]لە یاردەدەرەکەی دەریان خست بوونی ئەو ئۆکسجینە ڕووتە دوایی شی‌کردنەوەی ئاسنی ژەنگاوی‌و یۆرانیۆمی لێ کەرەوە لە سەردەمێکی زۆر کۆنی کۆنترین [بەردەنیشتووەکان] یان [الصخور الرسوبیه] بە دەست هێنا .

ئەدات بەڵام‌هەولی نەهێشتنی ڕوودنی ئەم کارەساتانە بۆتە هۆی کەم بوونەوەی ئەم ژمارەیە بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەم کارەساتانە ژمارەی بەرز بوەتەوە ئەویش کاتی دەست بەتاڵی خەڵکی تووشی ئەبن لە کاتی بەکارهێنانی مشاری کارەبایی یاخود چەقۆیەکی گەورە ... هتد .

عەمەلیاتی چاندنەوە یاخود گەڕاننەوەی بەشێکی هەر ئەندامێکی بچوك ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستەکان، لە فەرەنسا یەکەم عەمەلیات لە عەمەلیاتی جەراحەتی میکرۆسکۆبیدا دوو کۆسپی سەرەکی هەیە ڕێگەیان ئەگرێت ، یەکەمیان گەڕانەوەی ئەو بۆری خوێنانەیەو بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بکەونەوە کار ، ئەویتریان دورینەوەی دەمارەکانە کە ئەمەش کارێکی گرانەو ئەنجامەکەی زامن نییە .

جەراحەکان بۆیان ڕوون‌بووەتەوە کە هەر بەشێك داڕزابێت یاخود سووتا بێت ماوە هەیە چاکبکرێتەوە هەروەها پەنجە گەورەی پێ شوێنی پەنجە گەورەی دەست ئەگرێتەوە ، هەتاوەکو ماسولکەکانیش جێگای یەك ئەگرنەوە بۆ وێنە ماسولکەی قاچ ئەتوانرێت بەکار بهێنرێت بۆ دەست .

بۆ ئەوەی ئەم عەمەلیاتانە سەرکەوتوو بێت پێویستە ئەو بەشە بڕاوە یاخود ئەو ئەندامە پەڕیوە بخرێتە کستێکی پلاستیکیەوەو دەمەکەی دابخرێتو بخرێتە ناو بەفرەوە (بێ‌ئەوەی ئەو بەشە بەفری بەربکەوێت) شوێنە بریندارەکەش ئەپارازرێت بە پارچەیە سارخی بێ‌ئەوەی هیچ مادەیەکی لێ‌بدرێت ، بریندارەکە نابێت خواردن‌و خواردنەوە بخوات بۆ ئەوەی بەنج بەخێرایی بیگرێت، پێویستە شەوورۆژێك زیاتر، تێنەپەڕێت بەسەر ڕوداوەکەدا ئەگەر هاتوو دوای ئەم ماوەبە فریای کەوتن عەمەلیاتکردنی زەحمەتە .

پاش هەر عەمەلیاتێکی سەرکەوتوو بریندار لەسەدا شەست تا لەسەدا هەشتای وزەی ئاسایی ئەو ئەندامەی بۆ ئەگەڕێتەوە لەبەکارهێنانیدا ، تا ئێستا ڕادەی سەرکەوتنی ئەم عەمەلیاتانە گەشتوەتە لەسەدا هەشتا ئەم ڕادەیەش بەرادەیەکی بەرز دانەنرێت لە دونیای پزیشکیدا .

ئەوەی شایانی باسەو لێرەدا پێویستە بوترێ کە وڵاتەکەمان بێبەش نەبووە لەم جۆرە عەمەلیاتە سەرکەوتووانە ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٨٤دا دکتۆر علاء بشیر لە خەستاخانەی طوارئ رصافە دەستی کرێکارێکی بیانی گەڕانەوە شوێن خۆی لە کاتی ئیش کردندا پەڕی‌بوو ، هەروەها ئەمسائیش بێی چەپی، کرێکارێکی گەڕانەوە شوێن خۆی لە کاتی ئیشدا لە ئەبو غرێب پەڕی بوو .

ئامادەکردنی

هێرش محمد امین

لەهۆزانی بەرهەڵستکاری ئێرانی : — وەرگێڕانی : جەلال زەنگابادی

خۆشتم دەوێ ئەی کوردستان

کوردستانەکەم !
خۆشتم ئەوێ :
هاژەی ڕووبارکانت ،
بڵندی کۆسارانت ،
قەشەنگی نشێو و هەورازانت ،
لەگەڵ مێرغوزارانت ،
من لە تۆم و تۆ لەگەڵ منی ،
نیشتمانەکەم .

●

کوردستانەکەم !
خۆشتم گەرەك :
زێخ و چەگلی ڕۆخانەکانت ،
ڕۆخی سەوزی دەریاچەکانت ،
باڵندەکانت ،
ماسی‌یەکانت ،
چڕە جەنگەڵەکانت ،
گوڵیلکە خوێناوی یەکانت
ئەز ژ تۆم و تۆ لەگەڵمای ،
نیشتمانەکەم .

●

کوردستانەکەم !
خۆشتم دەوێ :
چامەکانت ،
سترانەکانت ،
سترانبێژەکانت ،
ئاوازەکانت ،
سروودەکانت ،
مەتەلەکانت ،
پەندەکانت ،
من لە تۆم و تۆ لەگەڵ منی
نیشتمانەکەم .

●

کوردستانەکەم !
خۆشتم ئەوێ :
لەم پەڕەوە بۆ ئەوپەڕ
بەهارەکانت ،
داستانەکانت ،
« بێستونەکەت » ،
ئەفیندارەکانت ،
جەنگاوەرەکانت ،
هەرگیز ،
ئازادبە ،
ئازاد بژی ،
ئازاد بمێنە ،
من لە تۆم و تۆش لەگەڵ منی
نیشتمانەکەم .

(*) ئەم هۆنراوە لە ڕۆژنامەی « کیهان — چاپ لندن » دا لە ڕۆژی ٢٢ شوباتی ١٩٨٤ بڵاوکراوە تەوە ، بەڵام ناوی هۆزانڤانەکە ئاشکرا نەکراوە .
— وەرگێڕ —

گەشتێك بە ناخی تەمەندا

جەمال بابان

بە بۆنەی ئاواستنەوەی باوکمەوە کە فەرمانبەری میری‌ی بوو، لە بەرزنجەوە بۆ عەربەتو لەبەر ئەوەی من لە پۆلی دوی سەرەتاییەوە دەرچووم بۆ پۆلی سێ‌و عەربەت تا پۆلی دووی لێبوو ناچار ئەبوایە بچومایە سلیمانی لەوێ بخوێنم .

بەڵام کەژ هاوین بوو ساڵیش بوو بە ١٩٣٧ . پشووی هاوین لە عەربەت مامەوە . لەبەر ئەوەی تەنهاو تاقانە کوڕ بووم لە ماڵەوە خۆم بێ ڕاگیر نەئەکرا ، هەرچەندە پێش ئەوەی بکەینە عەربەت گوێمان بە پیسی‌ی‌و کوشندەیی دوپشکەکانی ئاخنرابوو ، بەڵام من گوێم نەدایە، پەتم پچڕی‌و تێکەڵاوی ناو مناڵە ووردەکەی عەربەت بووم، باوکیشم دلی نەئەهات ڕێگام لێبگرێ چونکە پیاوێکی پڕ هەست و (واقعی) بوو ، ئەیزانی ، کەهەرگیز ناشێ لەماڵەوە بەند بکرێم ، ئەوەشی لەبەرچاوبوو کە یەك دوو مانگم ماوە لای ئەوان لە دوایدا ئەبێ لێیان دوربکەومەوەو بچمە سلیمانی . ئیتر هەر زووش منال لەگەڵ منالی تردا هاوڕێ‌یەتی پەیدا ئەکەن‌و یەك ئەگرن بەبێ ئەوەی پێویستیان بە پێشکەش کردن بە یەکو یا پێشەکی‌ی هەبێت ، منالیش لە عەربەت وەك هەموو منالێکی ئەوسای دەرەوە، ڕەش‌و ڕووت، سەریان قۆتی‌و پێیان پەتی ، چڵکن، هەر بەیانی کە لە خەو هەڵ‌ئەستان بەبێ ئەوەی دەموچاو بشۆن نانێکیان ئەگرت بەدەستەوەو ئەیان‌خوارد (بێ‌خۆری تریان نەبوو) . بۆ‌سەراویش ئەچوونە ئەو دەشتە چونکە بە بیرم نایەت ئەو ڕۆژە (توالیت) یاخود بازۆر زلی نەکەین (ئاودەستخانە) لە یەکێك لەو ماڵانەی عەربەتدا هەبوبێت، خۆ حەمام‌و سەر شۆلك ئەوە هەر هیچی کە نەبوو، پیاویش هەر لەو دەشتە یاخود ئەچوونە مزگەوت، ئافرەتیش بۆ کانی ژنان . بۆ (وصل) دەرکردنیش ئەگەر چلەی زستانیش بوایە، بۆ پیاو حەوزەکەی مزگەوت‌و بۆ ژنیش کانی ژنان زیاتر نەبوو ، ئەمە لە کاتێکدا کە حەوزی مزگەوت دوای ئەوەی (وصل)ی تێدا دەکرا، ئاوەکەی ئەهاتە ئەم دیو بۆ حەوزێکی تر،کە حەوزی دەستنوێژو ئاو لەدەم وەردان بوو، باقی ئەم ئاوەش ئەچوو بۆ ئاودەستخانەکان بۆ (تارات) کردن .

خواردنیشیان ئەگەر جگەلە نان‌و چایەکە ، شوربایەکی برنج یا ساوەر یانیسکی لەگەڵ بوایە، ئەوە زۆر بوو . مالی وا هەبوو (ئەمەش ڕاستە کە ئەیلێم) لەم جەژن بۆ ئەو جەژن، تامی گۆشتیان نەئەکرد . میوەش بریتی بوو لەو بارە تری‌و هەرمێ‌و شتی ترە کە لە شارباژێرو سروچکەوە ، خاوەنەکانی ئەیان هێنا بەڵام بە پارەیان نەئەدا، بەڵکو سەر بەسەر یاخود یەك بەدوو بەگەنم‌و جۆ، ئەیان گۆڕیەوە .

دە لەگەڵ ئەم کەمی خواردەمەنیەو پیس‌وپۆخلیە منالو گەورەیان تەندروستیان گەلێك لەمناڵو گەورەی شار باشتر بوو ، چونکە منداڵەکانی هاوڕێم یەکێکیان بەروژو بێ‌ئیش لە ماڵەوە نەئەمانەوە ، بەڵکو ئەوسا منداڵیان بەزۆری میریش هەر نە ئەنارد قوتابخانە ، ئەیان ووت ڕێی ئیشمان لێ‌ئەگرێت ، بەتایبەتی تا ئەوساش یەکێکیان پێ‌نەگەیشتبو لە قوتابخانەدا کە مانگانە وەربگرێ‌و جۆری ژیانی بگۆڕێ تا ئەوانی تریش بخوێنن‌و چاوی لێبکەن . منداڵەکانی هاوڕێم یەکێکیان شوان بوو ، یەکێکیان بەرخەڵەوان بوو ، یەکێکیان گێرەی ئەکرد ، یەکێکیان کێشەی ئەکرد ، یەکێکی تریان لەگەڵ باوکی یا کاکیا ئەچوون بۆ دارکردن لە چیا. بەو جۆرەو بەداخەوە هەرچی دارێك هەبوو ، هیچیان نەهێشتو چیاکانیان ڕووت کرد،کاتیك (دایەرەی غابات) کەوتە خۆی بۆ بەرهەڵستی‌ی داربڕرین کار لە کار ترازابوو ، ئێستا ناچار (غابات) خۆی دارئەچینێ بۆ ئەوەی سەوزبێ‌و گەورەببێ و هەوا بگۆڕێ .

من لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەم ئەچومە دەشت‌و چیاو بەرەو چەمی تانجەرۆ کە سەعاتیك بە ڕوپشتن لە عەربەتەوە دووربوو ، بێ‌ئەوەی گوێ بدەمە دوپشك‌و مارو گورگ‌و چەقەڵ کە ئەوسا بەڕاستی‌ی زۆر بوون . ئەنانەت چونکە منالی عەربەت بەروژ لەبەر ئیش‌و کار یاری‌یان پێ‌نەئەکرا ، جارجار بەشەو ئەچوینە دەرەوە ، هیچکار کە مانگەشەو بوایە ، یاری‌مان ئەکرد ، بەوەی باشبوو ئێستاش مارێك یا دوپشکێکی بەکەسمانەوە نەدا .

قەڵاکەی عەربەت :
بڕوانە ل ١٣

ئیان

« کاغەزەك ژ کچکەکێ
بۆ ئەڤینداریێ وێ
ل بەرەیاشەری »

ئەم هەر دوو دەستێ خو بدەبنە ئێك
دا ئەم چەپەریێ ت خو بدەبنە ئێك
نێ دەنگێ تە بیرا من دئینت
تێت و تە دگەل خو دئینت
دانا خەونا سپێدەیا عەیدێ یا خۆش
بوو رابوونامە لەگەل سەربازێ‌تمە یا خۆش
کۆڕێ وولاتی نەهێلین دوژمن سەر وە دابگرت
نەم هەمی دێ هاریکاریێ بێ کەین کوردو عەرەب
دائەم هەر دوو شەری بکەین لگەل دوژمنێ‌چەپەلئیرانێ
ئەم هەمی پێکڤە بێن سەر کەفتی بۆ وولاتێ عیراقێ
نە سەرشووری بئینە ڤە بۆ وولاتێ عیراقێ
خۆشی و دلێ مە سەرفراز بت بۆ عەردێ وولاتی
ناجی عگید الهاجانی

یادی «٤٩» ساڵەی

کۆچی دوایی زەهاوی

٢٣ی ئەم مانگە ڕێکەوتی کۆچی دوایی شاعیرو فەیلەسوف جەمیل صدقی‌زەهاوی ڕۆژی ٢٩ی مانگی زولحجە ساڵی ١٢٧٩ کۆچی ،ڕێکەوتی ١٨ی حوزەیرانی ١٨٦٣ز لە دایکبو باوکێکی کورد لەدایکبوە .

محمد فەیزی زەهاوی زانا کە موفتی بەغداد بوو لە خێزانێکی خانەدانی کورد بوە بۆیە پێی دەووترا زەهاوی چونکە سەر بە ناوچەی «زەهاو» بوو . زمانی کوردی‌و تورکی زانیوەو پێیانی نووسیوەو زۆر پلەو پایەی لە ئەستانەو بەغدا پێدراوە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیەکاندا ، تەرجەمەکردنی زۆربوو هەندێکیان چاپکراون‌و هەندێکیش دەسنووسە ئەمەش هەندێ لەو بەرهەمانەن :

دیوانی — الکلم المنظوم — دیوانی — بعد الدستور — هواجس النفس ، بقایا الشفق ، رباعیات الزهاوی ، الشذرات ، عیون الشعر ، کتاب الکائنات ، الفجر الصادق ، کتاب الجاذبیە وتعلیلها . کتاب الدفع الئعام والظواهر الطبیعیە والفلکیە— کتاب فی العاب الدما ،دیوانی الاوشال — ودیوانی اللباب .

زەهاوی شاعیر لە تەمەنی پەنجاوپێنج ساڵیدا پێی چەپی تووشی ئیفلیجی دەبێت و لە کارکردنی خست بەڵام سەرەڕای ئەوەشی چالاك بو لە ئیشکردندا ، لە نێوان خۆی‌و شاعیری گەورە مارف ڕەسافی بەربەرەکانی شەرفمەندانە ڕوویدا .

لە ٢٢ شوباتی ساڵی ١٩٣٦ کۆچی دوایی کردو ماتەمینێکی گەورەی بۆ بەسترا لە ساڵی ١٩٣٧ زۆربەی شاعیرە گەورەکانی وولاتانی عەرەب تێدا بەشداریان کرد . لەو ڕۆژانەدا دیوان‌و ڕۆژنامەکان بە شیعری زەهاوی دەڕازانەوە دەربارەی ئافرەت ،و دوورخستنەوەی زوڵم‌و زۆری کۆنەپەرستی‌و کۆنەپەرستان لێی ،و شیعرەکانی وەکو قەمچی وابوو لە سەرگازی پشتیان لەوانە «ارملە الجندی» و (طاغیە بغداد) و (سلمی) بێگومان زەهاوی زۆر بەوە دلخۆش بوو کە بانگهێشتنەکەی ئەنجامی دابە دەستەوە بۆ سەربەستی ئافرەت‌و فێرکردنی — دەربارەی زەهاوی شاعیر ووتوویانە :—

ڕۆژنامەی عێراق لە ژمارەی یەکی کانوونی دووەم ساڵی ١٩٢١ بە پێنووسی ابن الدوح دەڵێ :—

ئەوەی ویستی دابیهێنێ لە شیعری فەیلەسەفی دایهێناوە چونکە فەیلەسوفی شاعیر ، باخود شاعیری فەیلەسووف ، ئەگەر شاعیرێك لە وەسفدا پێسی‌کەوتبێ لە حیکمەت‌و فەلسەفەدا خۆی لە قەرەبی نادات‌و ، ناگاتە ڕادەی شیعری لە ڕێکخستنی‌و شیعرەکەی تامێکی تایبەتی هەیە .

یەکەمین عێراقیە بگرە یەکەمین ڕۆژهەڵاتیە لە زانستی سروشتی کۆلیوەتەوە بۆ‌ئەوەی لەسەر دەستی مامۆستایەك فێربووبێت ، ئەگەر بهاتبایە ئەوەی بۆ لێهاتووەکانی ڕۆژئاوا هەڵکەوتوە بۆ لێهاتووەکانی ئێمە هەڵبکەوتبایە ، زەهاوی ئێمە لە (داروین) و (نیوتن)و (سنبسر) و کەسانی تر بایەی کەمتر نەدەبوو .

شاری بەغدا تەرمی زەهاوی نەمر بەڕێ دەکا

زەهاوی شاعێرێکی شۆڕشگێربووو شاعیرێکی وژدانی‌و نەتەوەیی‌و مرۆڤایەتیە لە هەمان کاتدا ، ئەمەش نیشانەی دل گەورەی تێڕوانینەکانی‌یەتی بەڵام دەیویست پتر بێت لە شاعێرێك .

(حارث الراوی)

ئەگەر پیانەوێ ستایشی زەهاوی بکەین‌و یادی نەمر بکەین ، دەبێ قوتابخانەیەك بەناوی بۆ کچان لە شوێنی لەدایکبوونی دروست بکەین‌و ،فێری هونەری ئەدەب‌و زانیاریان بکەن ، کە دەبێتە پارێزگاری ڕۆحی‌و ناوی بەسەر هەموو زارێکەوە .

دە. عبدالرحمن شهبندر

زەهاوی ئەو شاعیرە داهێنەرەیە کە بیرەوەری ئەمڕۆکە تۆمار دەکەین وەکو شاعیرێکی فەیلەسوف‌و کۆمەڵایەتی‌و ئاواتی سەرکەوتنی مرۆڤایەتی بوو کە هەڵقووڵاوی ڕۆحێکی پاك‌و بێگەرد بووو داوای تازەکردنەوەو پێشکەوتنی دەکرد .

باوەڕ باران و خور

لە ئەفسانەیەکی کوردی‌دا

مرۆڤی چاخ‌و سەردەمی کۆن بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە ئەفسانە بەستبو ، دوور لە مرۆڤی ئەم چاخە کە پشت بە زانست دەبەستێتەوە ئەو سەرۆڤی چاخە کۆنەکان— هەمیشە ڕووداوو کارەساتەکانی دەوروبەری بە ئەفسانە ڕاڤە دەکردو ، هەر کاتێك کە بیرو مێشکی لە مەسەلەیەکدا ئالۆز بووبێت یەکسەر چەندانێك لە کۆمەڵ ژیرانە پەنایان بردوەتە پال قەڵای سەختی ئەفسانەو تەنیا پەیوەستێ کە بەکاریان هێنا بێت خەباڵێکی فراوانی شاعیرانە بوە ، لێرەشدابا شاعیران زویر نەبن چونکە یەکەم : بەرهەمی یەکەم قوڵپی دەروون‌و ساوایەتی مرۆڤ — هەروەکو لێکۆڵەرەوان ئاشکرایان کردوە — شیعرە ، دووەم : کەس نکوولی لەوە ناکات کە تا ئێستاش خەیاڵ هاوڕێ‌و هاوسەری دڵسۆزی شیعرە .

کورد وەکو هەموو گەلێکی خاوەند مێژوویەکی دێرین کە ڕەگ‌و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ مێژووی پێش ئیمرۆ، بێ گومان ئەمرۆو دوێنێ بە ئاسانی لێك ناڕازێن، ئەگەرچی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان تا ڕادەیەکی دوور چوونەتە نێو جیهانی پرشنگداری زانست‌و بیری هاوچەرخەوە ، بەڵام هێشتا ژیان‌و کەلەپووری نەك هەر سەدەکانی ناوەڕاست ،بەڵکو پێشتریش بەدی دەکرێن لە مێشکی پیرو بەساڵا چووانی خەڵکی کوردا . لێرەشدا من کە ئەفسانەیەکی کوردیتان بۆ دەگێڕمەوە ، جاشا لەوەی کە بتوانم بە تەواوی بۆتانی شی بکەمەوە ، بەڵام چاکترە کە چەند ووشەیەکی لە بارەوە بڵێم ، لەم ئەفسانەیەدا سێ هێزی (باو باران‌و خۆر) داو دەهاونە داوی مرۆڤێکی شوانکارەی کوردو ئەویش خواو ڕاستان بە زیرەکی‌ی خۆی یا بە ڕێکەوت لایەنگیری یەکیان دەبێت‌و بەمە کۆی خۆی دەباتەوە ، هەڵبەت ئەمە لە هەمان کاتدا دەربڕینی بیرو باوەڕی کوردە لە بارەی ئەم سێ هێزەو توانا‌و زەبری هەر یەك لەم سێ هێزەیە .

ئەفسانەکە بە کورتی دەڵێ : ڕۆژێکیان سێ پیاو میوانی مەڕدارێك دەبن‌و ئەویش کاوڕێکیان بۆ سەر دەبڕێت ، سێ میوانە لە پاش نان خواردن لە نێو خۆیاندا دەکەونە مشتومڕ هەر یەکەیان دەڵێ لەبەر خاتری منە کە شوانە ئەم کاوڕەی سەربڕی ، تا لە ئەنجاما دەڵێن با بە شوانە بڵێین کە ئایا لەبەر خاتری کامیان ئەو کاوڕەی سەربڕی؟ شوانە لە وەڵام دا دەڵێ :من لەبەر خاتری هەر سێکتان سەرم بڕی ، بەڵام کابراگەل بەو وەڵامە رازی نابن‌وپێ دادەگرن کە هەر دەبێ لەبەر خاتری یەکیان کاوڕەکە سەربڕدرابێت ، کابرای شوانە ناچار دەڵێ : بابە لەبەر خاتری ئەوە سەرم بڕیوە ، ئەوەش تومەز کاکی (با) دەبێت ! بۆیە دوو کابراکەی کە ، کە یەکیان باران‌و ئەو دیکەش خۆر دەبێت لێی بەڕقا دەچن‌و هەڕەشەی لێدەکەن بۆ بەیانی ، با بە شوان دەڵێ : گوێ مەدەرێ بەبانی زۆر دەوارو رانە مەڕەکەت بەرە هەورازێك‌و ترست نەبێت ، شوانە بەیانی چووە سەر گردێك‌و باران دای‌دا ئێستا دەیکا نائێستا ، بەڵام بارانەکە بێ با بوو ، بۆیە هەرچەند کە باری کاری لە شوانەو رانە مەڕەکەی نەکرد چونکە بارانی بێ با زۆر بەکار نییە ، باران هیچی بۆ نەکرا نۆرەی خۆر هات ، خۆر هەڵهات‌و تا دەهات لە گەرمەوە بۆ گەرمتر دەچوو کابرای شوانە لا دەوارەکەی کردەوەو بایەکی فێنك هەڵیکرد ، هەر چەندە خۆر تینی دابە خۆی کاری لە مام شوان نەکرد ، سەرەنجام کابرای شوانە سەرفراز بوو .

تاریق کاریزی — کەرکوك

داهو دەزگا ڕۆشنبیری‌یە کوردی‌یەکانو

چلەی ماتەمی دانای کۆچ‌کردو علاءالدین سجادی

ئێوارەی پێنج شەممەی‌رابووردوو ، هەموو داهو دەزگا ڕۆشنبیری‌یە کوردی‌یەکان پێکەوە ، لە هۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی‌لە بەغداد، چلەی ماتەمی دانای کۆچ‌کردو علاءالدین‌سجادی‌یان ساز کردو ژمارەیەکی زۆر لە کاربە دەستانی داهو دەزگاکانی وڵات‌و کاربەدەستانی داهو دەزگاکانی ئۆتۆنومی ناوچەی کوردستان‌و ئەدیب‌و ڕۆشنبیرو جەماوەرێکی زۆر ئامادەی بوبوون .

ئاهەنگی چلەی ماتەمەکە بە خوێندنی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەستی پێ کردو دوایی وەستان دەقیقەیەك بۆ ڕێزی گیانی پاکی کۆچ کردوی ئەدەب‌و ڕۆشنبیری کوردی دانای نەمر علاء الدین سجادی .

ئینجا دەست کرا بە پێشکەش‌کردنی ئەو وتارو باسانەی بۆ ئەم بۆنەیە ئامادە کرابوون‌و لەوانە وتاری مامۆستا شێخ محمد طە بالیسانی‌و وتاری داهو دەزگا ڕۆشنبیری‌یە کوردی‌یەکان کە کاك لطیف عبدالمجید خوێندی‌یەوەو وتاری د. محمد شریف احمدو د. احسان فوادو هونراوەی مامۆستا جەلال حنفی‌و مامۆستا محمد جمیل ڕۆژبەیانی‌و د. عزالدین مصطفی رسول‌و مامۆستا جمال بابان‌و مامۆستا مصطفی نەریمان‌و د. شکریە رسول‌و هونراوەی مامۆستا عبدالرحمن موفتی‌و کاك ممتاز حیدری‌و لە دوایدا وتاری بنەماڵەی خوالێ خۆشبو .

بەرنامەی چلەی ماتەمەکە لە لایەن ماموستا مصطفی صالح کریمەوە پێشکەش دەکرا کە لە نێوانیاندا دەقی بروسکەی (ماموستا یحی رشید جاف سەرەکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی کوردستان‌و دەستەی نووسەرانی کاروان‌و کۆڕی زانیاری عیراق‌و ئەو بروسکەو نامانەی تری خوێندەوە کە بەم بۆنەیەوە نێردرابوون .

سەرجەمی وتارەکان مدحی ڕەنج‌و تەقەللای نەمر سجادی یان دەکرد لە خزمەتکردنی ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی کوردیداو ئەم هەنگاوە بەتەنگەوە هاتنی دڵسۆزانەی ئەو ڕەنجەی مامۆستای کۆچ کردو بوو .

ژ تۆرێ ئەهانی

هۆزانا :
قیلهتلم گوندهاردت
وەرگێرانا :
«خالد محمد خالد» ی
ژ زمانێ ئەهانی

دەمی بەفر جارینکی دبارێت

— ١ —

دوهی ب شەڤ
لتاریێ ....
بەفر باری
چۆڵ‌و چیایێن تە وەلاتۆ ..
زەڤی‌و شیڤێن تە وەلاتۆ
کراسەکێ هندی بێژی
گەلەك ژێهاتی‌و سپی
لەبەر بەژن‌و بالا ....
خو بێ کری ،
باو باڕوڤا
بەاکێن زەرو دامای ،
وەراندن‌و .... تێك وەرکرن
لسەر ڕێك‌و ڕێبازو بەرلێڤا .

— ٢ —

گافا سپێدە لمن هاتی
ژ خەو هشیار بوم ،
هێشا زوی
من دەستدا پەنجەرێ‌و ئەکر
بەفرێ
بمن کرە کەنی‌و ... گرنژی
لسەر لێڤێن من ژی
گرنژین‌و ... کەنی
لەیزی ... لەیزی .

٣

وەلاتێ من
لئاسمانێ تە
هزار ستێر د برقین
لدور کانیێن ئافێ .
بەفرێ ....
دیلان‌و شاهیبا گرێدای ،
لسەر خولپێن دارا
بەفرێ ..
یا بالدای
بێهنا خویا ئەدای .

— ٤ —

ل هەمی جها
ل هەمی وارا
وەلاتێ من
تە کراسەکێ سپی‌یێ ...
لبەر خۆ کری
ساکۆیەکێ دبەژن‌و بالا ..
خۆ وەرکری
ئەو ساکو
یێ کەتی‌یە سەر هەمی ..
باخ‌و بیستانا ،
لسەر تەف زەڤی‌و شیڤێن
تە وەلاتۆ .

— ٥ —

بەلێ وەلات
باش بزانە
لبن تلخو ، تۆیخێت بەفری
تۆڤێ هی
ڕۆژ دێ هەلێت
بەفرا لسەر ...
چۆڵ‌و چیایێن تە وەلاتۆ
لسەر زەڤی‌و شیڤێن ...
تە وەلاتۆ
هەر دێ حەلیێت
توڤێ مە چاندی
ژ بو ڕۆژ هەلاتی ،
دێ گرنژیت‌و کەنیت
دێ بیت بهار
بهار دێ زێت
بهار دێهێت
بهار دێهێت

Institut kurde de Paris

خوێندن لە سەردەمەکانی عیراقدا

ئومێد کاکەرەش

نەوەی ناشکراو ڕوونە هەر لە کۆنەوە نەخوێندەواری گەورەترین کۆسپ بووە لە ڕێگای گەشە کردن و پێشکەوتنی کۆمەڵدا . زانایان و شارەزایانی خەریك کردووە بەوەوە کە لە ناوی بەرن و بە تەواوی ڕەگی ژەهراوی لە هەموو کون و قوژبنێکی وڵاتدا هەڵکەنن ...

عێراقیتی کە سەرچاوەیەکی تیشك دانەوەی بیرو زانست بووە لە وڵاتە عەرەبیەکاندا هەر لە سەردەمی ئیسلامەتیەوە تا سەردەمی عەباسیەکان بایەخی داوە بە فێربوونی گەورە و بۆ ئەم مەبەستە زوربەی مزگەوت و حوجرەکانی تەرخان کردبوو . خەڵکیش بە بەڕۆشەوە بە دوای خوێندن و زانیندا دەگەڕان و دەبان ویست فێرون بەڵام کە هێرشی مەغولیەکان هاتە سەر بەغداد و دەستەڵاتی عەباسیەکانی تێکدا و حوکمراتیەکەی لە ناو بردن و شارەکانی وێران کرد بە تەواوی باڵی ڕەشی نەزانین عیراقی داگیرکرد و دوا بە دوای ئەویش دەستەڵاتی ئیمپریالیزمی عوسمانی بە ئێجگاری عێراقی خستە سەردەمی تاریکی و دواکەوتویی و نەزانینەوە . نەخوێندەواری بە تەواوی باڵاوبووبوەوە ، و سەرانسەری وڵاتی گرتبووەوە . دەتوانین بڵێین لە سەردەمی حوکمی عوسمانیەکاندا کە ماوەیەکی دوور و درێژ حوکمرانی عیراقیان کرد خوێندەواری پەرەی نەسەندبوو ، تەنها چەند قوتابخانەیەك و ئامۆژگایەکیان کردبووە بۆ منداڵی فەرمانبەرە گەورەکانی تورك و ئەو عێراقیانەی کە لە ئەستەنبول وەیان خوێند ، وە ماوە نەدەدار بە ڕۆڵە عێراقیەکان کە بخوێنن و بە ئاوات و مەبەستی خۆیان بگەن ، لەگەڵ ئەوەشدا پڕۆگرامی ئەو کاتە پەیوەندی دار بوو بە بیروباوەری عوسمانیەکانەوە و لە مەودابەکی تەسکدا دایان نابوو وە هیچ گۆرانکاریەکیان تێدا نەدەکرد ، تا سەردەمی مەدحەت پاشا کە حوکمرانی بەغدادی گرتە دەست چەند گۆرانێکی لە بەشی کارگێڕیدا کردو ژمارەی قوتابخانەکانی زیاد کرد .

بە کورتی بڵێین شێوەی خوێندن لەو ماوە دوور و درێژەدا کە حوکمی عوسمانیەکانی تێدا کرا باش نەبوو سەرەڕای ئەو دواکەوتنەی کە عیراق بە دەستیەوە دەیناڵاند لە ڕووی ئابووری و ڕامیاری و شارستانیەوە ، بایەخ بە نەهێشتنی نەخوێندەواری نەدەدرا تەنها هەندێ جموجۆڵی نەبێت کە لە ژووری مزگەوت و حوجرەکاندا بەدی دەکرا ئەویش بریتی بوو لە فێرکردنی قورئان و هەندێ باسی ئایینی و خوێندنی هەندێ کتێب کە پەیوەندی داربوو بەو سەردەمەوە و دەستەڵاتەکەیەوە وە لە هەندێ شوێنیشدا هەندێ بابەتی سەربازی دەخوێندرا کە پەیوەندی داربوو بە بارو زروفی ئەو کاتەوە . دوا بە دوای ئەویش خوێندن لە سەردەمی حرکمی بەریتانیادا (١٩١٧) عیراق هیچ گۆرانکاریەکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەدی و ئەوەندەش بایەخی بە خوێندەواری نەدا و سوور نەبوو لە سەری و بودجەیەکی ئەوتۆیان بۆ تەرخان نەدەکرد کە هەموو پێویستیەکی پێ دابین بکرێت لە بەر ئەوە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی نەخوێندەوار لە عێراقدا زیادی دەکرد . ئەگەر مەبەستیان بوایە فەرمانبەر فێربکەن و پێیگەیەنن وا چەند کەسێکیان کۆ دەکردەوە لای شارەزایەکی خۆیان بە پێی پێویست و لە سەر ڕێبازی ڕامیاری خۆیان پێان دەگەیاند و هەموو ئامانجێکی پەروەردەیان لا دەخست ، وە لە ڕووی سەربازیشەوە ئەوە زورترین بایەخیان پێدەدا و چیان بویستایە بۆیان دابین دەکرا لە بێناوی بەڕۆوەندی دەستەڵات و مانەوەی خۆیاندا و ئەو شوێنە گرنگانەی کە پێویستیان بە کرێکار بوو وەکو ڕێگای ئاسن و بەندەرەکان و کۆمپانیای نەوت وە لە ژێر دەستی بەریتانیەکاندا فێر دەکران و پەیرە و پڕۆگرامیش لەسەر ئاوات و خواستی دەستەڵاتی خۆیان دانرا بوو ... بەڵام عێراقیە نیشتمان پەروەرەکان بەو ژیانە ڕازی نەبوون و خەباتیان دەکرد بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانیان و داوای فێربون و پەروەردەکردنێکی ڕاستیان دەکرد کە ببێتە پشتو پەنای میللەت و بەو هۆیەوە ڕێگای پێشکەوتن بگرین و وڵاتی پێ پێش بخرێت . وە هاواریان دەکرد قوتابخانە بکرێتەوە لە هەموو لایەتی وڵاتدا و مامۆستای شارەزا و نیشتمان پەروەری بۆ دابنێن و پلان (خطە) دابێن بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری کە بە شێوەیەکی سامناك بڵاوبووبوەوە و گەورەترین سەرچاوە بوو بۆ دروستکردنی کۆسپ و ناهەمواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و گەورەترین ڕووگەشی دواکەوتنە لە وڵاتا ؛ هەموو نیشتمان پەروەرەکان خاوەنی یەك هەڵوێست بوون و هاواریان دەکرد بۆ ڕاپەرنێکی پەروەردەی و چیان لە توانادا هەیە دریغی تێدا نەکەن . ئەگەر چی ئەو نیشتمان پەروەرانە هەر لە ساڵی ١٨٧٠ وە هەوڵیان داوە نەخوێندەواری لەناودا نەهێڵن و مامۆستا ئایینیەکان پێشڕەوی ئەم کارە بوون و هەر ئەمەش بوو وای کرد کە لە ساڵی ١٩٢٢ دا ئامۆژگای زانستی دامەزرا و لێکیان تێدا کردەوە بۆ مەبەست و ڕاپەراندنی ئیشوکاری نەهێشتنی نەخوێندەواری وە کاتێك عێراق سەربەخۆی بە دەست هێنا لە ساڵی ١٩٣٢دا دەستی کرد بە دەرخستنی هەندێ چالاکی و گرنگی دا بە خوێندن و ڕادەی ڕۆشنبیری تا ڕادەیەك بەرز کردەوە و هەندێ گۆڕانکاری لە پروگرامەکاندا کرد و شێوە و ڕێگای نوێ خوێندنی هێنایە ناوەوە و بابەخی دا بە مامۆستا و شارەزایانی خستە بۆتەی کارەکەوە و باری ژیانی خەڵکەکەی گۆری و ژمارەی قوتابخانەکانی زیاد کرد و گرنگی پێدا بە تایبەتی لە بەغداد و موسل و بەسرە و کەرکوك و لەو ماوەیەشدا هەندێ جموجۆڵی درا بە نەهێشتنی نەخوێندەواری و نزیك بووە لە هەست و هۆش و بیری نیشتمان پەروەرەکان و تا ڕادەیەك کاری کردە سەر بساری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی . لە بەر ئەوە پارتو ڕێکخراو و کۆمەلە کۆمەڵایەتیو ئایینیەکان و دانیشتوان خۆیان خستە بۆتەکەوە و بەشداریان تێداکرد و مەلبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە زوربەی بارەگا و نادیو ڕێکخراو و شوێنە سەربازی و پولیسیەکاندا کرایەوە ،جگە لەوەش لە مزگەوت و حوجرەکان و کەنیسەکاندا بە تەواوی گرنگی پێدرا وە نەخوێندەوارەکان بریتی بوون لەو کەسانەی کە کاری هەمە جۆرەیان دەکردو لە تەمەندا جیاوازیان هەبوو لە تەمەنی منداڵیەوە تیدا بوو تا تەمەنی (٧٠) حەفتا ساڵی وە هەر ئەم نەخوێندەوارانەش بوون پێویستی مەلبەندەکانیان دابین دەکرد وەکو ، چرا و لوکس و کورسی و مێز و زۆر جار خانویان دەبەخشی و کرێی خانوەکانیان دەدا ، لە مەدا ڕووناکبیران دەورێکی سەرەکیان دەبینیو خەڵکیان هاندەدا بۆ خوێندن و خوشیان وانەیان دەوتەوە بە خۆرای . چونکە ئەو پارە و پێویستیەی کە حوکومەت دەیدا زۆر کەم بوو ئەویش بۆ ئەو مەلبەندانە بوو کە لە سەربازخانە و پۆلیسخانەکاندا کرابونەوە کە مەبەستیش لەوە بەرزکردنەوەی پلە و پایەی موچە خۆرەکان بوو تا ڕادەی باری کۆمەڵایەتیان باشتر بێ .

وە بەرزترین دەستکەوتی ئەو ماوەیە لە بواری نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی کەورەدا ئەوە بوو کە «ئامۆژگای زانستی»یان دروست کرد وەك لە بێشەوە باسمان کرد کە ڕێکخراوێکی میللی بوو حوکومەت بە هەندێ پێویستی یارمەتی دەدان ، بەڵام کارێکی زۆری کردبووە سەر هەست و هۆشی خەڵکی ،

لە چلەکاندا دووبارە جۆرە سستیەك ڕووی کردەوە جوڵاندنەوەی فێربون لە عیراقدا و نەهێشتنی نەخوێندەواریشی کردەوە کە ئەمەش بە هۆی جەنگی جیهانی دووەمەوە بوو کە چەندەها گیروگرفتی بەجێ هێشتبو کە کاریان کردبووە سەر وڵات لە ڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاریەوە کە ئەمەش بودجەی دەوڵەتی کەم کردبوەوە و باری ژیانیش گۆڕا بوو ، گوزەرانیش گران بوو لە بەر ئەوە ژیارەی ئەو کەسانەی پەرۆشی خوێندن بون کەم بوو بوەوە .

بەڵام لە کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکاندا دورباره جوڵاندنەوەی نەهێشتنی نەخوێندەواری

بروانە ل١٣

لاپەڕەیەك لە مێژوو

نووسینی حسین احمد جاف

هەشتا ساڵ پترە ، باسی (قەتڵ وعام)ی ئەرمەنەکان دەکرێ ... تەنانەت هەندی لەمێژوونوسە کوردەکانی ئەم دواییەش خەتای ئەو ڕووداوە خوێناویانە تێکڕا ئەدەنە پاڵ کوردە لەو سەردەمەدا ، بەڵێ لەوانەیە هەندێك لە نەفامو نەخوێندەوارو دواکەوتوو پاڵپێونراوەکانی ئەو عانو زەمانە ڕۆڵێکیان تێدا بینسیبێ ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ، هێندێ بەڵگەی مێژوویو واقیعیمان بەدەستەوە هەیە ، ئەگەر بەتەواوی ئەو مەسەلەو کارەساتانە بدەینەپاڵ کورد بەگشتی .

ئەگەر ئەو مەسەلەیە خەتا نەبێ ئەوە خۆ هەڵەیەکی ئەوتۆیە لەبەر ئەم دوو هۆیەی خوارەوە :. یەکەم :. لەناو کوردداندا مەسەلەی جیاوازی ئایینی نەبۆتە گیروگرفتو هۆی ئەوەی ژیانو گوزەرانو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ناو خەڵکەکەی خۆماندا تێکو پێك بداتو بشێوێنی . جا بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی ئێمە دەیەها سەرچاوەی بێگانەمان لەبەردەستایەو ئەتوانین چاویان پیابخشێنینو لەم مەسەلەیە بەتەواوی تێرو تەسەلی بکەین .

دووەم چەن سەرچاوەیەکی مەوزووعی تری بێگانە هەیە کەئەك هەر تەنها بەرگری لە گەلی کورد دەکەن بەڵکو زیاتریش زۆربەی خەتاکە ئەدەنە پاڵ ئەرمەنەکان خۆیانو ئەوەش ئەڵێن کەوا هەڵەی هەندێکیان وای لێکردن بە پیلانی بێگانەکانی وەك ئینگلیز یا هەندێ لایەنی‌تر هەڵخەڵەتێنو بە دوای کڵاوی بابردوو بکەونو هیچ جۆرە بایەخێك بەمافی دەراوسێتی لەگەڵ کوردە هاونیشتمانەکانی خۆیاندا نەدەنو پەیوەندی هەزارەها ساڵیان لەگەڵیاندا پشتگوێ بخەن . جا بۆ ئەوەی چەن لاپەڕەیەکی شاراوەی ئەو ڕووداونە بخەینە پێش چاوی خوێنەری بەڕێزەوە ، حەز ئەکەم چاوێ بەم چەن هەڵبژاردەی لای خوارەوە .. بگێڕین.

کورد ئەوەتی هەیە ئەگەر دەراوسێ پەرست نەبووبێ خۆ هەر دەراوسێ دۆستبووە ئەمەش نەك هەر وەك نەریتێکی کۆمەڵایەتیو نیشتمانپەروەری پەیڕەوی کردووە ، بەڵکو زیاتریش وەك دیاریدەیەکی هەرە زیندووی ژیانیو ئەخڵاقی کۆمەڵی کوردەواری ئەم ڕێبازەی دوایی هەڵبژاردووە . کورد ئەوەتی هەیە هەمیشە پەیوەندیەکی مرۆڤانەی نموونەیی لەگەڵ ئەوانەی دەوروبەری‌دا هەبووە ،

یا چەن لاپەڕەیەکی یادداشتەکانی (نوئێل)ی کوردناس هەڵبدەینەوە تایزانین چۆن باسی کورد ئەکاتو چ جۆرە پەیوەندیەکیان لەگەڵ ئەرمەنی‌یەکاندا هەبووە . لە یادداشتی ڕۆژی (١٨) ئەیلولی ساڵی ١٩١٩دا ئەڵێ :ـ

دێی پریمان مان بەجێ هێشتو لەپاش چەن کاژێرێك ، بەلەمێکی دێی (سامسات) ئێمەی پەڕاندەوە چەن ماڵێکی ئەرمەنی لەم دێیە نیشتەجێن ، ئەم ماڵانە بەهۆی یارمەتیو پەنای (حاجی شیخ ئاغا)ی سەرخێڵی عەشرەتی (بێزك)ەوە لەکوشتن مسۆگەر ڕزگاریان بووبوو ، ئەو سەرخێڵە جلو بەرگو ناوی کوردی لێنابوونو لەناو خێڵەکەیدا حەشاری دابوون ، ئەم ڕاستیانە ، (ئیستیڤان) ناوێك کەخەڵکی دێی پاڵۆی ئەرمەنی‌بوو بۆی گێڕانیەوە کەکاتی خۆی لەکارەساتی کۆشتاری ئەرمەنی‌یەکاندا لەدێی حوسنی مەنسوورەوە هەڵهاتبووو خۆی کەیاندبووە پەنای حاجی شیخ ئاغاو ئەمیش پیاوانە هات بەتەنگیانەوەو (ئیستیڤان)و خێزانەکەی پەنا دابوو . هەموو پێداویستێکی ژیانی بۆ ئامادەکربوون ئینجاش نوئێل ئەڵی :ـ

لەکاتی پەرینەوەمان لەڕووباری فورات ،ژنێکی ئەرمەنی هاتە ناو بەلەمەکەمانەوە ئەم ژنە وەك خۆی دەیگێڕایەوە خەڵکی ئەررۆم بووو لەبەهاری ساڵی ١٩١٥دا لەگەڵ کابوسی کوڕیداو چەن کەسێکی تردا هاتووئەتە دێی سامسات . کەدەگەڵ ئەو دێیە ، کورکەی واتە (کابوس) نەخۆش‌و لاوازو بێهۆش دەکەوێ ، ئافرەتەکە چاری نامێنێت بۆیە ئەیداتە دەستی یەکێ لەپیاوە ماقوولەکانی دێکە کەناوی (شێخ حەمەکە) ئەبێ شێخ حەمەکەبش خۆی ئاسایی ، زۆر بەمیهربانی‌یەوە دەیباتە لای خۆیو چاوداشنی دەکات ئافرەتەکە کە جارێکی‌وی گەڕایەوە بۆ (ئورفا) دەیویست کوڕگەی جێ نەمێنیت ، بۆیە ڕۆیشتەوە بۆ ناوچەی (سامسات)و بەتایبەتی بۆ ناوچەی پریمان ، شێخ حەمەکەبش پیاوانەو هیچ جۆرە پەلپو بیانوویەك ماکوڕەکەی بەپۆشتەو پەرداخیو لەشساغی دایەوە دەستی دایکی‌بەوە .

لێرەدا وەك نوئێل شی ،دەکاتەوە و ئەڵێ :ـ

پێویستە تەماشایەکی مەسەلەکە بەم شێوەیە بکەین ئافرەتێکی ئەرمەنی خۆی ئەخاتە مەترسی‌یەوەو ئەچێتە دێیەکی کوردەوە کەلەژێر دەستەڵاتی ئینگلیزدا نەبێ(٥) بۆ وەرگرتنەوەی منداڵەکەی . ئەوانیش بەبێ هیچ تەگەرەیەکو بگرە دەستی حورمەتیشی بخەنە سەرو منداڵەکەی بۆ بگێڕنەوە !! وە لەدواییدا نوئێل ئەڵێ :ـ منیش لەکوڕەکەم پرسی .

ـ کوردەکان لەگەڵتا باش‌بوون .

ـ جا بۆ باش نەبن ؟ خۆمنیش لەوانمو کوردم .

دایکی کوڕەکە دەیووت ئەوەندە بەمیهرەبانیو سۆزی باوکانە مامەڵەیان لەگەڵ کردبوو ، هۆگرو ئالۆودەی ئەوان بووبوو ، زۆر بە ستەم ڕازی بوو لەگەڵ منداد بگەڕێتەوە .

نوئێل لەسەر ئەم مەسەلەیە ئەڵێ:

هەندێ ئەرمەنی دیکە ئەم دەنگو باسەی ئەو منداڵە بەجۆرێکی دیکە دەگێڕنەوەو لەو بڕوایەدان کەگوایە ئەو منداڵە لەناو کوردەکانا بە چاوی کۆیلە تەماشاکراوەو بەهەوسی خۆیان ڕەتانووبانەو ئیشیان پێ کردووە ،بەڵام ڕاستی‌یەکی زەقی دیکە هەیە ئەو گەزافە لەبندا هەڵئەتەکێنیو بەدرۆیان دەخاتەوە ..ڕاستەیەکەش ئەمەیە : نرخی نانێك لەساڵانی ١٩١٧و ١٩١٨دا دوو شلن تا یەك پاوەند گەیشتووەو هەموو ڕۆژێك هەزارەها موسڵمان لەبرسا دەمردن ئەو دوو نموونەیەی کە لەسەر برایەتی کوردو ئەرمەن باسمان کردن نموونەی تاکو بێڕەگ نین ،لەو ناوچانەی کە کوردو ئەرمەنی تێدا دەژینو هاوبەشن ، دەیەها چیروکی سەیرتر لەهەموو کونو قوژبنێکدا دەبینی . سەرەڕای ئەو هەموو هەڵوێستە پاکو پڕ جوامێریانە لەگەڵ هاوسێ ئەرمەنی‌یەکان ، کوردەکان لەم ئاقارەدا هیچ شوڕەتو ناوێکیان وەدەست نەهێناوە .

کوردناسێکی دیکە کەبە (جی.ئی ئار) ناوی دەرکردووە خێڵەکانی کورد لەویلایەتی موسڵی عوسمانی‌دا ، خاڵێکی ڕووناکترمان دەخاتە پێش‌چاو، ئەو خاڵە ڕووناکەش هەڵوێستی مرۆڤانەی ئیبرایم پاشای میللی‌یە کە پێشەوایەکی کوردی ناسراوە ..بووە لەو سەردەمەدا . ئینجا بابزانین چۆن (ئی.جی.ئار) باسی ئەم سەرکردە کوردە مرۆڤەو هەڵوێستەکەی بەرامبەر بەئەرمەنەکان دەکات : ـ

ئەم سەرخێڵە کوردە بەناوبانگە پارێزەرێکی گەورەی مافی گاوورەکان بەگشتیو ئەرمەنەکان بەتایبەتی بووە . پاراستنو پەناپێدانی ئەرمەنەکان بەلای ئەم کابرایە نەك تەنها مەبەستبووە بەڵکو زیاتریش وەك نەریتێکی ڕەسەن پەیڕەوی کردووە سەرچاوە بێلایەنەکان ئەوە دەسەلێنین کەژمارەی ئەو ئەرمەنانەی کەئیبرایم پاشا لە مردن ڕزگاری کردوون لەدەهەزار کەس زیاترە لەنێوانی ئەو کارەساتە خوێناویانە کە بەدەسیسەی میری عوسمانی‌یەکان نەخشەی کێشرابوو . هەروەهاش نزیکەی بیست هەزار لیرەی ئەو سەردەمەی کردە سەروکاری بنیاتنانی کڵیسایەکی گەورە لە پایتەختی خێڵەکەی کەشاری وێران‌شاربوو ولەپاشی فەوتانی حوکمرانی‌یەتی ئیبرایم پاشاو تەروە نەبوونی هێزەکانی ،میری عوسمانی‌یەکان ئەو کڵیسایەی تێکو پێك داو تەنانەت خاکەکەیش بەتوورەکە کێشاو خشتەکانی‌یان بۆ سەربازگەیەکی نزیك گواستەوە .

خەڵاتی نۆبل

نجیب صالح بالایی

خەڵاتێ «نۆبل»ی پەیڤەکابلاڤە دناف خەڵکێ ئەدەب ناسو ئەدەب دوست‌وهندەك لایەنێت زانیاری‌و ئابوری ژی دا ، چێدبیت‌باهرا پتر ژخەڵکی گوهلقی خەڵاتی بوی بیت ، وەلێ ئەزباوەر دکەم کو کێم کەس هەنە بدرستی دزانن کا ئەف‌خەڵاتە ژ چ هاتەو چاوان پەیدا بویەو ، بوچی پەیدابویە و ؟ کی بو یەکەمین کەسێ ئەف خەڵاتە دای‌وبنافێ وی بەلاف بوی ؟.

لەوان گەرەکە لسەر مە ئەم بکورتی لسەر خەڵاتێ نوبلی باخفین‌و بو خویندەڤانێ کورد روهن‌و ئاشکەرا کەین.

ـ «خەڵاتێ نۆبل» دزڤرێتن بۆ ئەندازیارو زانایێ سویدی «برنارد نۆبل»ی ئەوێ ڕوژا ٢١ـ١٠ـ١٨٣٣ لبازێری «ستکهولم» پایتەختێ وڵاتێ سویدی هاتیە دونیایێ .

ـ نۆبل ئەندازیار بو ... کیمیاگەر بو .. هەروەسا وپیشەسازیێ دا ژی شۆل دکر داهێنەرەکێ گەلەك زیرەك بو مروڤەکێ کەد خوداو مالبات بۆ .. هاتیە نیاسین‌و ناز ناڤێ وی بۆ زانایێ دین (العالم المجنون)، پشتی کۆ کارخانا وی لساڵا ١٨٦٤ز پەفی‌و بۆیە ئەگەرا کوشتنا برایێ ویێ بچویك‌و چوار کەسێت دی .

ـ نۆبل شیا ساڵا ١٨٦٧ [دینامیتی] دەربینیت‌و هەروەها شیا بومبا (گلانیت) ژی دەربینیت لساڵا ١٨٧٦ز، دەرئینانا ڤێ بومبایێ کارەکێ مەزن کرە سەر خەڵکێ جیهانێ ، ئێ ئەف دەرهێنەرێت نۆبلی بەلاف بۆن‌و خەڵکێ بکارئینان بو کوشتنێ‌و خوین ڕێتنێ‌و هەرفتن‌و تێکدانێ . چەندەها مروف نێچون ژ ئەگەرا ڤێ بومبایێ .

پشتی ڤێ ئێکێ نوبلی بەرێ خۆ دایێ دێ قوتبرێا مروڤایەتێ هلیتە کرن بڤان هەر دوو دەرهێنەرێت وی بومبا دینامیت‌و بۆمبا گلانیت ئەوا پتر پرت .. پرت دبیت‌و پرچکیت وێ بکار ترە ئەفجا نۆبلی بەری مرنا خوە بریار داو سامان‌و پارێ خوە هەمی تەرخانکرن‌و کرن خەلات بو وان کەسا ئەوێت خزمەتا مروڤایەتیێ بکەن دڤان مەیدانادا :

ـ [ئاشتیا جیهانی ـ ئەدەبی ـ فیزیك ـ فسیولوجیا ونوژدار یێ .

ـ کیمیایێ ، هەر وەسا ئەوە ژساڵا ١٩٦٩ز وەرە ڤی خەڵاتی د ددەن وان کەسا وان دەزگەها ئەوێت د مەیدانا ئابوری دا خزمەتەکا باش پێشکەش دکەن ئێ ئەڤی خەڵاتی ئەوە ژ ساڵا ١٩٠١ێ وەرە پێشکەش

ـ دکەن‌و یەکەم کەسێ ئەف خەڵاتە وەرگرتی زانایێ فیزیکێ (رونتنجن) ێ ئەلمانی ئەوێ تیروشکا سینی [الاشعه السینیه] دائینای.. هەروەسا دڤێ ساڵێ دا زانایێ کیمیا گەرێ هۆزلەندی (جاکوبس ڤانت هوف)ی ئەف خەڵاتە لسەر دەستورێ زانیاریا دینامیکیا کیمیاگەری و یالەپەستوێ ئەسموزی وەرگرت ، پشتی ڤانا چەندەها زاناو کەسێت بابەبلند ئەف خەڵاتە لسەر ڤان چەند لایەنێت زانیاری‌و ئەدەبێ‌و ئابوری وەرگرتن ، وەلێ پشکا کەسێت جیهانا سیێ ژ ڤی خەڵاتی یا کێمەو بتنێ هندەك کەسێت دیارکری‌و بناڤ‌و دەنگ ئەف خەڵاتە وەرگرت ، ئەو کەس ژی ئەڤەنە :

ـ هوزانڤانێ هندی تاغوری لساڵا ١٩١٣ لسەر ئەدەبی وەرگرت .

ـ ڕومان ئقیسی شیلی (مسترال) ساڵا ١٩٤٥ وەرگرت ، .

ـ ئوستریاس گواتیمالی ساڵا ١٩٦٧ وەرگرت .

ـ هوزانڤانێ شیلی پابلو نیرودای ساڵا ١٩٧٢ وەرگرت

ـ هەروەسا لساڵا ١٩٣٠ دا (رامان الهندی) ژی وەرگرت .

بروانە ل١٣

Institut kurde de Paris

لەگەڵ کۆمەڵانی هەولێر ...

بەختەوەری سەرکەوتن لە ڕووی هەمووانداو دەگەشێتەوە

● لقی هەولێر ●

سەرکەوتنە مەزنەکانی ئەم دووایی‌یەی سوپای دلێرمان کە لە کەرتەکانی بەرەنگاربوونەوەی دوژمن بەدی‌هێنا ، وێنەیەکی زیندووی ووردەی بەرزی عیراقی خۆشەویستی‌و لووتکەو داستانی قارەمانیەتی‌یەکە بازووی مەردانەی پاڵەوانانی عیراق بەدەستیان هێناو نەخشەی

سەرکەوتنی گەورەیان‌بۆ داناو ، بوون بە نیشانەیەکی دیاری‌قوربانی‌دانە بۆ بەردەوام بوونی ڕەوتی عیراقی‌سەربلند ...

● دوا بەدوای ئەم سەرکەوتنە مەزنانە ،هاوکاری چوە کارگەو قوتابخانەو بازاڕ ، لەوێ ، هەستی کۆمەڵانی خەڵکی تۆمارکرد بەرامبەر بە شادی‌ی سەرکەوتن کە لە ڕووی هەموویاندا دەگەشایەوە . . ئەوەبو چاومان کەوت بەم هاووڵاتیانە ..

● کاك سالار حمه ووتی :

هەموو ڕۆژێ لەزیانی عیراقیەکاندا خێری سەرکەوتنی پێوەیە ، چونکە مەسەلەی جەنگی ڕەوامان بوەبە هۆیەك بۆ بەرگری‌و قوربانی‌دان ، بەتایبەتی لە کاتێکا کە ئێرانی ڕەگەزپەرست بەربەچی هەموو داوا کاریەکی ئاشتی خوازی دایەوەو ویستی دەست درێژی بکاتە سەرخاکمان ...

● کاك فرهاد عبداللە ووتی :

بەرگری کردن لە عیراق، بەرگری کردنە لە شەرەفو مێژووی وولاتەکەمان کە لەلایەن دوژمنی فارس دووچاری ئەم جەنگەبۆوەو فەرزی‌کردە سەرمان . . بەرامبەر بەمەش عیراقی‌یە دلێرەکان گەورەترین قوربانی خۆیان پێش‌کەش‌کردو ڕۆژ بەڕۆژ سەرکەوتنی نوێی خۆیان بەدی‌هێنا ...

● خوشکە زکیە محمد ووتی :

لە پەزدەی تەلەفزیۆن گوێمان لە هەوالی سەرکەوتنکان کردبوو ، لە دڵەوە پیرۆزبایی لە هەموو عیراقی‌یەك دەکەم کە ئەم سەرکەوتنەش بووە دەستکەوتنێکی نوێو لەگەڵ پاڵەوانی‌یەتی یەکانی تردا تۆمار کراو نیشانەی قارەمانەتی‌یە ..

● کاك رشید ولی ووتی :

سەرکەوتنی ئەمجارە بەلای هەموو دنیاوە شتێکی تازەو سەر سوڕهێنەرنیە ، چونکە عیراق هەمیشە هەر تۆمارکەری سەرکەوتنەو بۆی دەکرێ هەموو جارێ ئەم سەرکەوتنە گەورە تۆمار بکات ...

● کاك عبدالخالق احمد ووتی

ئەوە زیاتر لە پێنج ساڵە جەنگ بەردەوامەو عیراق لە هەڵوێستی هێزەوە داوای ئاشتی دەکات ، بەڵام کاربەدەستە نەزانەکانی ئێران ، خۆیان لەم سەرکەوتنەو هەموو سەرکەوتنێك بێدەنگ کردو ویستیان گەلانی ئێران بەدرۆو دەلەسەهەلخەلەتێنن .

● کاك خلیل محمد ووتی :

سەرکەوتن موژدەی گەورەی عیراقی‌یەکانەو هەموو ڕۆژێ ئەم موژدەیە دەگاتە خەڵك، مادام ڕۆڵە بە جەرگەکانی عیراقی کۆڵنەدەر وەستاون‌و بەرگری لە خاکی عیراق دەکەن‌و بەربەچی مەردانەی ئێرانی دوژمن دەدەنەوە ..

● خوشکە گلاوێژ احمد ووتی :

زۆرجار عیراق سەلماندوویەتی کە ئێرانی ڕەگەزپەرست لە درێژەدانی ئەم جەنگە ، جگە لە ماڵ وێرانی هیچی‌تری بۆ نامێنێتەوە ، بەڵام گوێی لەو داخوازیانە شل‌نەکرد ، چونکە وای‌زانی عیراق لەوپەڕی بێهێزی خۆی قسە دەکات ، بەڵام سەرکەوتنە مەزنەکانی نیشانەی ڕوخانی دیاری ڕژێمی دەگەزپەرستی ئێرانە ...

دگەڵ ڤی بەنگاوەری

هاوکاری ل گەل هێژافارس مصطفی مستشاری فەوجا ٣٨ یا سقك ل‌شەرانشێ ل‌جهێ وێ‌بێ نوی‌و ئەف ناخفتنە بو مە کر .

فەوجا مە وەکی پێك هاتی و دەست بێ کری بنگەهێ وێ ل هێزاوا بو بشتی هنگی مە جهێ وێ گوهارت و هاتینە تل‌کەمەری و ماینە ل وێرێ نێزیکی سێ هەیڤا هەتامە ژمارا خو دروست کری ش شەرکەراو ڤێ گافێ مەیێ خو فەکوهاستی و هاتینە شەرانشێ براستی فێرێ یا سارة و بەفرە بەلێ هێز و بیر و باوەرێت شەرکەرێت مە مەسترە ش سەرمای و ش دویرایتێ و د ئامادەنە وەکی پاڵەوانا بو پاراستنا وەلاتی خو هەر ئەردەکێ هەبیت و هەر دەمەکی ، و ئەم ل نك شەرکەرێت فەوجا ٣٨ ێ د بینین کو هەر ناسطەنگەکا هەبت دێ خۆ لێدەن و دێ قەسد کەنێ ش بێخەمەتی ڤی وەلاتی . و ئەم د بینین گەلەك قەستا ڤێ فەوجێ د کەن و ئەم تەخسیرێ ناکەین بو شەرکەرێت خو و کار و بارێت وان بو بە سەر ئێك فە د ئینین دگەلەك هاری کاریا وولاتیا دکەین جونکێ ئارمانجا مە ئەوە بێش کێش کرنا باشترین خزمەت بو وولاتیا . و ڤێ کافێ ژمارا فەوجا مە یا بوری ش دوو هزار شەرکەرا .

ل دیماهیێ ئەس سلافەکا شورەش گێرانە د کەمە دیاری بو قوماندا‌ریا پارت و شورەشێ و سەروکێ بەرکەفتی‌وهێژا صدام حسین و ئەم تەهدا هەر کاف نوی د کەینە ڤە کو هەر دەم د ئاما دەبین و بو هەر جهەکی هەبیت بو پاراستنا ڤی وەلاتی دژی هەمی دژمنید خوە فروشتی و خوین خوار.

جسیم ابراهیم دوسکی
لەڤێ دهوك

● کاك امیر عبدالرحمن‌ووتی :

درێژەدانی شەڕ لە لایەن‌ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێرانی هیچ ناگەیەنێ، تەنیا لەنەزانی‌نەیێو ، کار بەدەستانی ئێران تەنیا دەیانەوێ بەهۆی‌ئەم شەڕەوە ، گەلانی ئێران هەلخەلەتێنن‌و ڕۆژی‌دادێ کە سەرکەوتنی بەگجاری بەسەر ئەم ڕژێمە کۆنەپەرستە مسۆگەر بکرێت .. سەرکەوتن تەنیا بۆعیراقی‌یەکانە مادام

لەسەر هەقن‌و دەیانەوێ بەرگری لە مافی ڕەوای خۆیان بکەن ..

● خوشکە فوزیە محمدووتی :

پیرۆزبایی لەو ڕۆلەبەجەرگانەی زیاتر لە پێنج ساڵە بەرگری لە ئاوو خاکی عیراق دەکەن‌و سەرکەوتن لە دوای‌سەرکەوتن تۆمارەدەکەن ، چونکە عیراقی‌یە بەتواناکان‌بە پشتیوانی‌خوا کۆڵ نادەن .

● کاك دلشاد همزه ووتی :

هەموو کاتێ عیراق لەلووتکەی سەرکەوتنەو ئێران لە ڕوخان ... چونکە پاڵەوانانی عیراق بە باوەڕەوە دەجەنگن‌و سەرکەوتنە مەزنەکان نیشانەی ئەوەیە.. سەرکەوتن ئەم دووایی‌یەش‌موژدەی گەورەیەو هەمیشە ووردەی عیراقی‌یەکان بەرزەبۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن.

قسەی خۆمان بێ

ئەکردی‌و نەخواردی .. لە سمبڵان مەیی !

بێ سێ‌و دوو .. بێ بگرەو بەردە .. دانیشتووانی ئەم شارەی خۆمان ، گەلەیی‌یان لە برا فیتەرو شاگردەکانیان هەس !

بەهەڵەدا مەچوون ، سەبرتان بێ. باسی ئۆتۆمبیل چاکردنەوەو بۆیەو ماکینە داگرتن‌و دەس‌هەڵتانم نەکردووە .دەزانم خەڵکێکی زۆر « لەختو خۆرایی » ناوتان دەبەن‌و تۆمەتی سەیرو نارەواتان دەخەنە پاڵ .

دەڵێن ، گوایە هەر چەکوشی دەیوەشێنن بە (١٠) دینار دەوەستێ .. هەر سپانەیەکی لوولی دەدەن پێنج دیناری بەچاوەوەیە .

خەڵکەو قسە دەکەن .. کەیفی خۆیانە . دەمی ئەم هەمووانە بەکێ دەگیرێن ! پاشان ئێوە چ دەربەستن‌و کەی باکتان بەقسە هەیە ؟ ئەوە نیە هەریەکەو بەخەتێکی درشت لە سەر ڕووی دیواری دوکانەکانتان نووسیوە .. « هذا من فضل ربی » و « الحسود لایسود » ؟

غەمتان نەبێ ، خاترجەم بن .. من بۆ خۆم هێشتا مەسەلەی نرخم بۆ ڕوون نەبۆتەوە . جارێك لەگەڵ دۆستێکی عەزیز ، بەئۆتۆمبیلی دەوڵەت هاتینە گەڕەکی پیشەسازی ، ئەگینا ئێستایشی لەگەڵدابێ ، ڕێگەکەیم بۆ نەدەدۆزرایەوە . جارێکی دیکەیش نەبێ بەکێکتان ئۆتۆمبیلی برادەرێکمانی ئاڵوگۆڕ کردو تاکێ پێنج دیناری گوێ سووری لێ سەندو بەرلەوە لەگەڵیا ساغی کردەوەو ، کە وەسڵ‌و مەسڵیان نیە ..

زۆر گوتن قورعان خۆشە .. برادەرینە کورت‌و موختەسەر ، ئێوە کە ئێواران خەپەنگی دوکانەکانتان دادەگرن‌و دەرگاکان گاڵە دەدەن .. هەندێکتان تەنانەت دەستحیشی ناسڕێتەوە ! بەهەمان جل‌و بەرگی کار ، چەورو ڕۆناوی ، هەڵدەکوتنە ئێو پاسی مەسڵەحەو نێرنەکانی بەرەو بازاڕی گەورەتان دەبەن . سەرتاپا ،لە پێڵاوەکانتان دەگری تا گیرفان ، هەمووی هەر چەورە .. کەچی خۆتان لەمو لەو دەخشینن .

خۆتان دەزانن کوشنەکانی نێرن‌و پاس لە نایلۆن دروستکراون‌و دەمو دەست ، ڕۆن هەڵدەگرن . ئیدی پاشماوە چەورەکەی ئێوە دەبنە (لەکە)و جل‌وبەرگی هاووڵاتیان پیس دەکەن .

بێتان وایە هەر تەنیا چاکەت‌و پانتۆل لەبەر ،لەم کردەوەی ئێوە بێزارن‌و نارەزایی دەردەبڕن ؟ ڕەنگە بڵێن : ئێمە چینێکی کارگەرین‌و ئارەق دەڕژین‌و ئەوەی قێزو بێزمان لێ دەکا .. ئاوی سارد !

جارێ ئەوەی وا بیربکاتەوەو ، مەسەلەی هەژاری‌و پارەداری بخاتە ئێوان، ئەوە تەڕەماشی تێ‌نەگەیشتووە! چونکە مەسەلەی پاك‌و خاوێنی‌و پەیڕەوکردنی‌ـ بەرژەوەندی‌ی گشتی ، پێوەندی بە ئەدارو دەوڵەمەند نیە .. بە پێچەوانەوە ، مەسەلە زەوق‌و ڕەوشت‌و بەروەردەیە . ئەمەیان یەك .. دووەمیان ، ئەوەی بە پاس‌و نێرن « وەکو ئێوە » هاتۆچۆ بکات ، مانای ئەمەیە، هێشتا بۆی نەلواوە پارەی چوار تایەی لاستیك بەیەکەوە بنێ .. واتا یا مووچەخۆرە ، یا کاسب‌و قوتابی . کەمێ‌و یژدان بخەنە کار، ئەوانە «زەکات»ی ئێوەیان پێ دەشێ !

بەهەر حال .. ئەگەر دڵگیر نەبن پێشنیارێك دەکەم : چۆنە هەریەکەو دەستێ جل‌وبەرگی تایەت بە کاروکاسبی لە دوکانەکانتان هەڵواسن‌و بەر لەوەی ، چەکوش‌و سپانە بگرنە دەس، ئەو جل‌وبەرگە بپۆشن‌و، هەر کاتەی پایدۆزتان لێ‌کرد ، ئەوە دووبارە پۆشاکی سبەینێ لەبەر بکەن ؟

ئەگەر ئەمەتان دەکرد ، وا بزانم کە سواری پاس‌و نێرن دەبوون ، تەنیا دۆستو ناسیاوەکانتان دەیانزانی ئێوە چ کارەن .. ئەگینا کەس هەستتان بێ ناکات‌و کەسیش گللەیی نەدەکرد. ڕەنگە لە جیاتی ئەوەی ئاجارین بە پاس‌و نێرن هاتۆچۆ بکەن ، وەستاکانتان کە خاوەن ئۆتۆمبیلن ، فەرموویان لێ دەکردن .. پیاوی پۆشتەو خاوێن جێگای دەبێتەوە !

دەبێ چارەیەك بدۆزنەوە. ئەگینا نابێ زویربن ئەگەر کەسێك دوو دانە پلیتی بۆ هەردوو کوشنەکەی نزیکی خۆی بڕی‌و کە هاتن دابنیشن ، بڵێ : گیراوە .

برادەرینە ، وەستاکانتان دڵیان نەیێ کوشنی ئۆتۆمبیلەکانیان بە ئێوە چەور بکەن ،لە کەسانی دیکە چاوەنواری هیچ مەبن !!

سعید یحیی

پەککەوتەکان لە کاری بەرهەمدا ڕا

● یاسای چاودێریکردنی کۆمەڵایەتی بۆ هەر هاووڵاتیەك سەرچاوەی ژیانی نییە لە هەیتوانو بێومژنەکانو پەککەوتەکان و نوقسانەکان و شێتو بەسالا چووان ، ژیانیان بۆ دابێن دەکات ، بە پێی بنەڕەتی تایبەتی ، پاش ئەم یاسایانە لە عێراقدا هاووڵاتیەك نییە دەرامەتی ژیانی نەبێت .

سەرەکی فەرمانده
صدام حسین

هاوکاری میوانداریەکی ئەو پەککەوتانەی کردو بەریز عامر علی ابراهیم العبادی بەرێوەبەری گشتی دەزگای چاودێری پەککەوتەکان لە دامەزراوی گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی دەربارەی قۆناغەکانی پەککەوتەکان قسەی کرد لەو پەیمانگایانەی تایبەتن بە ئەوانەوە لە سەرەتای چوونیانەوە تا وەکو دەرچوونیان .

ـ کێیە پەککەوتە ..؟

بەرێزی بەرێوبەری گشتی ووتی :ـ

ـ پەککەوتە ئەو کەسەیە نوقسانی هەیە یاخود توانای کارکردنی نماوە ، یاخود کاری دەست بکەوێ یاخود لێی دابمەزرێ بە هۆی نوقسانی‌و ئەقل ناتەواوی یاخود دەروونی‌و جەستەیی. مەسەلەکە وا پێویست دەکات چاودێری بکرێ‌و پەروردەیەکی دەروونی‌و تەندروستی تایبەتی بکرێ . هەروەها پێویستی بە چاودێری تایبەتی هەیە ئەم چاودێریەش مافێکی سروشتی مرۆڤانەیە لەم کۆمەڵەدا کە ئەو ئەندامیەکیەتی .

ئەو پەککەوتانەی بە پلەی جۆراو جۆر تووشی نوقسانی بوون ئەرکێکی ئەخلاقی‌و مرۆڤانەیە بۆ چاودێری کردنیان‌و کۆمەڵە لە سەریەتی بەشداریان بکات بە شێوەیەکی کاریگەر لە پەرەپێدانی ئەتەوەیی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی پاش ئەوەی دەبنە بەرهەمهێنەرو یەکێکە لەو ئەرکە گرنگانەی دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتەوە .

● چی‌یە ئەوەی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دانیاوە بۆ ئامادەکردنی پەککەوتەکان :ـ

ـ ئەو بابەخەی گەورەی سەرەکی فەرمانده (خوا بپارێزێ) دەبدات بە پەککەوتەکان یەکێکە لە خواستەکانی کارگەران بۆ خزمەتکردنی پەککەوتەکان بە شێوەی نوێ‌و پێشکەوتوو ئەوەی شۆڕش پێشکەشی بە پەککەوتەکانی کردوە پاش دەرکردنی یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە ١٢٦ ساڵی ١٩٨٠ کارتێکردنێکی گەورەی هەبوو لە تاقیکردنەوەی وولاتداو یەکێکە لە تاقیکردنەوە دیاریەکان . دەزگای چاودێری پەککەوتە‌ـ

بروانە ل ١٢

Institut Kurde de Paris

پیشانگایەکی تایبەتی هونەری پەیکەرتاشی

* نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد *

لە چوارچێوەی چالاکی‌یە هونەرییەکانی بەرێوەبەرێتی راگەیاندنی ناوخۆ و لەهۆڵەپڕ لەچالاکییەکەی (هونەری نوێ) لەشاری کەرکووکو ،لەمدواییەدا ، پیشانگای یەکەمی هونەری پەیکەرتاشین بۆ هونەرمەندی لاو کاك (ئاشتی مەهدی مەحمەد) کرایەوە .

کاك ئاشتی لەساڵی ١٩٦٥ لەناحیەی قادرکەرەم لەدێی قشقە لەدایك بووە ، خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لەکەرکووك تەواو کردووە ، لەساڵی ١٩٨١دا لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی وەرگیراوە ، ئێستاش قووتابیی پۆلی چوارەمە لەبەشی پەیکەرتاشین .

پیشانگاکە شەش رۆژی خایاند ، بەدێژایی رۆژەکانیش خەڵکێکی زۆر ئاڵابوونە پەیکەرەکان‌و لە دەستـ رەنگینی‌ی هونەرمەند ورد ئەبوونەوە ، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی پیشانگای پەیکەرتاشین کەمتر ڕووبەـ ڕووی خەڵکی ئەکرێنەوەو ، بەدەگمەن هونەرمەندی پەیکەرتاشمان هەیە پیشانگە بکاتەوە .

سەرجەمی کارەکانی کاك ئاشتی بریتی‌بوون لە : دوو پەیکەری مەدەوەر کەلەناوەڕاستی هۆڵەکەدا بەرز ببوونەوە، لەگەڵ ١٢ پەیکەری دیوار ، هەروەها ٢٢ سکێچ‌و ٩ دیراسەو ١٠ تابلۆ سەرتاسەری هۆڵەکەیان رازاندبۆوە .

★ لەکاك ئاشتیمان پرسی : رۆڵی هونەری پەیکەرتاشین لەخزمەت کردنی هونەری کوردیدا تاچەند بڕ ئەکات ؟

●ـ ئەگەرچی پەیکەرتاشین هونەرێکی ساوایەو تازە لە ناو کوردەواریدا ئاشنای ژیانیان بووە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مادام خۆی هونەرێکی رەسەن‌و سەرـ بەخۆیەو بەگورو تەوژمە ، لەوە دڵنیام کەئەم هونەرە دواڕۆژێکی پڕشنگداری ئەبێت ، بەتایبەتی ئیمرۆکە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی هەیەو چەندین لاوی خوێن گەرم لەبەشی پەیکەرـ تاشیندا کار ئەکەن‌و چەندین مامۆستای لێهاتوو هەن وەکو مامۆستا دارا حمە سەعی‌و مامۆستا کۆسرەت‌و مامۆستا سعاد کە هەریەکەیان رۆڵی دیاری خۆیان هەیە .

★ چۆن سەنگی خۆت لە وێنەکێشان‌و پەیکەرتاشینەدا ڕێك دەخەیت ؟ تای کام لایان قورسترە ؟ بۆچی ؟

●ـ ئەوەی راستی بێت نیگارکێشان‌و پەیکەرتاشین دوو هونەری پێکەوە گرێ دراون، لەلای‌من نیگارکێشان لە خزمەتی پەیکەرتاشیندابە، لەسەرەتاکانی مەشقی هونەریدا دەستەرەنگینیی هونەرمەندی پەیکەرتاش لە نیگارکردندا رۆڵێکی دیارو ئاشکرای هەیە ، بۆیە هەموو هونەرمەندێکی پەیکەرتاش لەسەرەتادا نیگاکێشە پاشان ورده ورده تای تەرازووەکە بەلای پەیکەرسازی‌دا لار ئەبێتەوە ، سەبارەت بە خۆمیش ئەم هاوکێشەیە وەهایە ، بایەخ بەهەردوو تای تەرازووەکە ئەدەم، بەڵام جاری وائەبێ تای پەیکەرـ تاشین قورستر ئەبێ چونکەـ ئەمەوێ لەو بوارەدا پسپۆر بم‌و خزمەت بکەم .

★ جگە لە بۆرەك‌و گەچ کارەکانت بەکەرەستەی تر ئەکەیت ، وەك دار ، بەرد ، کانەکان ، پلاستیك ، برۆنز .... تاد ؟

●ـ بۆرەك بەشێوەیەکی سەرەکی کەرەستەی کار کردنمە لە پەیکەرتاشیندا لەبەرئەوەی ماددەیەکی زۆرو هەرازن‌و بەردەستەو بۆ کارکردنیش ئاسانە ، هەرچی کەرەسەکانی ترە ئەوانە بەـ پلەی دووەم دێن .. برۆنز لەبەر ئەوەی نرخی گرانەو دەستیش ناکەوێ‌بۆیە بەمەیان کار ناکەم .

دگەل ئاواز دانەر

عبدالعریز زاخولی

● احسان صدیق ئامێدی ●

دابچین سیلاڤێ بسرا
ل ئامێدیکا دەلالا
دمێژودا پڕ بهایە
رەوشا شاخوو نەهالا
گوڤەندە لکەلها بلند
ل ئامێدێ ل بەرێ مالا
نەوە وارێ بەهدینا
پایتەختێ کەفنە سالا

بڤان پەبڤافەو پشتی هەیامەکێ نێزیك سترانبێژێ لاوو ژێهاتی (ئەیاس یوسف) دێ بەرهەمێ سێ بومە بێژیت وژپەیڤوو ئاوازێت هوزانڤان وئاوازۆەن ماموستا (عبدالعزیز سلیمان زاخولی) روژ بو روژێ چەند ناڤ شیانێت نوی پەیدا دبن لناڤ کاخا هونەرێ کوردی. بێ‌گومان ئەڤەژی تشتەکێ پیروزەو پێنگاڤەکا پێشکەفتنێ یە لەورا دڤێت ئەم ژی ڤان شیان‌و ناڤێت نوی بدەینە ناسین بوجەماوەرێ ... .

لدویف ڤێ چارچوبێ مەژی ئەڤ چاڤپێکەتنە دگەل هونەرمەند (عبدالعزیز سلیمان زاخولی) کر .

پ‌ـ عبدالعزیز سلیمان‌کیە ؟؟

ب‌ـ ناڤێ من عبدالعزیز زاخولی‌یە ساڵا ١٩٤٦ لباژێرێ زاخو ئەز هاتیمە سەر دنیایێ‌و من‌خاندنگەها خو باسەرەتای‌و وبانا ڤنجی هەتاکو رێزا پێنجێ ناڤنجی لزاخو من‌بدیماهیك ئینای وپاشی ئەز چومە «معهد المعلمین ل باژێرێ میسل و لوێرێ ئەز دەرچژم مامۆستا بزمانێ ئینگلیزی‌و ئەڤە ساڵا ١٩٧٤ێ هەتا کو نهو ئەس لباژێرێ رمادی‌مە ...

پ‌ـ ژاکەنگی وەرە تو هوزانێت کوردی دڤە هینی وتە بو چی چ بەلاف نەکرینە ؟؟

ب‌ـ براستی دەمێ ئەز بچیك وهەکو من گوهەل سترانێت کوردی دبو ئانژیك هوزانێت کوردی من گەلەك پێ خۆشی دبو ونەخاسمە هوزانێت ماموستایێ مەزن ئەحمەدێ خانی و ئەحمد نالبەند . ودەمێ هوزانێت ئەڤینێ دگوتن ئان من دخاندن من بەرێ خودا خو ومن‌خو دیت هەروەکو ئەز پارچەکم لگەل وان هوزانا بەلێ هنگی من شیانێت ئەهاندا هوزانێ نەبون وساڵا ١٩٦٨ ئێمن دەست هاڤێت ئەهاندنا هوزانا و من چ بەلاف نەکرن چنکو من خرڤەدکرن و ئەز نهو لبەر بەلاف کرنێمە وبۆ جارا ئێکێ من هوزان دانە سترانبێژ «سمیرزاخولی» ساڵا ١٩٧٠ ئێ ..

پ‌ـ توچاوا سترانا کوردی دبینی ؟؟

ب‌ـ براستی ملەتێ مە گەلەك ژێهانیە بو سترانێ‌و ئەس دئینمە بەرامبەر مللەتێت دی ..

بەلێ لڤێرە سترانا کوردی گەلەك پێنگاڤێت لاو وژێهاتی هاڤێتینە وهیڤیا سەرکەفتنێ بو سترانا کوردی یانوی دکەم .

پ‌ـ دڤەهاندا هوزانادا کیژ هوزانڤان پتر بدلێ تەبەو چ ئەگەر تەپال ددەت تو هوزانێ فەهینی ؟؟

ب‌ـ براستی رێبەرێن هوزانا کوردی ماموستایێ مە احمدێ خانی و جزیری‌و نالبەند وژهوزانڤانێت گەنج ماموستا د. بدرخان سندی وعبد الرحمن مزوری و فیصل مصطفی ..

و ئەگەرا پالدانا من بوهوزانێ بێ گومان مللەتێ منە بێ‌کو من ڤیای‌و ڤیانا من بو وەلاتێ من پترە ژڤیانا مەمێ بو زینێ ..

وڤەهاندنا هوزانێ رێکا تێگە هشتنیە وپێشکەفتنیە وهندێ ئەز بشێم دێ خزمەتا ملەتێ خو کەم و ئەز دبێژم من پێنگاڤەك هاڤێتیە د ڤێ مالکێدا ..

پ‌ـ تەچ هزرو بیر هەنە بەرامبەر تیپا دهوکێ ؟؟

ب‌ـ تیپا دهوکێ شیانەکا گەلەك مەزن هەبەز بو لێدانا موسیقێ ونەخاسمە پشتی هندەك ئالەتێت نوی ئینایە نافدا . بەلێ سەر رێکا سترانا کوردی ئەز دبێژم ئەو دڕێکەکا خار رادچن‌و نەخاسمە سترانێت فولکلوری ئەو نزانن کائەو ستران لکیڤە هاتیە ڤێجا ئەز هیڤی دکەم کو سترانا فولکلوری بهێلنە جهێ کو ئەو لێ .

پ‌ـ پەیڤا یا دویماهێ چیە ؟؟

ب‌ـ من دڤێت سترانا کوردی بسەرکەفیت‌و مە هەبیت لناڤ سترانا جیهانێدا . وئەم هاریکاریا ئێك بکەین دا کو ڤی تشتی روهن بکەین پترو ژبو پێشڤەو من دڤێت هونەرێ کوردی بهەمی لایافە بێشکەڤیت‌و ئەز د خزمەتا هەر کەسێ دامە کاربکەت ژبو خزمەتا هونەری ...

لدویماهێ ئەم سوباسیا هێژا «عبدالعزیز سلیمان» ی دکەین کوبیرو هزرێت خۆ بو مە روونکری وخۆ دایە ناسین بو خویندەڤانا وهیڤیا سەرکەفتنێ بو دکەین .

تیپی نواندنی قەلادزێ‌و یەکەم نۆبەرەی کاری هونەری

هەتا ئەو رۆژەی ئەجووم بۆ بینینی شانۆنامەی « پێکەنین بە پێی یاسا »ی مامۆستا حسین عارف کە لە گۆڤاری « کاروان»ی ژمارە دوازدەدا بڵاوکراوەتەوەو تیپی نواندنی قەلادزێ پێشکەشیان کرد نەمدەزانی خەڵکی هێزە تامەزرۆی بینینی شانۆگەرین ..

هەتا خزم گەیانده بەر دەرگای چوونە ژوورەوە ئەرکێکی زۆرم کێشاو باشیش ماندوو بووم .. بەڵام کە چوومە ناو هۆڵی سەیرکردن ئارامی‌یەکی خۆش لەشمی لە ئامێزنا .. لە کاتێکدا دەمدی کۆمەڵێك لاوی خوێن گەرم‌و بە توانا قۆڵی کارکردن‌و چالاکیان لێ‌هەڵمالیوەو لەو کاوە پیرۆزەیان خۆیان ماندوو کردووەو ئەو تیپە خنجیلانەیان لە مەلبەندی لاوان دامەزراندووە.. یەکەم نۆبەرەشیان پێشکەش‌کردنی شانۆگەری ناوبراو کە لە ماوەی پێنج ڕۆژی بەردەوام، توانیان خۆشی‌یەك بخەنە دەروونی خەڵکەکەوەوە منیش وەك بینەرێك لە کۆتایی هاتنی‌دا ، لە ئەندامانی ئەو تیپە نزیك بوومەوەو چاوم بە سەرەکی تیپەکە کەوتو گوتی : « لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٤دا

هەندێك هوونەر دۆست کۆبوینەوەو کە هەر هەموومان شانۆمان خۆشدەویست بۆیە لە ئەنجامدا بڕیارمان دا ئەو تیپە لە ژێر چاودێری مەلبەندی لاوانی قەلادزێ دابمەزرێنین .. ئێستا ژمارەی ئەندامانمان بیست‌و هەشت ئەندامە لەوانە دوبان ئافرەتن ، ئەوانیش خوشکە « بەیان ابراهیم » و « گوڵاڵە خدر » . ئینجا لە ڕووی دەرهێناوە « عمر عبدالله قاچ » ئەو شانۆگەری ـیەی دەرهێناوە گوتی : من ئەزموونی دەرهێنانم کەمە ، ئەوەندە ئەبێ کە لە تیپەکانی سلێمانی بینیومە ، خۆشم دەربارەی شانۆشتم خوێندۆتەوە هەر لەم بارەشەوە تیپی نواندنی هەڵەبجە کۆمەکێکی یەکجار زۆریان کردین بەتایبەتی کاك صلاح احمدو کاك جلال عثمان بە لە خۆبوردنەوە بەدەنگمانەوە هاتن ، جگە لە پەیمانگەی هوونەرە جوانەکانی سلێمانی کە کۆمەکی کردین‌و هەندێك جل‌و بەرگی بە خواستنەوە دابینێ ..

من وەك بینەرێك لە ووردبوونەوەم لە هەڵس‌وکەوتی زوربەی ئەکتەرەکان ، بۆنی بوونە ئەکتەری باشیان لێدێ بەتایبەتی بەدەبجە کۆمەکێکی یەکجار زۆریان کردین بەتایبەتی کاك صلاح احمدو کاك جلال عثمان بە لە خۆبوردنەوە بەدەنگمانەوە هاتن ، جگە لە پەیمانگەی هوونەرە جوانەکانی سلێمانی کە کۆمەکی کردین‌و هەندێك جل‌و بەرگی بە خواستنەوە دابینێ ..

من وەك بینەرێك لە ووردبوونەوەم لە هەڵس‌وکەوتی زوربەی ئەکتەرەکان ، بۆنی بوونە ئەکتەری باشیان لێدێ بەتایبەتی

● قدسی حسن بابکر کە دەوری پاسەوانی درابۆیە ، لەگەڵ حاجی عبدالله بابکر کە پاشا بوو جگە لەو دوو قوتابیانە « بەیان ابراهیم‌و گوڵاڵە خدر » کە هەر یەکەیان بە جیا دەوری پیرێژنیان دەدی ، وە« عمر عبدالله قاچ » دکتۆرو دەرهێنەر توانیبووی سروشتی شانۆگەریەکە بە خەڵکی ئاشنا بکات . ئەوانەش کۆمەڵێك خونچەن‌و خەریکن بە شەتاو هەوای خاوێنی کوردستان دەپشکوون کۆمەك کردن‌و دەست گرتنەوەیان ئەرکی سەر شانی هوونەرمەندو هەموو لایەکە ، چۆن لێپرسراوانی مەلبەندی قەلادزێ بە دەنگیانەوە چوون .. خۆزگەیەکە ، چاوەڕوانی بە ئەنجام گەیاندن ..

ئەحمەد قادر

پیاوی لێدوانی کۆمەڵایەتی

دوو ژن

بروا ناکەم پیاوێك هەبێ ئەگەر بە ناخو دەرونیا شۆڕ بیتەوە حەز بەوە بکات ببێت بە پیاوی دو ژن (ئەمەش بە چاو پۆشین لەوانەی بۆ مەبەستێکی تایبەتی پەلە فاژەی بۆ دەکەن) .

بەڵام پێشتر وتراوە کە ڕیش بو بە توشەوە دەبێ شانەی بۆ هەڵگری‌و هەڵگرتنیش تا هەڵگرتن کەوترە .واتە کۆمەڵ لە کێشەو ئەهاتی‌و چەرمەسەری بەدەر نەبوەو نابێ ، جا ئەگەر ئەمە وای کرد پیاو چاو لە ئاستی تاقیـ کردنەوەیەکی درێژو کورتی ژیانی ناو خێزانی خۆی بپوشێت‌و بە ئەو پەری عەقڵ‌و کەمالەوە بریاری دا بچێتە ریزی پیاوی دو ژنەوە دەبێ ریشی ماش‌و برنجی خۆی بەو شانەیە چۆن چۆنی شانە بکات ؟ بەتایبەتی ئەگەر لە ژنە پێشوەکەیی جیا بوەوەو کۆشێ منالیشی لێ خستبوەوە .

لێرەدا پەی بە دوو حالەت دەبەم کە دوو ئەنجامی جیاوازیان هەیە :ـ یەکەمیان بە بێ ئەوەی نرخ‌و هەڵسەـ نگاندێك بۆ ژیانی رابوردوی دابنێت ، خوێ لێوە گێل‌و ئێل دەکات‌و منالەکانی پەرەوازە دەبن‌و ئەوانیش بە بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن دەکەونە ناو گەرداو و پێچ‌و پەنا تاریکەکانی ژیانەوەو سەر ئەنجام دەبەزن‌و مرۆڤی خراپیان لێ دەردەچێ‌و لە ناومان‌دا جێگایان نابێتەوە .

دووەمیان لەگەڵ ژیانی رابوردویی ومنالەکانیا پەیوەندی‌یەکی رۆحی‌و باوکایەتی کۆیان دەکاتەوەو ئەوەندە بە ئەنگیانەوەیە تێکرا گۆش کراوی ژیانی ئەم سەردەمەن‌و تەنانەت لە خوێندن‌و قوتابخانەدا پلەی سەرکەوتو بەدەست دەهێنن و لە هەر جێگایەکدا منالی هەردوو ژنەکەی یەك دەگرن لە برایەتی بەو لاوە هەست بە کەم‌و کورتیەك ناکەن‌و بێ زباتر نزیکیان ببیتەوە دەڵێی بەم پێیە دەبوایە ئەم کارەساتە روی نەدایەو کە رووش بدا پیاوی خۆی دەوێ نەك نیوە پیاو ، مەبەستیش لەم دوو حالەتە بەر بەست کردنی کارە ساتەکەیە ئەك هان دان .

فریا جاف

ئافرەت‌و جوانی

●نجاه رفیق حلمی●

ئەدیب‌و شاعیرو روشنبیران وەسفی ئافرەت‌و شێوە کردوەو پتر لایەنی جوانی لەش‌و لاری کراوە بە پەیکەری (ئیلهام)و داهاتنیان بەڵام گەلێکیش لەوانە ناوی ئافرەتیان لەشێوەی کردوەو ڕەفتاری پەسندی هێناوەـ تەوەو وەسیفان لەو بۆ چوونەی خوبانەوە کردوە کە پێوەندی بە جوانی لەش‌ولارو روخسارەوە نەبووە .

ئینجا ئافرەت یا بە جوانی روخسارو قەدو بالای ناویانگی دەرکردوە یاخود بە کردەوەو ەوشت بەرزی‌و بەرێزی خۆیەوە کە ناوی لەبەیتی شاعیرو نووسەرەکان‌دا هاتووە بەدەم حەیران‌و لاوکی کۆچەرو گەریدەو شایەرو دەرویش‌و شوانەوە بڵاو بۆتەوە .

ئەمە کە هیشتا گۆڤارو روژنامەو رادیوو تلفۆن‌و سینما تلفزیۆن‌و هۆیەهاوچەرخیەکانی راگەیاندن نەبووە . لەو سەردەمەدا جوانی ئافرەت دەنگی داوەتەوە بەڵام ئیستا کە ئەم شتە گرنگانەی راگەیاندن بەم جۆرە پەرەی

بروانە ل١٥

تاریق کاریزی‌ـ کرکووك

کاکی هونەرمەند محمد عبدالجبار ساڵەیی لەم دواییەدا یەکەم پیشانگای تایبەتی خۆی کردەوە لە هۆڵی (التامیم للفن الحدیث)دا .

لە روانگەی ...

یەکەم پیشانگای محمد ساڵەیی‌یەوە

بێ‌گومان کاکە حمە سروشت‌و دەورو بەرو ژینگە بە سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتووی بابەت هەڵهێنجان دادەنێت‌و گیروگرفت‌و خەم‌و حەزەکانی مرۆڤی کوردیش لەم سەردەمەدا ، بە زەمینەی فیکری‌ی هونەرمەند دادەنێت‌و بە بەستن بەم شتانە توانی‌ی کە پیشانگایەکی سەرکەوتووی وەها ساز بدات ، کە لەوێش‌دا شتێك پاڵپشتی کرد بێت ئەوە زاڵ بوونی بوو بەسەر قۆناغەکەی دەستی‌دا لە زۆربەی تابلۆ زەبتی‌یەکان‌و بەسەر قەڵەمەکەی لە هەموو تەختیەکان دا ، ئەگەرچی لە هەندێ لە تابلۆکان‌دا ، خێرایی‌و پەلە کردن مۆرکێکی نامۆیان بە روخساری تابلۆدا پەخش کرد بوو ، لە هەموو شی مەزنتر ئەو شێوازە کوردەواری‌یە بوو کە لە شتێك لە بارەی ژیانی‌یەوە بە خوێنەران رابگەیەنین . ناوی محمد عبدالجبار ساڵەیی‌یە ، لە ساڵی ١٩٦٢ لە کەرکووك‌دا لە دایك بوە ، لە پیشانگاکانی سەر بە قوتابخانەو بە هاوبەشی‌ی هونەرمەند رشید بشار لە ساڵی ١٩٨١دا پیشانگایەکی کردەوە لە زانکۆی سلێمانی‌و لە ساڵی ١٩٨٢دا بەشدار بوو لە پیشانگای هونەرمەندانی کورد لە ئیتالیاو ، بەشدار بوە لە پیشانگایەك کە لەگەڵ چەند هونەرمەندێك لە هەولێردا کراوەتەوە ئەویش لە ساڵی ١٩٨٣دا هەر لە هەمان ساڵداو لەگەڵ هونەرمەندانی شێوەکاری کەرکووك لە سلێمانی‌دا پیشانگایەکیان کردەوە . نووسینی هەیە لە گۆڤارو رۆژنامە کوردی‌یەکان ، سەرانسەری پیشانگادا پڕ بە زاری تابلۆکان هاواری دەکرد .

ئێستاش پێش ئەوەی رووە پرسیارمان بکەینە کاك محمد خۆشحاڵین کە ئێستاش قوتابی‌یە لە زانکۆی سەلاحەدین .

ـ لە بارەی جیاوازی‌ی هونەری شێوەکاری لەگەڵ هونەرەکانی ترو جۆری راژە کردنەکەی بۆ کۆمەڵ کاك محمد ووتی :

+ گومانی تێدا نییە کە هونەری تەشکیلی سیماو سیفاتێکی تایبەتی‌ی خۆی هەیەو دەتوانرێت لە هونەرەکانی تر جودا بکرێتەوە ،هونەری تەشکیلی هونەرێکە کەوا زیاتر پەیوەندی‌ی بە چاوەوە هەیەو دەبێت بینەر چاوێکی هونەری‌ی هەبێت ، رۆڵی ئەم هونەرە ، لە راژە کردن دیارەو دەتوانێت وەکو هونەرەکانی دیکە باس‌و خواسی سەردەمێك لە دوو تۆی‌دا هەڵبگرێت‌و زۆر جاریش هەر خۆی چارەسەری بۆ دادەنێت ،ئەم هونەرە کاریگەری‌یەکی مەزنی هەیە لەسەر زەوقی بینەرو رای دەهێنێت کە چۆن چێژ لە سروشت‌و دەورو بەری وەربگرێت ، لە کۆتایی‌دا گەرەکە بڵێم ، بەرهەمی تەشکیلی بریتی‌یە لە شیعرێکی بینراوی بە هێل کێشراو ، کەواتە رۆڵیشی دەبێت وەکو ئەو بێت لە راژەکردنی کۆمەڵ .

Institut kurde de Paris

وەرگێران ... گیانی راستەقینەی شارستانی‌یەتە

وەرگێڕەکانیش فەمی خۆیانیان لەیە

● موکەرەم رەشید تاڵەبانی ●
● کردوویەتی بە کوردی ●

لەو ڕۆمانە دەگمەنانەی کە بەزمانی ئینگلیزی نەنووسراون ئەوەکەی ڕۆماننووسی ئیتالی «ئەلبرتۆ ئیکۆ »یە کە لە ناخی ئەمەریکایی‌یەکاندا رووچووەو بە ناوی « گوڵ »ەوەیە ، لەئیتالی‌یەوە « وولیەم وێڤەر» کردوویەتی بە ئینگلیزی .

لەگەڵ ئەوەی ڕۆمانەکە سەرکەوتنی وەدی‌هێنا ، کەچی ملیۆنەها خوێنەر نازانن ئەو ووشانەی سەرنجی ڕاکێشان ووشەی نووسەری ڕۆمانەکە نین بەڵکوو یەکێکی تر دای‌ڕشتوون ، ئەو یەکەی لە جیهانی وێژەدا نادیارە ، ئەویش وەرگێڕە ..

هەندێك وەرگێڕیش چاکەیەکی گەورەیان بەسەر ئەو شاکارە وێژەیی‌یانەوەیە کە وەریان‌دەگێڕن . لەوانەیش بۆ وێنە ، گریگۆری ڕاباسا، کە « سەد ساڵ گۆشەگیری»ی ، لە ساڵی ١٩٧٩دا وەرگێڕابە سەر زمانی ئنگلیسی‌و ڕەواجێکی باشی دەستهێنا . خاوەندی ڕۆمانەکە ، گابریل گارسیا مارکیز ، ڕایگەیاند کە ئینگلیزی‌یەکەی بەهێزترە و لە ئەسڵەکە باشترە «ڕاباسا»یش سەبارەت بەو قسەیە گوتوویەتی : ئەوە پەنجەی ڕیزنانە لە زمانی ئنگلیسی ، زیاتر لەوەی لە خودی من بێت .

تا پەنجاکانی ئەم سەدەیەیش ناوی وەرگێڕەکان لە یەکەمین لاپەڕەی کتێبەکان دەسڕایەوە ، بگرە بە دەگمەنیش ناویان دەهێنرا ، لە باس‌کردنی ئەو کتێبانەی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان‌دا پێشکەش‌دەکران ، ئەو کاتە نەبێت کە وەرگێڕەکە ئەدیبێکی ناودار با .

سەرەڕای ئەم پشت‌گوێ‌خستنە، ئەوا لە هەموو لایەکی جیهان‌دا ژمارەیەکی باشی وەرگێڕی مەزن یان گەورە هەن ، لەم پێشەیەدا چەندین ساڵیان بەسەر بردووەو ، بەسەر تەنگ و چەلەمەکانیدا بازیان داوەو زاڵ‌بوون‌و، وایان لێهاتووە ، وەك شاعیری مەزنی ڕووس ، ئەلساندەر پووشکین دەربارەیان بڵێ ، بوونەتە پەیامبەرانی گیانی مرۆڤایەتی .

گریگۆری ڕاباسا (٦٢ ساڵ) بەناوبانگترین وەرگێڕە لە زمانی ئسپانی‌و پورتوگالی‌یەوە بۆ سەر زمانی ئنگلیسی .بیست ساڵی ڕابوردووی لە وەرگێڕانی ئەدەبی ئەمریکای لاتین‌دا بەسەربردووە . گەلێ کتێبی وەرگێڕاوە لەوانە گابریل گارسیا مارکیز (کۆلۆمبیا) ، خۆلیۆ کۆرتازار (ئەرژەنتین)، میگل ئەنجیل ئەستۆرباس (گواتیمالا) ، ماریا فارگاس لۆزا (پیرۆ)، جۆزێ لیزا مالیما (کووبا) ، لوییز ڕافاییل سانچێز (پۆرتۆریکۆ)و ، ڤینینسۆس دی مۆریز (بەرازیل) .

گریگۆری ڕاباسا حەزدەکات ژیانی لەو وولاتانەدا بە سەر ببات کە ئنگلیسی قسەدەکەن زۆربەی ژیانی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بەسەربردووە .

ڕاباسا بە شێوەیەکی ئاسایی پیشەکەی خۆی لەماڵ‌دا ئەنجام دەدات، بەکەم شت ، خێرا بە تیپ‌ڕایتەر وەردەگێڕێت ، پاشان لەسەرخۆ ئەوەی وەری‌گێڕاوە دەبنووسێتەوەو ، نیشانە لەسەر هەندێك ڕستە یان دەربڕین دادەنێت کە پەلایەوە تەمو-مژاوین ، کە ئەوە بەپاش دەزانێت پەیوەندی بە نووسەرەکانیانەوە بکات تا سەبارەت بەو ووشەو دەربڕینانە لێیان بپرسێت .

زۆربەی ئەو دەربڕینانەیش کە دەستنیشانیان دەکات ، وەك خۆی دەڵێت ، پەیوەندی‌یان بەوەوە هەیە ، کە نووسەرانی ئەمریکای لاتین ئارەزووی «یاری بە ووشەکردن» دەکەن ،سەرەڕای تۆمارکردنی زۆر لە ووشەی بەرانبەر یەکتری یان سیفەی زۆری یەك ووشە ، کە زۆر بە گرانی بەرانبەرەکانیان لە زمانی ئنگلیسیدا دەدۆزێتەوە .

کەچی وولیەم وێڤەر (٦١ ساڵ) باشترین کەسە شاکارە وێژەیی‌یەکان لە زمانی ئیتالی‌یەوە بۆ زمانی ئنگلیسی وەردەگێڕێت .

وێڤەر لە ویلایەتی ڤیرجینیا ، لەدایك‌بووە ، ئەویش وەك ڕاباسا ،وا بەپاش دەزانێت دوور لە ئیتالی‌یەکان بژێت بۆ پاراستنی پاراوی‌ی زمانەکەی ،کاتێکیش سەرقاڵی وەرگێڕانی ڕۆمانەکانی نووسەرانی وەك : ئەلبرتۆ ئیکۆ ، مۆرافیا ، ئیلزا مۆران یان کالفینۆ نابێت ، سەرقاڵی خوێندنەوە دەبێت ، بەوپەڕی ئارەزووەوە کتێبە پۆلیسییەکانی ئەمریکا دەخوێنێتەوەو ، لە ڕۆژنامەی «فاینەنشیاڵ تایمز»دا دەربارەیان دەنووسێت : «خوێندنەوەی ئەم جۆرە کتێبانە باشترین هۆیە کە بەردەوام ڕێگام لەبەردەمدا والا دەکات شارەزای شێوازی قسە کردنی ئەمەریکایی‌یەکان بم» ئەمە ووتەی وولیەم وێڤەرە . کە لە هاوەڵەکانی تری لەوەدا یەك ناگرێتەوە ، ئارەزووی پرسیار-کردنی نووسەران ناکات سەربارەت بەو دەربڕینە تەمو مژاوی‌یانەی کە لە کتێبەکانیان‌دا دێنە ڕێگای لە کاتی وەرگێڕان‌و دووبارەکردنەوەی دروست کردن‌دا بەڵکوو ناهێڵێت چاویان بەو کەرەستەیە بکەوێت کە وەری‌گێڕاوە تا بەتەواوەتی لە وەرگێڕانەکە نەبێتەوە. لەوەیش‌دا چەند هۆیەکی قایل‌کەرانەی هەیە . بۆ وێنە ، کاتێك دەستی بە وەرگێڕانی کتێبی گەورەی ئەلزا مۆران «مێژوو» کرد ، ڕۆژی چەند جار پەیوەندی‌ی پێوەدەکرد ، هەموو جارێك پرسیاری لە وەرگێڕانی هەندێك ووشەی دیاری‌کراو دەکرد . کە سەبارەت بەو ووشەیەی هەڵی‌دەبژارد وەڵامی دەدایەوە دەبگوت : نەء ، پێ بە پێستی نی‌یە .. من مەبەستم واتایەکی دیکەیە .. هەروەها ئەو واتایەیش دەبەخشێتەو .. ئەو شتەیش‌و .. لەم چەشنە . وێڤەر دەڵێت ، کە زانیم کتێبی مێژوو دوو سەد هەزار ووشەیە کوت‌وپڕ بڕیارم دا واز لە وەرگێڕانی بهێنم ، بەڵام بەر لەوەی بتوانم پەیوەندی بە دانەرەکەیەوە بکەمو بڕیارەکەمی پێ‌ڕابگەیەنم ، ئەو پەیوەندی‌ی پێوەکردمو پێی گوتم بڕیاری داوە خۆ هەڵنەقورتێنێتە کاری وەرگێڕانەکەوە چونکە دەبێتە هۆی شێواندنی کارەکە . ئا بەم جۆرە وولیەم وێڤەر لە بڕیارەکەی خۆی پاشگەز بووەوەو وەرگێڕانە ئاماژەکەی کتێبی «مێژوو» کەوتە بازاڕەوە .

ڕالف مانهایم (٧٧ ساڵ) بە مشتومڕەکی وەرگێڕەکان دەژمێرێت کە ٣٤ ساڵ لە پاریس‌دا ژیا . بە هەمان پلەی سەرگەوتنەوە لە وەرگێڕان لە هەردوو زمانی فەرەنسەوی‌و ئەڵەمانی‌یەوە بۆ ئنگلیسی ئیشی‌دەکرد . لە نووسینگە بچووکەکەیەوە لە باخچەکانی (لۆکسمبۆرگ)ەوە ، چەندین شاکاری لەبیرنەچووی بۆ سەر زمانی ئنگلیسی وەرگێڕا .. ئەوەبوو نووسینی چەندین نووسەری ئەوروپایی ناسراوی وەرگێڕا کە شێوازیان لە نووسیندا زۆر گرانە لەوانەیش لوێز فیردیناند کیلانین‌و گۆنتەر گراس ، کەچی نوێترین کتێبیش وەریگێڕاوە کتێبی «کێشی جیهان»ە کە نووسەری نەمساوی پیتەر هاندکا نووسیویەتی .

مانهایم ڕەنجێکی گەورەی بۆ وێژەی جیهانی داوە . پتر لە سەد کتێبی بەرانبەر بە کرێی نزمو کەم وەرگێڕا بە پێوانەو بەراووردکردن لەگەڵ کرێی نووسەرەکان‌دا ، بەڵام لەم دوایی‌یەدا پاداشتی درایەوە . کاتێك خەڵاتی دەزگای (ماك ئارتەر)ی بێ‌بەخشرا کە زۆر جار : «بە کەسانی بلیمەتی ناناسایی» دەبەخشرێت ، خەڵاتەکەیش شەست ملیۆن دۆلارە ،کە باجی لێ‌وەرناگیرێت‌و ، هەموو ساڵێك بە بەرەندە دەبەخشرێت ، تا لەژیان‌دا مابێت .

مانهایم دەڵێت : سەرچاوەی ڕێزم ئەوەیە کە دەزانم چۆن خۆم بە ساکارو ئاسایی پیشان بدەم . کاتێك هەندێ ناشارەزا چەند ڕستەیەکی ئاسایی بە دەربڕینی گران‌و دژوار وەردەگێڕن ، هەست بە جۆرە ژانێك دەکەم ، دەبێت وەرگێڕ شارەزایی‌یەکی باشی لە زمانەکەدا هەبێت .هەندێك جار لە چەند کتێبێك‌دا ووشەیەکی زۆری بەرانبەرانە یان چەند ووشەیەك واتای دوو جۆر یان تەمومژاوی‌یان هەبە دێنە ڕێم‌و تووشم دەبێتە تووشیانەوە بە تایبەتی لە نووسینەکانی گۆنتەرگراس‌دا . ئەو کاتە ئەوە بە باش دەزانم لە ڕێگای نووسینەوە پەیوەندی‌ی پێوە بکەم ، لە جیاتی‌ی ئامادەبوون لەو ئەلقە تایبەتی‌یانەی کە گۆنتەر گراس بۆ وەرگێڕەکانی نووسینەکانی دەیانبەستێت .

مانهایم ڕەخنە لە ژمارەیەك لە وەرگێڕانە نوێ‌یەکان دەگرێت لەوانەیش وەرگێڕانی (فاوست)ی گۆتە ، ئەو ددان بە دژواری‌ی وەرگێڕانی ئەو شاکارەدا دەنێت‌و .. دەڵێت .. دانە ئنگلیسی‌یەکەی ئەو کتێبە زۆر خراپە بەڵام لەگەڵ ئەوەیش‌دا یارمەتیدەرێکە بۆ ئەو قوتابی‌یانەی ناتوانن فێری زمانی ئەڵەمانی ببن .

سەرەڕای ئەو وەرگێڕەرانەی وەرگێڕانیان کردووەتە پیشە ، ئەوا نووسەرو شاعیرەکان لە هەموو شوێنێك‌دا هەستیان بە بابەخی پێشکەش کردنی کارێکی نوێ کردووە، بە زمانێکی نوێ .

گۆنتە باسی وەرگێڕانی کردووە دەڵێت : گرنگترین شتە یا یەخی پێ بدرێت‌و لەهەموو شتێ بەڤرخترە کاتێکی باشی هەبووە بۆ وەرگێڕان .. لە دە زمانەوە شتی وەرگێڕاوەتە سەر ئەڵەمانی .. کەچی

بروانە ل١٣

کام باری سەرنج ؟

محمد نوری توفیق

لە ژمارە ٧٦٧ی هاوکاری‌دا «ع.ب.م» پێنجوینی ناوێك لە ژێر سەردێڕی « ئەو کەسەی کەسە »... ئەلفێکی بەسە !! .

شتێکی بڵاوکردبۆوە «کە بەناو » لەسەر کۆمەڵە چیرۆکەکەی کاك مستەفا سالح کریمە ، لە ڕاستیشدا خوێنەر پاش لێبوونەوەی‌نووسینەکەزۆر سەیری بەو ناوو ناوەڕۆکە دێت . . چونکەناوەکەی کە گوایە باری سەرنجە ، یان بابەتێکی ڕەخنەیی‌یە لە چیرۆکەکانی « ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم » لە ڕاستیشدا نە لە دوورو نە لە نزیکەوە هیچ پەیوەندی یەکی بەو کۆمەڵە چیرۆکەوە نی‌یە.

من بەش بە حاڵی خۆم حەزم ئەکرد کە ئەو نووسینە هەڵسەنگاندنێ بوایە بۆ ڕەخنەو نرخاندنی چیرۆکەکان ، نەك هێرش بردنە سەرو تەشەرو ناوو ناتۆرەو پلار بوایە بۆ سەر ئەدیبێکی ناسراو کە لە چارەکە سەدەیەك زیاترە لە بواری ئەدەبی کوردیدا بە بەرهەم دەستڕەنگینە ، بە جۆرێکی ئەوتۆ کە شوێن دەستی بە ڕەوتی پێشخستنی ئەدەبەکەمانەوە دبارەو بەپێی‌ی توانا‌و ڕەخساندنی بواری ئەدەبی درێغی لە کەشەکردن‌و خەملاندنی ئەم هونەرە « چیرۆکنووسین » نەکردووە .. پەیتا پەیتاش کولی لە گولزاری ئەدەبی کوردیدا چاندووە .. ئەیوایە ئەو نووسینە بە دڵێکی فراوانەوە بیڕوانیایەتە ئەو کۆمەڵە چیرۆکە ، نەك بەوە خەتاباری بکردایە کە ئەڵێ (یەکێك لەو نیگەرانیەی خوێندەواری ئێمە بەدەستیەوە دەناڵێنێت‌و وای لێ‌کردووە دیاردەی دوو فاقی لەلا دروست بێت . خەتاکەی لە ئەستۆی « گەر ئەڵێین هەموو » ئەڵێین زوربەی ئەو سوارانە کە گوایە « نوخبەی » ئەدیب‌و ڕۆشنبیرەکانمان » هتد .)

کە لە هاوکاری ژمارە ٧٦٩دا « ڕوونکردنەوەیەکی پێویست »م خوێندەوە ، دەرکەوت کە ئەو ڕێچکە حەرفەی لە پێش وشەی پێنجوینی‌یەوە ڕیزکرابوون کاك عبداللە عباسی ئەدیب‌و ڕۆژنامەنووسبوو . بۆیە ئیستا بۆم هەیە کە ڕووی دەمی تێبکەم‌و پێی‌بڵێم ، ئەرێ برا لە خوا بەرخوردا لکا ، خۆ تۆ تازە کاك مستەفا ناناسیت‌و یەکەمجاریشت نی‌یە بەرهەمەکانی بخوێنیتەوە .. هەرچەندە باوەریش ناکەم تۆ لە جیلی » ئەوبیت ، بەڵام ماوەیەکی دوورو درێژە ، جگە لە دۆستایەتی‌و یەکتر ناسینتان ، تۆ بە بەرهەمەکانیشی زۆر ئاشتاو نزیکی ، خۆ ئەو هەرچەند جارێ لەسەر لاپەڕەکانی هاوکاریدا چیرۆك‌و نووسینی بڵاوکردۆتەوە .. ئەی کەواتە بۆچی لەم ماوە دوورو درێژانەدا لەو هەموو بۆنەو یەکتر بینینەتانا، چەند جارێ ، یان هەر بۆ جاریکیش ئەو ڕاو بۆ چوونانەی ئیستەی نووسینەکەت بۆ ئەو خوێنەرە بەسەزمانانەو نەوەی نوێ دەرنەبڕیوە تا (ناهەقی گەلێك زل زل لەگەڵ خوینەوارە « بەسەزمانە » کاندا نەکات) نەك هەر لەگەڵ ئەواندا . . هەر بۆ ئەوەی زیاتر ئەو خمە نەشێوی‌و گر لە ماڵی نەوەی نوێ‌و خەڵکەکەش بەر نەبێ !! کە تۆش دیارە بەزەیی‌یەکی زۆرت بەواندا دێتەوە ، هەر بۆیە ئەبوایە کە ئەم چەند ساڵە دوورو درێژە بێ‌دەنگ نەبووتایەو تا ئیستا چەند نووسینێکت فریای گۆڤارو ڕۆژنامەکان بخستایەو کار نەگەیشتایەتە ئەم کارەی ئەمڕۆ !! ..

ئەی ئەڵێ بۆچی تۆی نووسەرو ڕۆژنامەنووس تا ئیستا ئەو « ئەلفەت » دەرنەبڕیبێ‌و تەنیا ڕایەکت بەرانبەر چیرۆك‌و بەرهەمەکانی تری کاك مستەفا نەنووسیبێ ؟؟ ..

وا ئیستا بیرت کەوتۆتەوە کە بەو جۆرە ڕاوبۆچوونانە ئەو نووسینە بۆ پیشەکی کتێبەکەی بنووسی !؟ .

و کەلك‌و قازانجی ئەدەبی کوردی لە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە نووسینە نامەوزووعی‌و پڕ تانەو تەشەرو بوختانانە ئەکەونە چ خانەو کام بەرەوە ؟؟ یان ئەبێ ئەم جۆرە نووسینانە کام باری سەرنج بن ؟ ...

ئەڤینامن

خەیری هەژار مزوری

هەڤن بێژن مەم و زینا
ئەڤیندارا و جەگەر خینا
تیروزکەك نوی یا هەلاتی
د گەل سحارێ‌و سپێدێ هاتی
پێنفێسێ ڤیانێ خەملاند
داڤ‌و دەزیێت بەکروکا قەتاندن
د گەل زاروکا د گرنزی
د ئەسمانیدا د لەیزی
گوڵ‌و کولچیچەك بشکورین
چۆڵ‌و چیا د بشکڤین
نزارو بەرۆژ گەرم بێژن
ناوسکێت شێخەسن رونبون
خۆ کۆمکرن جان‌و پیرا
گۆتن وەرن بکەین تکبیرا
سپێدێ رابون لگەل ئەلندێ
کارێ خو کرن بو گوڤەندێ
پێکڤە هەڤن سەرێت چیا
پێش بێخن وان شەنگەبیا
کوتن ستێرێ ستێرا گەشێ
ئەی تیروژکا گوندێ مەلێ
تو قیانی ئان تو ژیانی
تو شرینی ئان تو زینی
تو جزیری ئان تو بادی
تو مەم ئان فەرهادی
گوتی ئەزم بو هەوە ژیان
ئەزم دلێ دەیکا سێویان
نە ئەزم مەمم نە ئەز زینم
نە فەرهادم نە شرینم
ئەز ئازادیمەو سەربەستی
ئەرم ئەڤینا وەلاتی
ئەزم ئەڤینا وەلاتی

ئاوری یەکا ... دی

بهجت محمد هروری

دەمێ من بەرپەرێن ژمارە (٧٥٢) ی ڕۆژنامە «هاوکاری» قەدەدان ، یا ڕۆژا (٣٠-٨-١٩٨٤) «ئاوڕی‌یەك» کەفتە پێش چاڤێن من ، گوتارەك بو هەڤال «حجی جعفر»ی لسەر گوتارەکا من نڤێسایە ببیرهاتنا ژدایك بوونا ڕۆژنامەگەری‌یا کوردی هاتبو بەلاڤ‌کرن .

هەڤال (حجی) هندەك تێبینی لسەر دیار کرینە .. ئەز زۆر بوان تێبینی‌یا خۆش بۆم‌و من هیڤی‌یە (موحازەرا)وی جوان هاتبێتە لێکدان‌و کومکرن لسەر ڕۆژنامەگەریا کوردی .

دەربارەی کارو نڤێسنێین مێژوویی وەك ڕۆژنامە (کوردستان)و هەر تشتێ مێژوویی بێت کو ئەم دگەل نەڕابوبین‌و نەژیابین ، دەمێ ئەم تشتەکی لسەر بنڤێسین یان کوم‌بکەین دێ پوتیەی بەس ب سەرچاوا کەین ، چ ژپەرتوکاو چ ژگوتاراو چ ژڕوژنامێ بخو .

ئەو گوتارا من نڤێسی لسەر ڕۆژنامێ ، گوتارەکا درێژ بو لبن ناڤ‌و نیشانێن (کوردستان .. سەرکێشا کاروانێ ڕۆژنامەگەری‌یا کوردی) نەك لبن وی ناڤ‌و نیشانێ ڕۆژنامێ لسەر بەلاڤ کری ، بەلێ ئەو ناڤ‌و نیشانێن بابەتەکی بون دگوتارێدا ، گوتار لسەر ڤان بابەتا هاتبو نڤێسین پێشەکی ، کوردستان ئێکەمین ڕۆژنامە کوردی‌یە، کاودانێن دەرچونا وێ‌و بوچی ژدەرڤە دەرهێنانا هونەری یا ڕۆژنامێ ،دەورێ (کوردستانێ) دروشنبیرکرنا جەماوەر-ریدا، چەند ڕۆژەکا بەری ٢٢-٤-١٩٨٤ من دا هاوکاری‌و گوتن دێ هەمی‌یێ بەلاڤ کەین ، لێ پشتی دەردکەڤیت ، بەرێ خو ددەمێ (چارەك) ژی نە بەلاڤ‌کری‌یە . چومە دەڤ سکرتێرێ نڤێسینێ یێ هاوکاری‌و من گوتێ ئەگەر چی‌یە گوت : (مە ژبیر کربو هەتا هاتی‌یە بیرامە هند جە بۆ نەمابوو ، ئو مەژی نەڤیا بەلاڤ نەکەین ئینا مە گەلەك ژناڤ کێشا) بو ڤێ گوتارێ من پشتگیری ب گەلەك سەرچاوا کربوو لێ بەداخەوە ئەوژی بونە ژ دەربەدەراو نەهاتنە بەلاڤ‌کرن .

ئەڤجا دا ئەم‌و کاك (حجی) بەرێ خو بدەینە گوتارا وی‌و ڤان سەرچاوا کا چ دبێژن .

١ ـ برادەر دبێژیت : (هەمی ژمارێن ڕۆژنامە کوردستان نە نیف هەیڤانەنە) دیسان دبێژیت : (نڤێسەڤانێ گوتارێ ژمارێن ڕۆژنامە کوردستان نەدیتینە ، لەوما ئارمانج نەهنگافتی‌یە).

لێ دا پێکڤە بەرێ خو بدەنیە ڤان سەرچاوا کا لسەر ڕۆژنامە کوردستان چ دبێژن .

لایەڕێ ئێکێ یێ ژمارا ئێکێ ، ڕۆژنامە ئێکی (کوردستان) دبێژیت : «بازدە ڕۆژا جارەکێ تێت نڤێساندن(ژ)» هێژا جبار جباری دبێژیت : «کوردستان ، ڕۆژنامەکا ڕامیاری‌یە ، وێژەیی‌یە ، کومەڵایەتی ، نیف هەیڤانەیە(٢)» .

د. کمال فؤاد دگوتارەکا کورتدا دبێژیت : «ئەڤ ڕۆژنامە بزمانێ کوردی‌و ب‌شێوا کرمانجیا دەڤەرا جزیرێ‌و بوتان هاتی‌یە چاپ‌کرن ، ب ئاوایەکێ جوان‌و لێکدای ، هەر دوو هەفتەیا جارەکێ ژمارەك دەردچو(٣)» .

هێژا حمە ئەمین پێنجوینی دەمێ لسەر ڕۆژنامەگەری‌یا کوردی دئاخڤیت ،دبێژیت : «ڕۆژنامەی کوردستان ، ڕۆژنامەیەکی نیوە مانگی بووە(٤)» .

ماموستا جەمال خەزنەدار دبێژیت : کوردستان یەکەم ڕۆژنامەی کوردی‌یەو نیوە مانگانەیە(٥) .

ئەڤجا دبیت ژبەر بارو کاودانێن نالۆزو گوهاستناوێ ژ وەڵاتەکی بۆ وەڵاتەکێ دی‌و ژباژێرەکی بۆ باژێرەکێ دی هندەك جارا گیرو ببیت‌و لدەمێ خۆ یێ دیار کری نەهاتبێتە چاپ‌کرن ، لێ ئەڤە نابێتە ئەگەرا هندێ کو نەنیف هەیڤانەیە چونکی ڕۆژنامە هەنە ڕۆژانەنە لێ هەفتانە دەردچن ژبەر بارو کاودانا یان دەست کورتی‌یێ ،ئەڤجا ڕۆژنامە (کوردستان) (نیف‌هەیڤانەیە).

٢ ـ کەك (حجی) دبێژیت : ئەگەرا دەرچونا ژمارا ئێکێ ل(قاهیرە) نە ئەوە کو (ڕوشنبیرو توڕەڤانێن کورد لوێرێ خرڤە ببون) بەلێ ئەز دبێژم ئەوە ، چونکی گەر لوێرێ نە خرڤەببان کی دا ڕۆژنامێ لوێرێ دەێخسیت ؟! بەلێ کا ژبەر چ لوێرێ خرڤە بوون‌و لوێرێ دەرێخست ، «ئەو ئەگەرێ ژبێ «شەنسا» بون‌و نەهاتنە بەلاڤ کرن» ئەو ئەگەرێن تە گوتین دجوان بون ،بو کا ژبەر چ توڕەڤان (قاهیرە) خرڤەبون‌و ڕۆژنامە لوێرێ دەرێخست . هەر ئەو ئەگەرو بڕەنگەکی جوان (جبار جباری بژی دپەرتوکا خو یا ناڤبریدا تێین گوتین‌و (د. کمال مەزهەر) ژی بدرێژی وان ئەگەرا خویا دکەت(٦) .

٣ ـ هەڤال (حجی) دبێژیت : «براستی «ثریا بدرخان» چ جارا نەبویە سەر نڤێسەڤانێ فێ ڕۆژنامێ» . ژبو کو « ثریا بدرخان » ی سەربەرشتی وسەر نڤێسەڤانی‌یا فێ ڕۆژنامێ کری‌یە من پشتگیری بچەند سەرچاو کری‌یە .

ژبلی ژێدەرێ برادەری گوتی پەرتوکا مێژوونوس (محمد امین زکی) و گهوڕینا (محمدعلی عونی) .

ماموستا جبار جباری دەمێ بەحسێ گوهاستنا ڕۆژنامێ دکەت ژ جهەکی بو جهەکێ دی دبێژیت : « ثریا بدرخانی جارەکادی زڤراندەڤە قاهیرەو (نیشراف) لسەر نڤێسینا وێ کرو » ٤ ـ جار ژمارە « ٢٠ ، ٢١ ، ٢٢ ، ٢٣ » ژێ دەرێخستن » (٧)

بروانە ل١٣

Institut kurde de Paris

چرۆکان دەگەشێنەوە

ئیبراهیم هەورامانی

هەورامانی نازناوی شیعری ئەم شاعیرە لاوەمانە ساڵی ١٩٦٣ لەبناری هەورامان لەدامێنی چیاسەرکەشەکانی تەویلە چاوی بەجیهان هەڵهێناوە ،

لەساڵی ١٩٧٧دا دەستی کردوە بەنووسینی شیعر ـ یەکەم هۆنراوەی بەناوی «دوو تابلۆی گرگرتوو» نوسیوە ، لەساڵی ١٩٨٠ لە کۆرێکی ئەدەبی خوێندویەتەوە ، دوای ئەمە گەلێك هۆنراوەو بەرهەمی تری نوسیوە ، ئیستا قوتابی ئامادەیی پیشەسازی هەڵەبجەیە ، لەوەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی لاپەڕەی تایبەت بەبەرهەمی لاوان ، کەهەندێ جار گۆڤارو رۆژنامە کوردیەکان پەیڕەوی ئەکەن ووتی :ـ

ـ لەڕاستی لادانێیە ، کە زۆرجار ئەخوێنمەوە بەرهەمی لاوان پێی گرژئەبم ، چونکە بەرهەمی لاوان نیە ، شیعر بان هەر بابەتێکی تری ئەدەب ، ئەتوانرێ بەهێزو بێهێزو لاوازی بەرهەمەکە دیاری بکەیت ، نەك بەتەمەن جیابکرێتەوە ،

شیعر ئەبێ چۆنبێ ؟

ـ شیعر ئەبێ لەخزمەتی ئەو کەسانەدابێت کەبۆی ئەنوسرێ ، لەخزمەتی کۆمەڵدا بێت ،

نمونەیەکی شیعرەکانت :

توانەوە
کەپێك دەگەین
لەدوو پەلە هەور دەچین
ناخی خاکێکی تینوتێر ئاو
دەکەین . .

چاو شین خانم
ئەو ساتانەی
ئەم ژیانە لەغوربەتا بەسەر ـ
ئەبەین . .
لەدوو هێڵی تەریب ئەچین
پێك ناگەین
لەغوربەتدا بۆیەك ئەوین .

ئازاد

دوو نارینکێت فولکوری

● بەرهەڤکرنا ●

● عدنان حسن ●

وەکی ئەم هەمی دزانین کو کۆمکرنا ستران‌و حەیرانوکو نارینکاو لاوکێت کوردی ژکارێت مەزن‌و فەرەو هەژیەو هەروەسا دڤێت بزانین کو هەر هەرێمەك یان دەڤەرەکا کوردستانێ هندەك لاوکو نارینکێت خۆ یێت هەین جیاوازن دگەل حەیرانوکو ستران‌و نارینکێت دەڤەرەکا دی .

ئەڤ دوو نارینکە ژی یێت دەڤەرا گوندێت (گارەی)نە ل قەزا ئامێدێ ... من ئەڤ نارینکە یێ ژ زار دەڤێ (رحیمە مەلا سعید) کو ژیێ وێ (٧٤) ساڵە وەرگرتی‌و وئەڤ ژنکە خەلکێ گوندێ (ئیکمالیێ)یە ل دەڤەرا بەرێ گارێ ل قەزا ئامێدێ نهو دگەل هەر دوو نارینکا :ـ

نارینکا ـ ١ ـ

«دەمێ بویکێ ژ مال بابێ دئینن ڤێ نارینکێ دبەرا دبێژن»

دەوەات هات‌و ڤەگەریاڤە — یار هەرێ عەیشێ
شاهیان هات‌و ڤەگەریاڤە — نازداری عەیشێ
لڤکا پەریێ ڤەرەسیاڤە — یار هەرێ عەیشێ
کور گەهشتێ گرێ داڤە — نازداری عەیشێ
دەوات هاتە حەوشا مەزن — یار هەرێ عەیشێ
شاهیان هاتە حەوشا مەزن — نازداری عەیشێ
خەنا شێلا سوربۆن بازن — یار هەرێ عەیشێ
خەنا شێلا سوربون بازن — نازداری عەیشێ
دەوات هاتە حەوشا بچویك — یار هەرێ عەیشێ
خەنا شێلا سوربین نینوك — نازداری عەیشێ
سەرچەلا تێم زڤرم — یار هەرێ عەیشێ
سەرچەلا تێم زڤرم — نازداری عەیشێ
دوو نێری پەمن دکوڕن — یار هەرێ عەیشێ
دوو نێری پەمن دکوڕن — نازداری عەیشێ
نێچیرڤان باب‌و کوڕن — یار هەرێ عەیشێ
نێچیرڤان باب‌و کوڕن — نازداری عەیشێ
سەرچلا تێم‌و دنالم — یار هەرێ عەیشێ
سەرچلا تێم‌و دنالم — نازداری عەیشێ
دوو نێری پەمن دکالن — یار هەرێ عەیشێ
دوو نێری پەمن دکالن — نازداری عەیشێ
نێچیرڤان خارزاو خالن — یار هەرێ عەیشێ
نێچیرڤان خارزاو خالن — نازداری عەیشێ

نارینکا ـ ٢ ـ

ئەم دهاتین‌تە بیین
بینکەکێ دەڤتە روینین
پاش داتە خەملینین
× × ×
ئەم هاتین تە نیاسکەین
تەب کورتەك‌و کراس کەین
تە ژ مال بابێ خلاس کەین
× × ×
ئەم دهاتین داتە ببینین
بینکەکێ دەڤتە روینین
تە ژمال بابێ پەلینین
× × ×
بویك رابی چەندا بلندە
بەژن شەمال‌و فندە
پشتی تە کافلە گوندە
× × ×
بویك رابی راوستیایی
دەستمالا ناڤ دەستایی
یا مای هیڤیا برایی
× × ×

● **ڕێباز ..** ئەوەی لە باست کردووە فیکرەیەکی زۆر جوانەو لە جێخۆیەتی ، بەڵام بەداخەوە نەتوانیوە بە شێوەیەکی ئەدەبیانە بۆی بچیت .. سوپاس .

نەژاد رەسول .. حەز دەکەین ئەوەندە پەلە نەکەی پێویستیت بە خوێندنەوە هەیەو بەتایبەتی شیعر ..

● **حسن احمد عبدالله** قەڵادزێ ... دوارۆژێکی باش چاوەروانت دەکات ، هیوادارم کە زیاتر بە قوولی بۆ مەسەلەکە بڕوانیت . . سوپاس .

● **سەرکەوت علی عبدالله** .. ئامادەین شتت بۆ بڵاوبکەینەوە بەمەرجێ لەمەی ناردوتە باشتر بێ .

● **هوشیار حسین . .** شیعرەکەت کاتی بە سەردا چووە لێمان ببورە ..

● **احمد شادی . . .** کەی باوی سەرپۆشو ڕووپۆش ماوە ، ئیستاکە سەدەی بیستەمەو خەلقی وا چوونە سەر مانگ ..

● **مەعدید نەرمووں ..** ئەو خۆشەویستیە لەوەی مەمو زین‌و لەیلی‌و مەجنون ئەچێ .. تو خوا وا نیە ؟

● **برادەران :** عبدالله پشدەری ، فەرهاد گەردی، عبدوللا تاهیر عومەر ، ئازاد حسین عبدالله ، خدر عبدالله سعید ، سەلام عەلی کەریم ، دلێر بەرزنجی ، ئاشتی مەهدی محمد ئەمین .. تکایە کە شتمان بۆ دەنێرن یەك دیوی کاغەزەکە بەکار بهێنن .. سوپاس .

● **برادەران :** کوردە قادر محمد ئەمین ، ئیبراهیم عومەر گرتکی ، ئەحمەدی محێدین ، بێبەش منتك، هیوا سالەیی ، عبدالله سلیمان محمد ، شەیدا ، حمەی میرزا مەنمی ، بەختیار ، قادر ژەوان ، عبدالله حسین قادر .. چاوەروانی شتی باشترتان لێ دەکەین .. زۆر سوپاس.

● **خاوەنی ئەم بەرهەمانە :** خۆشم دەوێی ، هۆ ئازیزی کۆچ کردوەکەم ، هەژار مردو توجار مرد ، جوانی ئافرەت ، تیشك‌و تارمایی ، کاروان ، جەژنە پیرۆزە ، نەورۆزەکەم ، دلداری ، : داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین .. ئاواتەخوازین رۆژێ لە رۆژان بتوانن شتی باش بنووسن‌و دەرگای ئەم لاپەڕەیەش بۆ بەرهەمی باش‌و بەسوود کراوەیە ..

ـ **بۆ برادەر هەوار دهوکی** برا پارچە هۆزاناتە فرێکری هندی بێژی رەش‌بینی‌و دل‌تەنگی تێدا هەبوو .. هیڤی دارین لبەرهەمی بهێت بچاڤەکێ بەرفرەهتر بەرێ خۆ بکەیە ژیانێ دویر ژ ژان‌و ئێشان .

ـ **بۆ هەڤال خیری صالح محمود ..** خودانێ هۆزانا (پرا دەلال) : برا .. ئەو پارچێ تەرێکری لسەر پرا دەلال نە کێشی‌و نەقافیا هۆزانێ تێدا بۆ داکو بێهنا هۆزانێ ژێ بهێت . . هیڤی‌دارین پتر خوە ماندی بکەی‌و گەلەك دیوانێت هوزانڤانێن کورد بخوینی‌و هویر هزرێن خوە تێدە بکەی .. شنویکا دەست بافێژی هۆزان دانانێ .. هیڤی دارین هەرێ سەرکەفتی‌بی ..

ـ **برادەر حمید سلیڤانی** هۆزانەکا رێکری هۆسا دەسپێ دکەت :

دارا سی‌هێ ل خۆزنەکەت
چەق‌و بەلگا ژخۆ قەکەت
چەند ئاڤ بدی ژێ ناکەت
ئەوێ چو بەها نینە
نەفەکرێ هەرا شینە
ئەودێ هشك بت هاڤینە

گەلەك سوپاسیا برادەر، حمید سلێڤانی دکەین‌و هیڤی‌دارێن بەرهەمێ باشترین ژێ بگەهتە مە ..

ـ **برادەر هشیار هادی صالح ـ سمێل ..** (خەونەك) ژمەرا رێکربۆ هیڤی دارین خەونەکا خێربت‌و ژنهۆ پێڤە بەرهەمێ باشتر ژمەرا رێکەت .

ـ **بۆ برادەر سعید دێرەشی ..** هیڤی‌دارین کو بەرهەمێ پرسوودو بووج ژێ بگەهتە مەو سوپاس .

ـ **برادەر سگڤان یوسڤی** .. هیڤی‌دارین بەرهەمێ بهێت پتر گەش‌بینی‌و دل ڤەکرن تێدا هەبیت ..

ـ **برادەر رەشید مصطفی** .. ئەو باسێ تەنفیسی لسەرتیپا دهۆکێ دڤێت پتر بێ بەرفرەهیت ودویربیت ژ هەر کارتێکرنەکا خۆیی .. سوپاس .

ـ **بۆ برادەر ـ حمزە شوشی ـ** چیرۆکا ـ سێ کچ ـ یالاوازەو دەست نادەت بۆ بەڵاڤ‌کرنێ .. هیڤی‌دارین بەرهەمێن دی یێن تە پڕ بەهابن‌و بکێر بەڵاڤ‌کرنێ بهێن .. وسوپاس .

بروسکە

وەڵام

چیدبیتن ئەز

عبدالمجید شکری

چیدبیتن ئەز ،
نەشێم ڕوژێ ماچی بکەم . .
لدور گەردەنا وێ بزڤرم‌و
گەهی بکەم . .
لێ ئەز دێ شێم
عەورێت وەش‌و تاڕی لدورا ،
ڕاڤەقینم ، ژێ دویر بکەم
شیا عەورا ،
دەنگێ « خانی » یێ دل کوڤان
بەڵاڤ بکەم ..
ستێرێت نقستی هەمی‌یا
لئاسمانا
نوبەدارو هشیار بکەم
چیدبیتن ئەز ،
زوی بمرم
نەگەهمە هیڤی‌و ئومێدا
لێ بمرنا من
شبنوارو دویروکا ،
دڕێدا
هزرو بیرهاتنێت ،
تێدا
بۆ کوڕێت من
ژینا لدویڤدا . .
بۆ کوڕێت من
ژینا لدویڤدا . .

ئاوێنەی رووکاری ئەسرین

لەسەر ڕوما کازیوەی شەو
نهێنی ئەسرینی دووریت ئەکاتە گول
ئەو خوێنەی بۆتە هەوێنی خۆشەویستی
لەسەر تابلۆی هونەرمەندان
بارانێکی داماو ئەپرژێنێتە دل
ئەو هیوایەی
فرۆکەی هەڵس‌وکەوتە
وا لە ئاسمانی خوادا کەوتۆتە خول
مادام شەبەنگ بەئاوێنەی ئاوێزە
کۆئەبێتەوە
دڵیش بە ئاوێنەی پاکی‌و یەکرایی
ئەخورپێتەوە
بۆکوێ ئەچێ ئەو بولبولەی زیزە لێمان
بە پتەوی پەیمان ئەبێ
هەر بێتەوە
هەر بێتەوە

ئیبراهیم عومەر گرتکی

کە دەهاتی

مظفر شیروانی : هەولێر

کە دەهاتی
تەنیا نەبووی
ڕسکێ هیوات لە ملدا بوو !
بزەیەکت لە دڵدا بوو !
هەرچی خۆشی دنیا هەیە ..
لەگەڵتا بوو !
کە دەهاتی
تەزووی عیشقت بۆ دەهێنام !
لە گەرمە تاوی هاویندا ،
لەرزت بەلەشدا دهێنام !
کەدەهاتی
هەموو گیانم ئەبوو بەچاو ..
لە چاوانتا دەتوابەوە !
هەموو حەزم ئەبووە باوەش ..
باڵی بۆ تۆ دەکرایەوە !
خەم بووکەبەفرینەیەك بوو !
کە دەهاتی
بەتروسکەی نیگایەکت دەتوابەوە !
خونچەی دڵم .
ئازیزەکەم ،
بەبینینت دەکرایەوە !
کەدەهاتی
وام ئەزانی یەکەم جارەو ..
جارێکی کە قەت نەهاتی !
کەدەهاتی
لە یادتە :
بێ شەمالی زەردەخەنە نەدەهاتی !
کەدەهاتی
«خۆشم دەوێی ! »
لەسەر زارم
سەرچۆبی گۆرانی عیشقی دەبەست !
ئەتۆش گیانە
لە دوورەوە چاوێکت بۆم دادەگرت‌و ..
لێوت دەگەست !

دیاری

فاضل شەورۆ

ئەو نێوارەی
هاتیت‌و دات لە دەرگای
سەوزی دڵە بەهەشتی یەکەم
چاوی هەموو منالانی ئەم کەڕەکە
بوون بە پۆلە کۆترێکی سپی‌سپی
بە دەوری خەرمانەی گیانما سوورانەوەو
لەسەر پۆپەی دارکاژنی بالاکەتا
بەدەم یەکا ڕشانەوە ...
کە تۆ هاتی
ئەستێرەکانی ئەوین‌و شیعرو جوانی
کەشانەوە
گەشانەوە ... تا بوون بە خۆر
لە پرێکا لە ئاسمانی
پرنهێنی چاوەکانتا تووانەوە ...

هۆ گیژۆڵە

دەلێم گەڕێ ئەم‌شەو جێگام
چۆڵ‌و هۆڵە × ×
با لەم شەوە زستانیەدا
کە دنیا شەختەو سەهۆڵە × ×
فرمێسکەکانم بڕژێنمە
سەر شۆستەی ئەو شەقامانەی
کەوا زۆر لە مێژە هەگبەی
نەهێنی شاربان لە کۆڵە × ×

خدر ملا همزە گولانی

Institut kurde de Paris

دەقـــی وتەکەی ســەرەکی فـــەرماندە
صـــــــدام حسین
لە کاتی بەخشـــینی نیشانەی رافیدەین و
مەدالیای ئازایەتی بە دەستەیەك جەنگاوەری
ئازامان لە ١٩٨٥/٢/١٧

قوربانی دان ئالای سەربەرزی نیشتمانە

من شادمانم بە بەدیهێنانی ئامانجەکانتـــان چی لە کەرتی فەیلەقی سێ یان لە کەرتی فەیلەقی دوو ، بەڵام دیســـان ، بەشێوەیەکی نموونەیی شادمانم چونکە لیوای ٦٥ی هێزی تایبەت بەو جۆرە پالەوانی هەڵسورا کە لەگەڵ سەرەتای مێژوویـــدا گونجاوە .

ئەم لیوایە ، لیوایەکی پالەوانە ، لـــەبەرەی لیوای ١٠٨ لـــە کەرتی فەیلەقی چـــوار جەنگی ، ئەوەبوو لەگەڵ دوژمندا گۆشەیەك زەویمان دەگۆڕی تا ئەو رادەیەی جارێکیان فریق روکنی یـــەکـــەم عبدالجبار شنشل گەڕایەوە لەسەردانی جەنگاوەرەکان دوای داگیرکردنی نیشانەکە پێموت باسی بارەکـــەم بۆ بکە پێی ووتم هەتا حالەتەکە ببینی لە شـــوێنیکی نیشانەکە مشتێ خۆڵم هەڵگرت ئەگەر بیکەی بەسێ بەشەوە دوو بەشی خۆڵ بوو بەشێکی ئاسن چونکـــە چوار جار نیشانەمان لەگەڵیان گۆڕیەوە ، دەهاتن و نیشانەیان دەبردو هەڵمەتێکی بەرامبەرمان دەبـــردو دەسەندەنەوەو جارێکی تـــر پـــەلامـــاریان دەداو نیشانەکەیان دەبردو بە هەڵمەتێکی بەرامبەر رامالمان دەکردن ، جارێکیان من لەوێ بووم و دەزانم ئـــەو دوژمنانە چۆن زوو سەرئاو دەکەون ، واتە عـــەقلی بودەلە زوو سەرئاو دەکەوێ و لـــە سرابێکی دوورا مەلە دەکا وتمان ئەوانە هەتا ئەگەر نیشـــانەیەکی بچووکیش بەرن سەرەرای بایەخی تەعبەوی دەبینین چۆن ئاواتی شەرانەیان گەورە دەبێ بەڵام ئەمجـــارە عینادیان لەگەڵ دەکەین و دەبێ نیشانەکە ببـــەیـــن و بیکەین بە گۆرستان بۆیان .

● ڕێگایەکی نموونەیی ●

دوا هەڵمەت بۆ لیوای (٦٥) بوو هێـــزی تایبەت سەرەتای دروست بوونی بوو تازە مەشـــقی تەواوکرد بوو یەکەم شەریش بوو بـــە نـــاوی ئـــەو لیوایەوە تێی بچێ . بێگومان جەنگاوەرانی تیا بوو شەری تریان کردبوو بەڵام ئەم شەرە ، یەکەم شەربوو بە ناوی لیواکەوەو بەرێگایەکی نموونەیی رامالیـــان کردن لە ناو ئەو شەرانەدا کە هێزە تایبەتەکـــان و تەشکیلەکانی وەك ئەو کردبان ... بە بۆمبـــای دەستی لە سەنگەرەکان دەریان کردن و پێیان وتم لە هەندێ دەستەویەخەبوونا چەکی سپی بەکارهاتووەو لە شوێنەکانیان دەریان کردن و هەڵوێست چەسپاو لیواکە سێ ڕۆژ لەوێ مایەوەو دوایی گۆڕرا .

● نموونەی پیـــاوان ●

بەر لە ماوەیەك ئەفســـەرێکی لیواکەتانم دی پێم‌ووت سڵاوم بگەیەنـــە بـــە لیوای (٦٥)و بـــە جەنگاوەرەکانی بڵێ من تا ئیستاش لەو مێژوویـــەدا دەیـــان بینم و ئـــەوە مێژووی لیوای (٦٥)ەو من دەیانناسم پیاوانی جەنگاوەرن و هەرچەند هەندێ جار هەندێ دەستەویەخەبوون چەکی سپی بەکارهاتووەو هیمەتی پیاوان سوپاس بۆ خوا لیوای (٦٥) وایەو ئێمە وانەبێ بە جۆرێکی تری نابینین .

من ئاگاداری هەموو دەنگ و باســـێکی جەنگاوەرەکانم بە تێکرایی هەتا ئەو پیاوانەی بریندار بوون و رەفزی ئەوەبان کرد شوێنەکانیـــان چـــۆڵ بکەن ، ئامیر فەوجی لیـــوای (٦٠٦) بـــە ئەرکێ رادەسپێدرێ لە چوارچێوەی سنووری فەوجەکەداو دەڵێ من دەمەوێ بەشداری بکەم و بەشداری ئەکەم و دوو سریە رابەری دەکەم بە سەرکردایەتی ئامیر فەوج کە لەگەڵیا بوو لە هەمان بلەداو لە هەمـــان دەورەدا ئەمەیـــە گیـــانی عیراقی‌یەکان و ئـــەمـــەیـــە نموونەی ئەو پیاوانەی شانازیان پێوە دەکـــەین و شانازیان پێوە دەکەین لەسەر حەق و دەست لێدەرن بەسەر هەرکەسێکا بیەوێ دەستی بەســـەر عیراقدا درێژبکا .

● ئاشتی‌مان دەوێ ●

لەوەبەر باسم لە سەر ئێرانی‌یەکان کردو ووتم و من قەناعەتم هەیـــە بەرپرسیار لـــە نەجەنگانیان سەرکردایەتی بالایانە کە خستونیەتە هەڵدێرەوە کە نە شانۆی سیاسی و نەشانوی ئابووری و نەشانوێ بەکارهێنانی ئابووری ســـامانی و نـــە شـــانۆی هەڵس‌وکەوت بە مرۆڤیان بۆ زامن کردون جا ئاسایە دوای ئەمە سەربازە ئێرانی‌یەکان بکەوتە هەڵدێـــرو دەبێ تێبگەن ئەوان ناچارن بەشەر کردن و باوەریان بەوە هەیە ئەم شەرە کە ئاخوندەکان لـــە تـــاران ئامانجەکانی دیاری دەکەن ئامانجی ئەوانە .

ئەگەر قەناعەتت بەوە نەبووایە کە سەرکردایەتی ســـیاسی پێت دەڵی بجەنگە لە ئامانجی رەواوە رادەپەری نەدەجەنگای ، بەڵام تۆ قەناعەتت هەیـــەو باوەرت هەیە پێت دەڵێین ئەمە سنوورتە بجەنگەو مەیەڵە ئێرانی‌یەکانی رەت بین ، ئێمە ئاشـــتی‌مان دەوێ و هەوڵی بۆ دەدەین و هەڵدەسوڕێین و دەچین بۆ کۆڕو کۆمەڵە دەوڵەتی‌یەکان و بۆ هەموو شوێنێ و دوژمن دەڵێ نەء ... ئێمە شەرمان دەوێ و بەردەوام دەبین و دەمانەوێ عیراق بەرین .. چۆن عیـــراق دەبەن هەتا ئەگەر شەر هەزار ســـاڵیش بخایەنێ و تەواو ببێ و هەموو ئێران تەواو ببێ ناتوانن بگەنـــە قوڵایی بیست کیلومەتر لە ناو عیراقدا .

● شارەزایی جەنگین ●

یەکێك لە ئەنجامەکانی شەر کە خوێنی پیاوانی ئازیز لای هـــەموومانمان بۆ دا ئەوەیـــە جەنگاوەرە لیحتیاتەکان قـــە دەکەن وەك دەرچووی خوێندنگاو کولیجی عەسکەری ئەمە یەکێکە لەو دەرســـانەی لە شەڕ وەرمان گرت سەرەڕای دەرســـە قوڵو زۆرەکانی تر دیســـان جەنگاوەرە عیراقی‌یەکـــان گەیشتنە رادەیەك شارەزایی جەنگان هەبێ لـــە هەموو پلەیەکدا بە رادەیەك ســـوپاکانی تر نەتوانن دەستیان بکەوێ .

بنەڕەتی بەهێز لە ســـەرکەوتندا باوەربوونی پێشەکی‌یە بە توانای بەدیهێنانی و ئەمە ســـەلماوە بەڵام لە نێوان باوەرو لە خۆبایی بووندا تاڵێکی زۆر باریك هەیە نەکەن باز بەسەر ئەو تاڵەدا بدەن .. کە دوژمنەکەتان لەسەر ئەرز دەلەرزێ و تۆ تفەنگەکەت لەسەر سەری بەدەستەوەیە دەبێ هەمیشە وریایی واتە مار لە کلکیەوە پان مەکەرەوە هەتا ئەگەر سەریشی پان بووبوەوە لەوانەیە پێوەت بدات دەبێ جەنگاوەر ئاوابێ .

ئێمە شانازیتان پێوە دەکەین و دڵنیاین هەموو عیراقی‌یەکان شـــانازی بـــە ئێوەو پالەوانیەتی و قوربانی و ئارامتانەوە دەکەن کە لە هەموو حساباتێ بەری وەتەوەو بەسەربا بەرزبۆتەوە .

سەرکەوتنی لەسەر شانۆی کارو چالاکی بۆ زامـــن کردون لە پال لایەنی سیاسی و راگەیاندن و ئابووری و رەوایی ئەو ئەرزەی لەسەر دەوەستن کە دەجەنگن لەسەرتانە جۆگەکانی پێگەیشـــتنتان بـــە چالاکی عەسکەری بەرهەمبێنن کـــە دوژمن ناچار بکا ئالای

سەرکردایەتی و گەل لەموو پێداویستی سەرکەوتنی بۆ ئامادەکردوون

بنەڕەتی بەهێز لەسەرکەوتندا باوەربوونی پێشەکی‌یە بە توانای بەدیهێنان

ئاشـــتی هەڵگرێ و هەڵی مێژووی وەك دەروازەی ئاسمانە وەك دەڵێن کـــە بۆتان دەکرێتەوە مەیەڵن بروا تا پڕی نەکەن بە هەڵو لە هەڵســـورانی پێویستداو ئێستا شانۆی چالاکی ئامادەیە بۆتـــان لەسەرتانە بـــە بەری بێنن لە مەیـــدانی چـــالاکی عەسکەری‌دا بەپێی ئەو نەخشانەی پێشان دەگـــاو بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی بۆتان دەنەخشـــێ ئەوسا شەڕ تەواو دەبێ .

گرنگ پاشەڕۆژ لە بەردەمتان کراوەیە پشـــت بە خوا چونکە لە بەردەم عیراقی‌یەکاندا بەسەربەرزی و خۆشحالی و ئەهدەنی پشت بەخوا کراوەیە .

خوا پیاوان بهێڵێ سڵاومان بگەیەنن بـــە براکانتان لـــەو تەشـــکیلاتانەی ئەرکی خۆیـــان پالەوانانە بەجێ‌هێنا لەوی دەتان‌بینین بەخێر بێن .

Institut kurde de Paris

وتەیەك

مەبەستی ڕۆژنامەی هاوکاری لە کردنەوەی لاپەڕەی تایبەت بۆ بەرچاوخستنی کاروباری خەڵك و لەرێگا ئەوەوە بەرچاوخستنی بێداویستەکانیان لە بەردەم دام و دەزگاکاندا ، دروشمی خزمەتگوزاری گشتی یەو چارەسەری سەلبی بەئیجابی لە سوودی جەماوەر .

بایەخی ئێمە لەوبارە سەربەستی و دیموکراتیەتەدایە شۆڕش بۆ جەماوەری ڕەخساندوە ... بەڵام بەم بۆنەیەوە دەشمانەوێت ئەم ڕوونکردنەوانە بدەین بە خوێنەرانی بەرێز :

× × ڕاستە لە هەندێ دام و دەزگاو لە هەڵس و کەوتی هەندێ کاربەدەستا تەگەرەو گیروگرفت هەیەو بەزیان بەسەر سوودی خەڵکدا دەشکێتەوەو دەبێ دڵسۆزانەبۆ سوودی گشتی تەفەللای چارەسەریان بدەین ، بەڵام ئەم وڵاتەو ڕەوتە سەرکەوتووە ـ کەی دەستکەوتەی زۆرمەزنی بۆ جەماوەری گەل بەدی هێناوە ، کەسەلبیاتەکان لە بەردەمیاندا زۆر بچووك دەبنەوە لەبەرئەوە لەسەرمانە بەیەك لایەندا نەڕوانین و بەس .

× × × ئێمە وەك وتمان لە سایەی بارێکی سەربەستی دا دەژین شۆڕش بۆ جەماوەری زامن کردوە لەبەرئەوە کە سەلبیاتی لایەك دیاری دەکەین و لەو کارەش نیەتمان سوودی گشتی یە کەواتە سکاڵای وا بێ ناوو بێ ناونیشان ڕاستنیە . لەبەرئەوە هەر خواستو داواکاریەك خۆشاردنەوەی تیا بێ بیورن بلاوی ناکەینەوە .

بنووسن و خواستی خۆتان دەربڕن لە سنووری سوودی گشتی جەماوەردا .

هاوکاری

بۆتۆ ..

بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی لەئاکامی بنچینەی دارێژراوی ئەو خۆشەویستیە مەزنە دێتە کایەوە . کە کۆمەڵانی خەڵك لەدەوری خۆی کۆی کردۆتەوە ، بیری کۆمەڵایەتی بڵاو دەکاتەوە ، وەك تیشکی ڕۆژگارێکی جوان پەخش دەبێت ، بۆتە کوڵدانێکی زۆر ئایابی تاقی کردنەوەکانیان لەدارشتن و دەربڕین و دانانی بیری کۆمەڵایەتیدا ، کاتێ ئەم بیرانە دەبنە ڕاو وەك یاساو ئەربەتێکی مەزن دەمێننەوە . چەند لایەنێکی یاسا گەرانەی تیا دەردەکەوێت . کەبریتی دەبێت لەبەرژەوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی تاکە کەسانی ناو کۆمەڵ ...

ئەم بەرژەوەندیانە ، یەکان گیر دەبن و دەبنە بەردی بناغەی ڕەسەنی ئەو بیرە کۆمەڵایەتیانەی مرۆڤ دەیەوێت ، پێوستە ئەم خۆشەویستیە دور بێت لەڕیایی و مەرایی کردن ، دەربڕینی ناخۆشی ، دەبێت گونجاوی ئەو هەڵسوکەوتانە بێت . کەخێزان و خەڵکی دەوروبەری دوای دەکەون و سوودی گشتی و تایبەتی لەچوارچێوەیەکی بتەوداو کۆبکاتەوە ببێتە بەرژەوەندی گشتی و بەشێوەیەکی ڕەسەناڵە کۆڵەکانی بناری ئابوری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی دباری بکات ، بەبیرێکی فراوان و یەکخوازەوە لێوەی بدوێت تاوەکو ئەو زبانەی کەخەڵکی تیابدا دەژی بتوانێ هوشیاری ئەو کەسانە دیاری بکات بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان .

ازاد محمود مصطفی

بەتەنگەوە هاتنی دڵسۆزانە

سوپاسی گەرممان بۆ بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی کە دەستەیەك لە (مرور)ەکانی خۆیان بۆ ناردین بۆرانیە .

ئومێدەوارین برایانی (مرور) سنورێك بۆ جرت و فرت و سەریعی شوفێرەکان ٨ـ٩ سالەکان دابنێن و هەست بەبوونیان بکرێ و یاسای هاتوچۆش بێ شێل نەکرێ .

بەختیار رانیە

لە سلێمانی :

کزەو شەختەو کێشەی نەوت

● ● ●

چەند ساڵێکە لەگەڵ سەرهەڵدانی وشکە سەرماو بەکەم کزەی پاییزا دەستەکرێ بە گۆڕیشەوە و دابەشکردنی بیتاقەی نەوت و گاز ....

عثمان صالح

لە سەرەتادا کۆمەڵ کۆمەڵ بەبڕتاو بەرەو سەر چنار ئەکشێن ، دوای چەند ڕۆژێ ئاگادار ئەکرێن لە سبەینێوە بچن بۆ لای مەرکەزی پۆلیسخانەی ئابلاخەوە ، لەوێش دوای دووسێ ڕۆژی تر ئاگادار ئەکرێن کە بۆ ڕۆژی دوایی بچن بۆ بەنزینخانە ، ئیتر بەم چەشنە نۆرەی شوێنی دابەشکردنی گاز دێ لای دانیشگاوە ، جا دابەرەی قایمقام و دابەرەی سەر ژمێری ، جا دووبارە بەنزینخانە ... زۆر جاریش بە دوو ، سێ ڕۆژی سەرەمڕە جا (بیتاقە) ئەگۆڕێتەوە ، ئەم کارەش دوو ، سێ مانگ درێژە ئەکێشێ ...

دوای وەرگرتنی دەفتەری بیتاقەی نەوت و گاز ، نۆرەی چاوەڕێ کردنێکی دوور و درێژە بۆ نەوت و گاز ... خوا هەڵناگرێ ئەم ساڵ تا ئێستا لە هەموو کووچەو کۆڵانێکا گاز زۆرە ، ..بەڵام نەوت زۆر کەمو دەگمەنەو هێشتا گەیشتۆتە زۆر گەڕەکو شەقام ، کەچی سەبر ئەوەبە کاربەدەست هەیە کە لە نەوتا کار ئەکا و بەرپرسیارەو مەچەکی ئەچەرخێ ، ئەوەندە کارامەیە کە تا ئێستا و کاتی ئەم نووسینە چەند جارێ چەندان تانکەری نەوتی ناردووە بۆ گەڕەکی خۆیان ... خۆ ناڵێم خراپی کردووە ، ئەی گەڕەکەکانی تر !!... تۆ بڵێی بانێك بێ و دوو هەوا !! زۆر گەڕەکیش هەرچاوەڕوانیان بۆ ماوەتەوە ، چونکە کە سەر لە بەنزینخانە ئەدەن ئاگادار ئەکرێن کە نەوت نییە و نەهاتووە کە هات سەر بدەنەوە !! زۆر باشە برا گیان ئەی کەی دێ ؟! (چووزانین کەی دێ !!) بەم چەشنە بەشی زۆر کەس هەر چاوەڕوانیی دوور و درێژو بێ دەنگە !!.

من بۆ خۆم چوار ڕۆژ بەر لە پشووی نیوەی ساڵ کە تەنیا شەش ڕۆژ بوو ، تا کۆتایی پشووەکە بە ناوی گەڕەکەوە چوار جار سەرم داوە (تکاو تکا کاری ، سێ مانگە دەفتەری بیتاقەمان وەرگرتووە ، یەك دانەی لێ نەکراوەتەوە ، ئەی چی لێ بکەین !!) ... لێتان ناشارمەوە کە زۆر بە ئاڵوزی و توندو تیژی پیاما هەڵشاخاون و کپ و بێ دەنگ و بە دەستی بەتاڵ گەڕاومەتە دواوە ...

زستانی ئەم ساڵیش بەڕاستی زستانە ، وەك وتراویشە (یەك جار بە زستان ئەڵێن سارده !!) جا کە وەرز بەرەو خۆشی ڕۆیشتو و بەهار هاتە کایەوە ، ئەوسا نەوت دەرکەوێ ، مەگەر بڵێین (لە دوای باران کەبەنەك !!) لەگەڵ ئەوەشا ئەو کاتە زوربەی بیتاقەکان کاتیان بەسەر ئەچێ و ئەسووتێن ... بەم چەشنە لە پاییزا سەرگەردانی بیتاقەی نەوت و لە کۆتاییدا نەبوونی نەوت و مانەوەی کۆمەڵێ (بیتاقەی سووتاو !!)

لە کۆتاییدا ئەڵێم ، لە کاتێکا کە وڵاتە شیرینەکەمان کانگای نەوت و وزەی بێ کۆتایە ، ناکرێ بەم چەشنە نەوتی سووتاندن دیار نەبێ ، نابێ نەوتی سپی بکەوێتە بازاڕی ڕەشەوە ، ڕەوا نییە کزە و شەختە لەش و گیانی هاو وڵاتیان بتەزێنن !!

چاوەڕێین ئەم کێشە بەردەوامە چارەسەر بکرێ و .. زۆر سوپاس ...

ڕوو بەڕوو

نازاردانی پیرۆژ !!

هەموو جارێ ، کە دەیبینم ، دڵم پێی گەش دەبێتەوە .. تەنیا ئەمجارە نەبێ ، کە ڕەنگو ڕووی بەرادەیەك گۆڕا بوو ، گومانم لەوە پەیدا کرد کە گوناهێکم بەرامبەری کردبێ و من بۆ خۆم پێی نەزانم .. بەڵام هەرزوو ، هاتە سەر مەسەلەکەو ووتی:

«تێکرا نووسینەکەتمان خوێندەوە ، لە خۆت دەپرسم ، تو خوا ئەگەر بتزانیایە من ، کارگێری ئەو دەزگایەم شتی وا زەقت دەنووسی ..؟ تەنانەت لە سەری ، ئازار درام .... پێم ووت :

ـ بەڵام تۆ گومانت لەوە هەبوو کە نووسرا ؟! ووتی : «ئاخەر ، مەسەلەکە دەبوایە قسەی خۆمان بێ ، ..» لەو بڕوایە دابوو ، پێی دەڵێم بوورەو بوورەکەش لە سەر حسابی ڕاستی .. بەڵام خوا شایەوە پێم ووت : «خۆزگە دەمزانی تۆی هاوڕێو کارگێڕ لێ پرسراوی ئەو دەزگایەی ، بۆ ئەوەی تاڵترم بنووسیایە ، گلەیی گەورەترم بکردایە لەو بارە شپرزەی دەزگاکەتی تێدا ئەژی ....» .. کە قسەکانی تەواو کرد ، بەزەییم بەو کارگێڕە دەهاتەوە ، کە لە جیاتی تکاو لاوازی ، چاکتر وابوو ، دڵسۆزی پیشەکەی خۆی بوایە ..

● هەر بەم بۆنەوە ، دەمەوێ بڵێم ، هەندێ کەس ، بە خراپ تێمان دەگەن ، بە خراپ لە ڕاستی دەڕوانن ، لە پێناوی ئەوەش ، یان وەڵام نادەنەوە ، یانێش دوای خۆهێنان و بردن ، بەرامبەر بە پێکهێنانی ئەو لێژنانەی دەربارەی بابەتە کانی ـ هاوکاری ـ ڕێك خراوە .. دەکرۆزێنەوە .

لە بەکەم جاردا ، دەڵێم ، دەستی ڕێز لەو چەشنە «نازاردانە پیرۆزە» دەنێین کە هاوڕێ کەشمی گرتۆتەوەو ، ئەوەندە بەسەکە شانازی بەوەوە بکەین کە ـ ڕاستی ـ لای ئێمە بگاتە شوێن خۆی .. کە ئەو کاتەش قەڵەم بەبامی جوان بگەبەنێت .. ئەوەو لوتکەی خۆشەویستی یەو جێگەی «هاوڕێیەتی» دەکرێتەوەو .. قەدر زانینی ڕاستی .. لوتکەی لەزەنە ..

شێرزاد ....

وەرگێران ـ پاشماوە

ئەندرێ جێد بەم چەشنە لە مەسەلەکە کۆڵاوەتەوە ، لەسەر هەموو نووسەرێکە کتێبێکی وێژەیی بێگانە بە لایەنی کەمەوە وەربگێڕێتە سەر زمانەکەی خۆی . خۆی (ئەنتۆنیۆو کیلیۆپاترا)ی (شکسپیر)ی هەڵبژارد بۆ وەرگێڕان پاشان (هاملت). لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایش دا ، زۆربەی شاعیرە نوێیەکان پەرەوی ڕێبازەکەی (جێد)یان کرد ئەنجامەکەی ئەوە بوو گەلێ دیوانی شیعر لە چەند زمانێکەوە وەرگێڕرانە سەر زمانی ئنگلیسی .

ڕەخنەگرەکان وەرگێڕانی «مۆلێر» لە لایەن (ڕێچارد ویلیۆر)ەوە ، بە سەرکەوتووترین دوا شاکاری دەزانن ، هەندێك شاکاری وێژەیی کلاسیش هەن بە وەرگێڕەکان هانیدەدەن .

گریگۆری ڕاباسا لەم بارەیەوە دەڵێت ، ناتوانرێت خۆ لەوە قوتار بکرێت کە ڕوو دەدات ، چونکە ئەو کەسەی ئەمڕۆ سەرفانتس بە نەسپانی دەخوێنێتەوە وەك نووسەرێکی هاوچەرخی دێتە پێش چاو ، بەڵام هەر کەسە کە وەرگێڕانەکەی (دۆنکخۆت) دەخوێنێتەوە ، کە هاوچەرخەکانی سەرفانتس وەرگێڕاوە ، ئەو شاکارە بە مردوویی دێتە پێش چاوی بە شێوەیەکی ئەوتۆ ، بۆیە وەرگێڕانی چەند جارەی یەك شاکاری وێژەیی چاکەی خۆیی هەیە ، لەبەر ئەوەی هەر یەکەی کارێکی جیاواز دەکاتە سەر خوێنەران .

شاکارە کلاسیی یە گرنگە کان بە تەنیا ناکەونە بەر کاری چەندین جاری وەرگێڕانەوە . چەندین کتێبی نوێ زیاتر لە جارێك وەردەگێڕرێن ، بۆ وێنە ، ئەلکساندەر سۆلجەنیستین ، ناڕازی بوو سەبارەت بە هەندێك لەو وەرگێڕانانەی بە زمانی ئنگلیسی کتێبەکانی سەرەتای گرتبووەوە. بۆیە کە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا جێگیربوو هانی دووبارە وەرگێڕانی ئەو کتێبانەی خۆیی دا ، هەندێك نووسەری دیکەیش هەن زمانی ئنگلیسی بە باشی دەزانن ، وایان بە باشزانی خۆیان کارەکانی خۆیان وەرگێڕن وەك «نابۆکۆف». ڕۆمانەکەی (پێکەنینێك لە تاریکیدا) کە بە ڕووسی نووسیویەتی ، خۆی وەری گێڕایە سەر زمانی ئنگلیسی . هەروەها هەمان کاریشی لەگەڵ ڕۆمانە بەناوبانگەکەی خۆیدا کرد کە ناونیشانی «لۆلیتا»یە . یەکەم جار بە ئنگلیسی نووسی ، پاشان وەری گێڕایە سەر زمانی ڕووسی . کەچی (سامۆیل پیکێت)ی ئیرلەندی کە بە فەرەنسەوی دەنووسێت ، ئەوەبوو خۆی هەردوو شانۆگەری «لە چاوەڕوانی گۆدۆ»و «یاری کۆتایی»و شتەکانی تری خۆی وەرگێڕایە سەر زمانی ئنگلیسی .

بە ڕاستی وەرگێڕان ، کارێکی داهێنەرانەو خولقێنەرە ، وەك یەکێك لە ڕووناکبیرەکان باسی کردووەو گوتوویەتی :

«وەرگێڕان گیانی ڕاستەقینەی شارستانیەتە .. من خەون بە کۆمەڵگەیەکەوە دەبینم تۆی وەرگێڕ بێت» .

ئاوڕیە ـ پاشماوە

٤ ـ برادەر (حجی) دبێژیت چو ڕوشنبیرو خوندکارین کورد ل زانکویێن (قاهیرە)و (ئەستا بنولێ) پشکداری دڕوژنامێدا نەکریە ، لێ ماموستا (یعقوب القصاب) دگوتارەکێدا دبێژیت : « گەلەك ڕوشنبیرێن کوردو خوندکارێن زانکویێن (قاهیرە) و (ئەستانبول) ی پشکداری دنڤێسینا وێدا کریە » (٩)

لێ هەڤال (یعقوب)ی بوڤێ چەندێ چو سەرچاوە دەست نیشان نەکرینە.

٥ ـ بو پشکداریا (حاجی قادرێ کویی) دروژنامێدا ، من هند هزرا خو تێدا نەکر ، ڕاستە حاجی قادر بەری دەرکەفتنا ڕوژنامە کوردستان ب سالەکێ بێ چویە بەر دلوڤانیا خودێ .. لێ دبسان هەڤال (یعقوب) ڤێرا دچیت دبێژیت : ژواناژی (ئەوێن پشکداری دنڤێسینا ڕوژنامێداکری) حاجی قادرێ کویی یە کو بشعرێن خو یێن نیشتمان بەروەری و پڕ گوڕی بەرپەڕێن وێ نەڤشاندینە(.١) .

مە گەلەك کێم سەرچاوە لسەر مێژوویا ڕوژنامەگەریێ هەنە . . ئەڤجا دەمێ ئەم دەست دهاڤێینە نڤێسینەکا ڕوژنامەگەری یان کومکرنا هندەك بابەتێن ڕوژنامەگەری ، دێ بەزینە وان سەرچاواو دناڤ نڤێسینێن خودا دانین .. هەتا ئەڤروژی هندی مە سەرچاوە دیتنین دبێژی (کوردستان) نیڤ هەیڤانە (بونمونە) لێ مادەم برادەر (حجی) هندەك سەرچاوێن دی هەنە کو هندەك ژمارێن ڕوژنامێ هەیڤانەنە گەر بەڵاڤ نەکەت گونەهباری دستووێ وی یە . هەر ئێك بڕەنگەکی . تا نوکە چو سەرچاوێن ڕوژنامەگەری نەکەفتینە ناڤ دەستا کو بدروستی لسەر بڕێڤە بچین .

ئێدی هیڤی یا ژینەکا سەرفەراز بو ماموستا (حجی جعفری)دکەم و داخازا من پێشڤە چونا وی یە .

ژێدەر :

١ ـ وێنێ لاپەڕێ ئێکێ یێ ژمارا ئێکێ ژ ڕوژنامە کوردستان .

٢ـ جبار جباری ، تاریخ الصحافه الکردیه فی العراق ، « ١٩٧٠ » ل١٧ .

٣ ـ ڕۆژنامە ڕوناکی ، ژمارا ئێکێ (٢٣ ـ ٥ ـ ١٩٦٩) هەر دژێدەرێ بوریدا .

٤ ـ بەرێ خو بدە.(یادی هەشتاو یەك ساڵەی ڕوژنامەنوسی کورد) ، ژ ئامادەکرنو پێشکەش کرنا حمه سعید حمه کریم ، ١٩٧٩ . ل٢٣ .

٥ ـ جمال خەزنەدار ، ڕابەری ڕوژنامەگەری کوردی .

٦ ـ د. کمال مەزهەر ئەحمەد ، (تێکەبشتنی ڕاست) و شوێنی لە ڕوژنامەنوسی کوردیدا . ١٩٧٨ ل٤٣ ـ ٧٣ .

٧ ـ جبار جباری ، ژێدەری بوری ، ل ١٨ .

علاءالدین سجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چاپی ١٩٧١ ، ل ٦٠٩ ـ ٦١٠ .

٩ ـ گوڤارا کاروان ژمارە (١٦)ی کانونا دووێ ، ١٩٨٣ .ل ١٥٥ .

١٠ ـ هەر ئەو ژێدەر .

گەشتێك ـ پاشماوە

لەگەڵ منالە ووردکەی هاوڕێ زووزوو ئەجوین سەری قەلاکەی عەربەت مان ئەدا . تەوقە سەری قەلاکە گەلێك پان بوو ، هەرچەندە قەلاکە بازنەیی «دائری» هەلکەوتبو ، بەڵام (قطر)ی پانتایەکەی لەسەرەوە پەنجامەتر نەبوو ، بەڵێ قەلایەکی زۆربەرز نەبوو ، بەڵام هەرچۆنیکی بگری بەرزایەکەیی نەوسا ١٥ـ٢٠ مەتر نەبوو ، لەپالیا دوسێ ژوور لە لایەن میریەوە کرابوو ، بۆ پۆلیس و شەپی خێلایەتی ، ئەو قەلایە من ئێستا بیری لێ نەکەمەوە ، وا بزانم دەستکردە ، وەك گردەکەی (یاسین تەپە)ی لای (بێستانسوور)ی نزیك عەربەتو وەك گردی (بەکراوا)ی لای هەلەبجە ، کە ئەمانە هەمو لە دەستکرد ئەکەنو دابەرەی شوێنەواری کۆن (اثاری قدیمه) ورگی هەموویانی هەڵدرێو بەشوێن شتا گەڕاو لام وایە زۆر شتی بۆ ڕوون بۆتەوە لە بابەتیانەوەو ئەم زانیاریانەش وا تێ نەگەم لە گۆڤاری (سومر)ی بەنرخدا ، بڵاوکراونەتەوە .

من خۆم هەر لە منالیەوە حەزم لەوەبوو بەدوای ڕەگەزو بنەچەی ناوی شارو دیهاتدا بگەڕێم . ئەوە ئەوساو نە کە لە دوایدا کۆلیجم تەواو کردو بەکەر بووم بە کارگێری ناوچەی عەربەت (مدیری ناحیەی تانجرو)کە جەمسەرەکەی (مرکز)ەکەی عەربەتە ، چەند بەدوای ناوی عەربەتدا گەڕام کە ئایا لەچیەوە هاتوە. بەداخەوە کەس نەیزانیو خۆشم نەگەیشتمە هیچ ئەنجامێك ، بەڵام هەرچۆنێك بێت عەربەت ئەوەندەی من بزانم لەوە پێش واتا لە مێژوویەکی دووردا (لە کاتێکدا کە شاری شارەزوور هەبوە) عەربەتیش یا بەشێك بووە لەو شارە ، یاخود خۆی شارێکی گەورەو کەشاوە بوە ، بەڵام ئەمەش پێویستی بە نوسینێکی تایبەتی هەیە کە لێرەدا جێی نابێتەوە. ئیتر تا جارێکی تر بەیەك ئەگەینەوە ، بە خواتان ئەسپیرم .

خوێندن ـ پاشماوە

سەری هەڵدایەوە و نێراوانی یونسکۆ لە هاوێنی ساڵی ١٩٥٠ دا گەیشتنە بەغداد و گرنگیان دا بە پرۆژەکەو چەند بنکەیەکی پەروەردیان کردەوە و لە ئەنجامی ئەمەدا بەرێوەبەرێتیکی تایبەتی دامەزرا بۆ پەروەردەی بنەڕەتی (ئەساسی) و نەهێشتنی نەخوێندەواری لە وەزارەتی پەروەردە و چەند ڕێگایەکیان دانا بۆ بنبڕکردنی نەخوێندەواری و چەند هۆکاری بایەخدانیان بۆ دۆزیەوە بەڵام لە ڕاستیدا هیچی لە مەسەلەکە نەگۆڕی هەر ئەوەندە نەبێ کەهاتن (میسودە) یەکیان دانا بۆ یاسای نەهێشتنی نەخوێندەواری و باسی کرنگی و هەنگاوەکانیان تێدا نووسی بۆ زالبون بە سەر ئەو دەردە سامناکە کوشندەیەدا ، دەتوانین بڵێین ڕێبازێکی نوی تیابوو بۆ جێبەجێ کردنی کاری پرۆژەکە و عێراق لە ئەنجامی ئەمەدا چووە ڕێکخراوی یونسکۆ وە و ئیمزای ئەو بەیاننامەیەی کرد کە بەسترا لە نێوان دەوڵەتە هاوبەشەکاندا بۆ هاریکاری یەکتری لە بواری فێربوندا بە تایبەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری ..

هەر لەم تێڕوانینەوە عێراق داوای دامەزراندنی بنکەیەکی ڕاهێنانی کرد بۆ پێگەیاندنی کادیرانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و پەروەردەی بنەڕەتی لە دوجەبلە ، چەند مامۆستایەکی عێراقی نارد بۆ بنکەی (سرس اللسیان) بۆ ئەو مەبەستە ، تا کە دەورەکەیان تەواو کرد بینە کارگێری مەڵبەندەکان لە شارەکانی عیراقدا کە نیاز وابو لە هەموو شارێکدا بنکەیەك بکرێتەوە ، وە بۆ زیاتر هەنگاونان و سووری عێراق لە سەر پرۆژەکە بەرێوەبەرێتیکی تایبەتی کرایەوە لە وەزارەتی پەروەردە بۆ ڕاپەراندنی ئیشوکاری نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێربوونی گەورە ، بودجەیەکی تایبەتی بۆ دانراو کادری کارگێری و هونەری بۆ دانرا بۆ ئەوەی هەڵسن بە ڕاپەراندنی ئیشوکاری مەڵبەند و بنکە گشتیەکان کە بۆیان دێن وە داوای چەند پسپورێکی ڕێکخراوی یونسکویان کرد کە بەشداریان بکەن لە دانانی پرۆگرام و بەرەپێدانی کارەکانیاندا وە کرنگی بدەن بە نەهێشتنی نەخوێندەواری کە بۆتە گەورەترین مەترسی لە ڕێگای گەشەکردنی باری کۆمەڵایەتی و ئابوریدا و کۆمەڵ بە دەستیەوە دەناڵێنی .

● هاویەتی ●

Institut Kurde de Paris

دەقی وتارەکەی

سەرەکی فەرماندە صدام حسین

لە کاتی بەخشینی مەدالیای

حزب بە کۆمەڵێ لە

تێکۆشەرە بەعسی‌یەکاندا

لە ١٩٨٥/٢/١٣

گەلی عیراق بە عەقڵ و ویژدان جەنگاوەرە

مەرحەباو سەرچاو لە هاوڕێ لاوەکان بێ..
هەندێ لە هاوڕێیان نزیکەی هەژدە ساڵە
ئەمدیونو هەندێکی تریان پێنج یا دە ساڵەو .. ئەمە
بۆنەیەکی خۆشە لە باری وا باشدا بتانبینین .

حزبەکەمان خەڵکی وای تیایە (٢٥) ساڵ
زیاتریان بەسەردا تێپەڕیوەو ئێستا حزبەکەمان هەر
بریتی نیە لە تەمەن یا چالاکی‌یەکی خەباتکارانە بەڵکو
ئێستا خەریکە بە شێوەیەکی تایبەتی عیراق بنیات
دەنێ .. نەك هەر بەو جۆرەی کە ئێمە لە ناو حزبا
دەیڵێین بەڵکو بە شایەتی هەمو چاکەکانی دەرەوەی
عیراق لە نیشتمانی عەرەبو جیهانا .

پر باوەڕیتانو پڕباوەڕی‌ی هاوڕێکانتان پر
باوەڕی‌ی ئەو عیراقی‌یانەی لە ئێوەو ئێمە ڕازی بوون
دەورێکی باڵایان هەبوە لە ڕەوتی خەباتکارانەتاناو
دەڵێم ئەوان ڕازین لە ئێوەو ئێمە چونکە ڕەزامەندی
عیراقی‌یەکان شتێکی ئاسان نیە .. چونکە عیراقی-
یەکان هەر وا چۆن ڕێکەوت لە یەکێ ڕازی نابن ..
بەڵکو لە جۆرە خەڵکێ ڕازی دەبن کە سیمایەکی
ئاسراویان هەبێ‌و ئێوەیش بەشێکن لەوان هەر
چەندە بە هۆشیاری‌و هەندێ شت‌و مەکی تر جیاواز
بن لێیان .. کەوا بوو کاتێ کە عیراقی‌یەکان ڕازی
بن لێیان ئەمە شەرەفێکی گەورەیە بۆمان .

ئەمە یەکێکە لە هەرە گرنگترینی ئەو شتانەی
وامان لێ دەکەن کە متمانە بەوە بکەین کە ئێمە بە
ڕێگای ڕاستدا دەڕۆین‌و لایشم وایە عیراقی‌یەکان
بە پێوانەی گشتی‌و بەزۆربەی زۆریان ڕازین‌و ..
لایشم وا نیە ئێمە دەکەوینە هەڵەوە لە
جیاکردنەوەی ڕازی بوون‌و ڕازی نەبووندا .

کە وا بوو بەعسی توانای ئەوەی هەیە حاڵەتی
ڕازی بوون لە حاڵەتی ڕازی نەبوون جیا بکاتەوەو
کاتێ کە عیراقی‌یەکان پاش هەزار ساڵ ڕازی بن
لە کەسانێ کە سەرکردایەتی‌یان بکەن ئەمە شەرەفێکی
گەورەیە ئەی هاوڕێینەو هەروەها ئەرکێکی
گەورەیشەوەو ئەمانەتێکی ئاناسایی‌یە کە عیراقی‌یەکان
دەیخەنە ئەستۆمان ئەمە بێجگە لەو ئەمانەتە
مەبدەئی‌یەی کە بەعسی هەڵیگرتووە لەو کاتەوە کە
چووەتە ناو یەکەم شانی تێکۆشەردوە لە ناو
حزبداو .. هیوامان گەورەیە بەوەی ئێوە ئەم
ئەمانەتە دەپارێزن .

● چۆن ئەوەکان ڕازی دەکەین ●

بێ ئەوەی سەیری ئەم شتە بەنرخە بکەین کە
ڕازی‌بوونی عیراقی‌یەکان‌و خۆرازی‌کردنە ئێستا ،
بەڵام هیوامان وایە کە بەو پێیە سەیر نەکەن کە
ئێستا یا لە ماوەی بیست یا پەنجا ساڵدا چیتان
دەربارە دەوترێ .. بەڵکو هیوامان ئەوەیە کە
تێڕوانین‌و بیرکردنەوەتان بەرەو دوور بڕواو لەگەڵ
خۆتانا پرسیار بکەن کەچی بکەن بۆ ئەوەی ئەوەکان
پاش پێنج سەد ساڵ یا هەزار ساڵ یا هەزارو پێنج
سەد ساڵ لێتان ڕازی بن‌و بەم شێوەیە هەموومان
مانای ئەو نموونانەمان بەسەرا دێتە دی کە بە ئەرکی
پەیامی مێژووبینی گەڵ‌و نەتەوە هەڵدەستن .

ئادەمیزاد کاتێ پرسیار لەوە دەکا کە خەڵکی
هەر لە تەمەنیا چی لە بارەوە دەڵێن ئەمەیش حاڵەتێکی
پێشکەوتووە بەسەر ئەوانەی کە گوێ نادەنە ڕای
خەڵکی تیایاناو هەر پرسیار لەو ئەقڵە هونەری‌یانە
دەکەن کە بە هۆیانەوە دەتوانن ڕەوشتی خەڵکی
ڕەچاو بکەن‌و وەك فەرمانڕەوایە تەمەنی خۆی سەرف
دەکا کە ڕاتە حاڵەتی پرسیار کردن لە بارەی ئەوەوە
کە خەڵکی چی دەڵێن حاڵەتێکی پێشکەوتووە بەسەر
ئەو حاڵەتەی کە دەسنیشانم کرد بەڵام ئەمە ئەو
حاڵەتە یە کە بە شوێنیا دەگەڕێین‌و ئەو حاڵەتەی
کە بە درایا دەگەڕێین ئەوەیە کە پاش پێنج سەد
ساڵ‌و زۆرتر عیراقی‌یەکان‌و عەرەب چیمان دەربارە
دەڵێن‌و ئایا دەڵێن ئەمانەتەکەمان گەیاندو .. پیاوو
گەڵ‌و حزبێکی مەزن بووین لە هەڵگرتنی بیروباوەڕو
بەرگری‌کردندا لێی‌و لە بنیاتناناو ئەگەر وەڵام بەڵێ
بوو ، ئەو کاتە ئەمە ئەو ڕازی بوونە ڕاستەقینەیەیە
کە بە درایا دەگەڕێین بۆ خۆمان چونکە لەمەدا ئێمە
لەو بڕوایەدابن کە خواوەندی گەورەیش ڕازی دەبێ
لەو کەسانەی کە گەلەکانیان لێیان ڕازین .. نەك
شای ئێرانیان پێ ڕووخاند کە شای خۆیانەو
شای ئێمە نیەو ئەو فارسەو عەرەب نیەو ..
ئێرانی‌یەو عیراقی نیەو .. ئەوەیش ئاشکرایە کە
ئەوان دواکەوتن لە ڕووخاندنیا لە کاتێکدا
عیراقی‌یەکان پێش‌کەوتن لە قایل نەبوون بەو
حاڵەتەی کە ناگونجێ لەگەڵیانا لە حوکم‌کردندا ئەم
دواکەوتووانە لایان وا بوو چونکە توانیان شای

دووساڵ لەمەنگەردا بەرگری‌مان کرد و
ئێستا ئەرکمانە لەمیانەکاف شەڕ لە
سەر خاکمان هەڵبکەین

هەر بۆ ماوەیەك بەڵکو بە ڕێگای بەرەوپێشچوونێکی
مەودا دووردا .

● بەش نین بەڵکو پێشەواین ●

هێزی بیروباوەڕتان‌و هێزی تێکرای ڕەوشتی
گەلەکەتان بە سەرکردایەتی حزبەکەتان لێرەدا
دەردەکەوێ خاڵەکەی تری بەهێزی کە ئەمە تەواو
دەکا ئەوەیە ئێمە بەشێك نین لە باری ئەم چەرخە
بەڵکو حاڵەتی چەرخ دەبەین بەڕێوە بە هەموو
قانوونە پێشکەوتووکانیەوە بێ جیاوازی .. لەم
دوو خاڵەوە سەرکەوتنمان دەردەکەوێ ئەگەر بۆ
وێنە ڕەوتمان بەراورد بکرێ لەگەڵ ڕەوتی دوژمنمان
لە ئێرانا ئەوان پێشەوایی‌و ڕەوشت‌و بیرکردنەوەیان
بەسراوە بە باری ئێستاوەو .. ئەم بارەیش
دەگوێزنەوە بۆ بارێکی پاشکەزبووەوەی کۆنی
دواکەوتوو و دوور لە باری ئەم چەرخەو بەڵکو بۆ
سەدەها ساڵ بەرەو دوایش .

ئادەمیزاد لە ناوەراستی چەرخەکەی خۆیدا
دەژی‌و هەر چەرخێکیش قانوونی خۆی هەیەو ..
مرۆڤایەتیش هەمووی هەندێ قانوونی ئادەمیزادانەی
گشتی هەیە .. ڕواڵەتە تایبەتیەکانی لە دوو حاڵەتەوە
وەردەگیرێن حاڵەتی نیشتمانی‌و نەتەوایەتی‌و حاڵەتی
بەرەوپێش چوون .. هەموو چەرخێ جۆرە
قانوونێکی زیادەی هەیە لە قانوونەکانی چەرخێکی تر
جیاوازن‌و .. هەموو نەتەوەیە جۆرە قانوونێکی
زیادەی هەیە جیاوازن لە قانوونی نەتەوەیەکی تر ..
هەموو گەلێك هەندێ قانوونی زیادەی هەیە لە
قانوونی نەتەوەیەکی تر ناچێ‌و .. حزبەکەتان باوەڕی
بەمە هەیەو ئەم تێڕوانینە دەبا بەڕێوە چونکە شتێکی
ئاسایی‌یە ئەوەی کە ئەم تێڕوانینانە بەرێ بەڕێوەو
باوەڕی پێیان بێ‌و ئەمین بێ لە سەریان دەبێ
سەرکەوێ بەسەر ئەو کەسانەدا کە دژینی .. وەك
ئەوەی ئیستە ڕوودەدا .

ڕژێمی ئاربەدەست لە تاراندا وەك دەزانن‌و
چەندەها جار لێی دواوین زۆر کەس وای خستوەتە
مێشکی .. کەوا توانای ئەوەی هەیە عیراق وەربگرێ
بەو جۆرەی کە شای ڕووخاند .. ئا ئەمە
دواکەوتوویی بە هەموو مانەیەکیەوە چونکە ڕژێمی
حوکم لە تارانا خەو بەهەمان شێوەوە دەبینێ کە
ئێران بڕووخێنن دەیشتوانن عیراق ببەن ڕێ خۆیان
بەڵام پێوەندی چی‌یە لە نێوان ڕووخاندنی شای
ئێران‌و عیراقدا .

● کاربەدەستانی تاران لە گەمارۆدان ●

ئەمەیە نەفامی لە ژیان‌و نەفامی لە تێگەیشتنی
ڕواڵەتە تایبەتی‌یە نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌یەکانی
گەلان‌و نەفامی لە زانینی قانوونە پێویستەکانی
بەرەوپێش چوونی هەموو چەرخ‌و هەموو قۆناغێ لە
قۆناغەکانی بەرەوپێش چوون لە ژیانا بە جۆرێ
وایان لێ هات لە جیاتی ئەوەی عیراق داگیرکەن
خۆیان لە بارێکدا دەبینن گەلانی ئێران لە ناو ئێرانا
گەمارۆیان داون چونکە ئێرانی‌یەکان لە هەموو
حاڵەتێکدا ئەگەر توانای ئەوەیان بووبێ هەندێ گومڕا
بکەن‌و ئەگەر توانیبێتیشیان هەموو گەلانی ئێران
کۆ بکەنەوە بۆ ئەوەی دژی ڕژێمێکی بۆگەنی وەك
ڕژێمی ئێران شۆڕش بکەن شتێکی ئاسایی‌یە کە
نەتوانن بەردەوام بن لەسەر بیروباوەڕێ کە هی
دەرەوەی ئەم چەرخەیە لە ناو ئێران خۆیشیا .

کە وایە بە شێوەیەکی باشتر بیروباوەڕی وا
نەگونجێ بۆ ئەوەی ببێ بە نموونەیەکی وا کە لە
عیراق‌و دەوڵەتەکانی کەنداوو دوورگەی عەرەب‌و
نیشتمانی عەرەبدا پێڕەوی بکرێ‌و لە وڵاتە
ئیسلامی‌یەکانی تردا وەك لایان وایە کە لە توانایانایە
ئیمپراتوری‌یەتیان لە پێشا لە نیشتمانی عەرەب‌و
پاش ئەوەیش لە سەرانسەری دەوڵەتە ئیسلامی‌یەکانا
بڵاوبکەنەوە لەسەر شێوەی کۆن شێوەی ئەوباوو
باوپیرانەیان کە لە ئێران دەردەچوون بۆ داگیرکردنی
عیراق یا نیشتمانی عەرەب یا شوێنانی تر .

چەرخی داگیرکردن بەسەر چوو و چووینەتە
ناو چەرخی دەوڵەتانی زۆر بچووکەوە کە لە چەند
هەزارێك پێکهاتن‌و بین بە دەوڵەتێکی وا کە خەڵکی
ڕێزیان لێ بگرێ‌و ئاڵاو سوپاو قانوون‌و پێوەندی نێو
دەوڵەتانیان هەبێ‌و تاد .. ئەبێ حاڵەتێکی وەك
عیراق چۆن بێ لێرەدا هێزی عیراق لەو خاڵە
سەرەکی‌یانەدایە کە باسم کردن‌و لە ڕووەکەی
بەرامبەریشیدا بێهێزی ستراتیژیانەی گشتی‌ی
دوژمنتان دیارە .. بۆ ئەوەیش بە ئینساف بین
لەگەڵ دوژمنیشمانا دەپرسین ئایا کە بارودۆخی
شەڕ ئامادە بکرێ ئێرانی‌یەکان شەڕ دەکەن .. وەڵام
بەڵێ .. شەڕ دەکەن ئەگەر بارودۆخی شەڕ ئامادە
بکرێ .

● سەرکردایەتی ئێران خەتاباری سەرنەکەوتنە ●

دەیشپرسین ئایا گەلان شەڕ دەکەن کاتێ کە
بارودۆخی وا پەیدابێ کە شەڕ بکا بەشێوەیەکی
پێویست وەڵام بەڵێ .. کاتێ کە بارودۆخی
پێویست بڕەخسێ‌و کاتێ کە شەڕ چارەیەکی وا بێ
چارەی تر نەبێ لەگەڵیا گەلان شەڕ دەکەن بەڵام ئایا
سەرکردایەتی‌ی ئێران پێویستی‌یەکانی شەڕی
ئامادە کردووە بۆ گەلەکانی .. وەڵام نەء .. کەوایە
ئەو سەرنەکەوتنەی کە ئەمڕۆ تووشی گەلانی ئێران‌و
سوپای ئێران دەبێ خەتای گەلانی ئێران نیەو خەتای
سوپای ئێران نیە بەڵکو خەتای بەڵکو ئەوەی کە
خەتایەتی سەرکردایەتی‌ی باڵای ئێرانە چونکە
سەرکردایەتی‌یەکی سەرنەکەوتووەو .. لە هەموو
ئەو ئەرکە سەرەکی‌یانەی کە پێ‌ی سپێڕراوە لەم
چەرخەدا کە تیایا دەژین نەك لە چەرخی ئەس دوو
سەد یا پێنج سەد ساڵ سوپا لە یەکەمجاری
شەڕدا کە پێویستیەتی دەبێ لەسەر بنەمایەکی ڕەوا
بجووڵێتەوەو ئامانجێکی دیاری کراوی هەبێ بەرەو
پێشەوە بە نەخشەیەکی سوپایی یانی کاتێ کە لە
خۆی دەپرسێ شەڕ ئەو ئەرك‌و مەرجەیە کە شتێکی
تر نیە لە جیاتی‌و وەڵام بەڵێ بێ ئەو کاتە شەڕ دەکا .

لەمەیش زیاتر سەرکردایەتی‌ی گشتی ئەوەی
پێ‌سپێڕراوە کە شانۆی چالاکی‌یەکان‌و پێویستی‌یەکانی
سەرکەوتن ئامادە بکا لە مەیدانی سیاسی‌و سیاسەتی
دەرەوەو سیاسەتی ناوخۆو لە مەیدانی ڕاگەیاندن‌و
لە مەیدانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و پتەوی گەلدا لە
مەسەلە سەرەکی‌یەکاندا .

سەرکردایەتی‌ی ئێران لە هەموو ئەم مەیدانانەدا
دۆڕاندی‌و .. گەلانی ئێرانی لە جیهان دوورخستەوە
چونکە وا دەرکەوت لە بەردەم گەلانی جیهانا کە
دەبەوێ دەستدرێژی بکاو پەل‌و پۆ بڵاو بکاتەوە .

خوێنێکی زۆر بە خۆڕایی ڕژاو .. هەتاکو
ئەوانەیش لە ژێر کاری (خەواندنی مەگناتیسی)دا
دەجووڵانەوە وەك لە مەسەلەی خەڵکیدا دەبڵێین‌و
لە ژێر کاری ئەو بیروباوەڕە دواکەوتووانەدا بوون
کە مەلاکانی ئێران بڵاویان دەکردەوە ، بۆیان دەرکەوت
ئەو شوێنەی کە پاڵیان پێوە دەنرێ بۆی دۆزەخە
نەك بەهەشت .

کاتێکیش کە بە خۆڕایی بەرەو دۆزەخ
دەنێررێن .. کە دەبوایە لێی دوور بکەوتنایەتەوە ..
هێزیان دەستی کرد بە کەمبوونەوەو .. بە یارمەتی
خوا کەمبوونەوەی هێزیان بەرەو ڕووخان دەیانبا .

● سەرتان هەر بەرزدەبێ ●

سەرتان لەبەردەم گەلەکەتانا هەر بەرزدەبێ ..
گەلیشتان سەری لەبەردەم مێژوو و گەلانی
سەرزەویدا بەرزدەبێ‌و مافتان پارێزراو دەبێ‌و
سەربەست دەبن لە خاك‌و وڵاتی خۆتاناو .. گەلانی
ئێرانیش لە خاك‌و وڵاتی خۆیانا .

وایان پێ‌ڕاگەیاندن کە ڕژێمی حوکم لە عیراقا
لە دوو هەفتەدا دەڕووخێ کەچی وا پێنج ساڵ
تێپەڕبوو ئێمە بەهێزتر دەبین بە هێزی گەلمان‌و
هاوکاری‌و یەکێتی‌یەوەو بە هێزی ئەو حزبەتان کە
بووە بە حزبی هەموو خەڵکی عیراق نەك هەر حزبی
ئەو عیراقی‌یانەی کە چوونەتە ناو حزبەوەو کاتێ
کە لەبارەی سوپایی‌یەوە سەرنەکەوتن پێیان وتن
دەبێ مەسرەف کەمکەنەوە چونکە بەمە حکومەتی
بەغدا دەڕووخێ‌و ئەوکاتە بێ‌شەڕ عیراقتان
بۆ دەکرێتەوە .. قۆناغی داچۆڕاندنی ئابووری

Institut Kurde de Paris

یاری ئۆلەمپی کۆن و نوێ

ئەم یاریە بریتییە لە هەندێ پێش‌بڕکێ و یاری وەرزشانە ، هەر چوارساڵ جارێك لەوڵاتی یونانی کۆن‌دا ئەکرا .

ئەو شارەی یاریەکانی تیا سازئەکرا ناوی «ئولیمپ» بوو ، چەند شوێنێکی گەورەی تێدابوو بۆهەموو یاریە وەرزشیەکانی ئەو سەردەمە ، یەکەم‌جار ئەم یاریە لەساڵی (٧٧٦)ی پێش‌زاین‌دا کراوە ، ئەڵێن دروست کەری ئەم یاریە (هەرقل) بووە ، تاساڵی « ٢٨٨ »ی زاینی خایاندوە ؛ بەیاری پاشای بێزەنتینی کەناوی (تیودوس)ی یەکەم بوو ، لەساڵی «٣٩٣» زاینی‌وە بۆماوەی هەزارو پێنج‌سەد ساڵ زیاتر وەستاوەو ؛ بەخەیانی کەسدا نەهاتووە زیندوی بکاتەوە ، ساڵی ١٨٩٢ی زاینی کابرایەکی فەرەنسی کەناوی (پیردی کوبرتان) بوو داوای لەهەندێ وڵاتانی جیهانی کرد ، بۆئەوەی یاری ئۆلومپی زیندو بکەنەوە ، ساڵی ١٨٩٤ کۆنگرەیەك لە (سوربون)ی پاریس گیراو ئەم وڵاتانە بەشداریان تێدا کرد .

١ ـ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا .
٢ ـ یونان .
٣ ـ ئەڵمانیا .
٤ ـ فەرەنسا .
٥ ـ مەجەر .
٦ ـ ئوستوریا .

بڕیاریان‌دا کەسەر لەنوێ ئەم یاریانە دەست پێبکاتەوەو هەموو جۆرە پێوەستیەکی بۆ جێبەجێ بکرێ ، خولی نوێ یەکەم‌جار لەشاری (ئەسینا) ساڵی ١٨٩٦ دەستی پێکرد ، هەر چوار ساڵ جارێك لە وڵاتێکدا ئەکرێ .

بەم چەشنە ساڵی ١٩٠٠ لە (پاریس) کرا ساڵی ١٩٠٤ لە (سان لویس) ، ساڵی ١٩٠٨ لە (لەندەن) ، ساڵی ١٩١٢ لە (ئستکهۆڵم) . بەهۆی جەنگی جیهانی یەکەمەوە وەستێنرا تا ساڵی ١٩٢٠ لە (ئنفرس) ی بەلچیکا کرا ، ساڵ ١٩٢٤ لە (پاریس) ، ساڵی ١٩٢٨ لە (ئمستردام) ، ساڵی ١٩٣٢ لە (لۆس ئەنجلوس) ساڵی ١٩٣٦ لە (بەرلین) هەمدیسان بەهۆی جەنگی جیهانی دووەمەوە وەستێنرا تاساڵی ١٩٤٨ لە (لەندەن) کرایەوە ، ساڵی ١٩٥٢ لە (هلسنکی) ، ساڵی ١٩٥٦ لە (مەلبۆرن) ، ساڵی ١٩٦٠ لە (روما) ، ساڵی ١٩٦٤ لە ١٩٦٨ لە (مەکسیکو) ساڵ ١٩٧٢ لە (میونیخ) ، ساڵی ١٩٧٦ لە (مونتریال) ،ساڵی ١٩٨٠ لە (مۆسکۆ) ،١٩٨٤ لە (لۆس ئەنجلۆس) کراوە ، کونگرەی دوایی بڕیاری‌دا کەساڵی ١٩٨٨ لە (سیئۆل) بکریت .

هەڵەبجە
لە بواری وەرزشدا

لەم شارەدا .. وەرزش هەروەك هەموو کارەهونەری‌یەکانو ... ئەدەبیەکان ، شان‌بەشانی یەکتری لەسەر دەستی کۆمەڵە خەڵکێکی بەتوانا بەرەو دواڕۆژێکی باش هەنگاو دەنێت .

ئێمەش وەك بەسەرکردنەوەیەکی کاری وەرزشی‌و یاری‌زانەکانی شار چووینە نیشتەجێی [تیپی وەرزشی شنرۆی] بۆ ئەم مەبەستە چاومان بەفێرکەرو سەرەکی تیپەکە کاك :

«شاهۆ حمە فرەج» :

کەوتو ووتی : تیپەکەمان لەساڵی ١٩٨٠دا لەلایەن چەند کەسێکی یاری‌زانەوە دامەزرا ، ئەو برادەرانەی کەهاوکاری دروستبوونی ئەم تیپەیان کرد ئەم یاری زانانەبوون (سەرتیپ تۆفیق، شاهۆ حمە فرەج ، بکر محمد ...) پاش ماوەیەکی کەم تیپەکەمان توانی چەند یاری‌زانێکی بەتوانا لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو بۆشای نەکەوێتە نێو تیپەکەمانەوە.. ئیتر دوابەدوای ئەم ماوەیە بۆ زیاتر شارەزابوونمان لەجیهانی وەرزش توانیمان بە شێوەیەکی ڕێك‌وپێك دەست بەمەشق کردن بکەین ..

وەك تاقی کردنەوەی توانایی تیپ بۆیەکەم جار لەگەڵ لەیەکێ لەتیپەکانی پێشکەوتوەکانی هەڵەبجە یاری‌یەکمان کرد. لەئەنجامدا دۆڕاین بە (٢) گۆل بەرامبەر (١) گۆڵ کە [تیپی وەرزشی هێمن] بوو ..

پاش ماوەیەکی‌تر دەستمان کردەوە بەچالاکی تیپ لەگەڵ شارەکانی‌تری کوردستان‌دا. وەك ..

سەرکەوتین بەسەر هەڵبژاردەی پۆلیسی سلێمانی‌دا بە (٥) گۆڵ بەرامبەر بە (٢) گۆڵ لەگەڵ تیپی وەرزشی دەرسیمی کەرکوك‌دا بە (٥) گۆڵ بەرامبەر بە (١) گۆڵ لە خولی تیپەگەلیەکان‌دا کە ١٦ تیپ بەشداری تێدا کرد لەساڵی ١٩٨٣ ـ ١٩٨٤ توانیمان پلەی یەکەمی پاڵەوانێتی وەرگرین بەرامبەر بەتیپی وەرزشی کوردستان .

● چۆن بواری وەرزشی لەشاری هەڵەبجەدا دەبینیتەوە ؟

وەرزش لەهەڵەبجەدا توانایەکی تایبەتی هەیەو پاشەڕۆژێکی ڕوونی لێدەبینرێ . ئەمەش دەکەڕێتەوە بۆلاوەکان کە هەستێکی وەرزشی‌یان لەناو دڵدا چەسپاوە ... بەڵام نەبوونی فێرکەری وەرزشی بۆشایی‌یەکی خستۆتە بوارەکەوە .

● مەڵبەندی لاوان .. چۆن مامەڵە لەگەڵ تیپە گەلیەکان‌دا دەکات ؟

دەتوانم بڵێم زۆربەی تیپە وەرزشیەکان لەژێر سەرپەرشتی مەڵبەندی لاوان‌دان ، مەڵبەندی لاوانیش بۆئەم مەبەستە هیچ درێغی نەکردوەو هەموو جۆرە پێوەستیەکانی وەرزشیمان بۆ تەرخان دەکات

هەر لەم نیشتەجێ‌یەدا چاوومان بەیاری‌زانێکی لەم تیپە کاك (جعفر تۆفیق) کەوتو ووتی : من کەئەندامێکی ئەم تیپەم لەگەڵ ئەوەشدا لەیانەی لاوانی سلێمانی‌دا یاری‌دەکەم .

هیوادارم هەردەم ژیانم لەپێناوی وەرزش‌دا تەرخان بکەم .

کاك [بکر عومەر] ووتی : ئێمە سوپاسی ڕۆژنامەی «هاوکاری» دەکەین کە لاپەڕەیەکی بۆ وەرزش‌و لاوان تەرخان کردوە هیواداریین لەپاشەڕۆژدا ڕۆژنامەیەکی تایبەتی بۆوەرزش بکاتەوە .

هیوادارین لەپاشەڕۆژێکی نزیك‌دا جێی ماندووبوون هەوڵدانی ئەم‌تیپە بەسەرکەوتوی زیاتر ئاشکرابێت .

ئیبراهیم هەورامی
هەڵەبجە

خۆ پیشاندانێکی گەورەی بەرهەڵستکارانی ئێران لەپاریس

لەسەر بانگەوازێك ڕێکخراوی موجاهیدی خەڵقی بەرهەڵستکاری ئێران ئاراستەی کردبوو ،پایتەختی فەرەنسا خۆ پیشاندانێکی گەورەی بەخۆیەوە دی کەبە سەدان ئێرانی‌و عەرەب‌و فەرەنسی بەشداریان تیاکرد .

خۆ پیشاندانەکە لەو نموونەی لەدرندایەتی ڕژێمی ئێرانی پیشاندا کە خەڵکی فەرەنسای سەرسام کرد . لێرەدا دوو وێنە لەگەڵاوەی ئەو خۆپیشاندانە دەبینرێ .

بەرهەڵستکاران ـ پاشماوە

پاسداران لە شاری ئاهری ئازربایجاندا‌و لە شاری ڕەشت‌یشدا هێزەکانی بەرگری ئێران بەباننامەیەکی **ڕۆژبان دژی** ڕژێم‌و شەڕ بڵاوکردەوەو وێنەی خومەینی‌و پۆستەری سەر بە ڕژێمیان سووتاند .

ڕۆژنامەی تیهران تایمز کە بە ئینگلیزی دەردەچێ دانی بەوەدا نا کە هێزەکانی بەرگری هێرشیان بردە سەر مەڵبەندێکی پاسدارانی خومەینی لە ناودڕاستی تاراندا‌و سیانیان لێ کوشتن‌و هەندێکیان بریندارکرد .

هەروەها لە شارانی کرماشان‌و کنگاورو شیرازیشدا بەرهەڵستکاران هێرشیان بردە سەر هەندێ کەس‌و مەڵبەندی سەر بە حکوومەت‌و ژماردەیەکیان لێ کوشتن‌و بریندارکرد .

بەگەیەکی ـ پاشماوە

بەندەرعەبباسە دەستی لە ئیشەکە هەڵگرتووە لەبەر بێپارەیی ڕژێمی ئێران‌و نووسینگاکانی گەڕاندوەتەوە ئیتالیا .

یەکێ لە کاربەدەستانی ئەم کۆمپانیایە لە ڕۆمادا بڵاوی کردەوە کەوا ئێران بە شێوەیەکی لەتام‌بەدەر دواکەوتووە لە دانەوەی قەرزی ئەم کۆبەندەرەو حکوومەتی ئێران هیچ جۆرە کاتێکی دەستیشان نەکردووە بۆ دانەوەی ئەم قەرزە .

ڕادیۆی موجاهید ئەوەیشی وت کە ئەم جۆرە ڕەوشتەی حکوومەتی ئێران ئەوە دەردەخا کە دارایی وڵات لە بارێکی زۆر قورسایەو ئابووری ڕووخاوە . هەرچەندە باقی ناوەندی دەبەوێ ئەم هەواڵانە بە درۆدا بخاتەوەو ئەم ڕاستی‌یانە بشارێتەوە .

دەتاشی ـ پاشماوە

سیاسی لە بەندیخانەکانیانا هەن چاو لە هەنگاوەکەی عیراق بکەن کە ئەوەی دەربڕی حکوومەت بە تەنکی هاووڵاتی‌یە عیراقی‌یەکانە ـ ودیەو دەیەوێ هەڵێکی تازەیان بخاتە بەردەم بۆ بەشداری‌کردن لە بیاتانی نیشتمانیانا .

ئافرەت ـ پاشماوە

سەندوە ناوبانگی ئافرەت‌و باسی جوانی‌و کردەوەی جوانی بە ووینەو دەنگ بڵاو ئەبێتەوە . لەبەر ئەوە ڕەنگ‌و ڕوخسارو شیوەو دوینەی ئافرەت باجوانی ئافرەت لە گورانکاریدایە ئیمڕۆ کە بەپرچی زەردەوە ئەیبینی گەلێ جیاوازی لەگەڵ ووینەی ماوەیەك بەر لەوە کەبەپرچی ڕەش‌و ڕەنگی ئەسمەرەوە بوو هەیە . ئیمڕۆ ئافرەت بە ئارەزووی خۆی خۆی ئەکۆڕێ هەر ساتەو بەشیوەیەك کە ئیمڕۆی لەدوینێی ئەچێت . ئایا بەمە ئەڵێن جوانی ئافرەت .؟!

ڕووداوەکانی دنیا بەوێنە

لەم ڕۆژانەدا لەشاری نابولی لەئیتالیا محکەمەیەکی گەورەی چەتەکانی مافیا دەکرێ کەخەریکی بازرگانی موخەدراتن لەئیتالیاو جیهاندا .

بەکەمجار محکەمەی ٦٤٠ کەس دەستی پێکرد کە گوناهبارن بەبازرگانی موخەدەرات‌و سیکس‌و جاسوسی بۆ گوناهبارەکان ٢٠ قەفەس لەمحکەمەکەدا دروستکراوە لەهۆڵی محکەمەمەکەدا ٩٤٥ کورسی‌و ٣٠٠میزو ٢٢٥ مایکرفۆن دانراوە . بەڵام تەنیا ٨کورسی بۆ ڕۆژنامە نووسەکان دانراوە .

سیما ـ تایبەت

Institut Kurde de Paris

هـــەرچارەی نووسینێك

بۆ محمد فیداش

چەند دڵـۆپ فرمێسکی گەرم

نووسینی: ئەحمەد قادر سەعید ـ قەلادزێ

بەر لە کۆچی دوایی مامۆستای پایەبڵنـــد علاءالدین سجادی واتە لە نۆی کانوونی یەکەمـــی ڕابردوودا . هەر ئەو ئێوارەیەی لە تەلەفزیۆنـــی تامیمەوە، بەهۆی بەرنامەی ڕۆشنبیری کوردیەوە هەواڵی چاپکردنی یەکەم دیوانی ڕاگەیەنرا، کە زۆر لەمێژبوو چاوەڕێی دەکرد ، بەڵکو بتوانێ لـــەدوای دەرچوونیدا وەك کۆرپەیەکی کۆشی ناز لـــەدوای خۆشەویستی بەسەر دابێنێو ، هەوایەکی شادمانی کەیشتنە مەبەست هەڵکێشی، بەدیـــدەی خـــۆی بەرهەمی ژانو ئازارو شەونخوونی بیرو مێشکی لە ئامێزی خوێندەوانی گەلەکەیدا ببینێو بزانێ تـــا چ سنوورێك بەدەنگ شیعـــرو نزاو هاناکانـــی دەروونیەو دێنو چۆن ڕەفتار لەگەڵ ووشەکانیدا دەکەن .. بەڵام سەد مەخابن کاتی ڕاگەیاندنـــی هەواڵی بڵاوبوونەوەی دیوانی «ڕەش‌و سپی» مامۆستا فیدا هەر شەوە لەگیانەڵای سەرە مەرگدا دەینالاندو چاوەکانی جارجار دەنایە سەریەکو هەندێ جاریش لە مۆلەق ڕادەوەستان، تالە هەمان نیوە شەودا بـــۆ دواجار خرانە سەریەکو دوا ماڵئاوایی لەژیان کردو چرۆی بیرو ئەندێشەکانی بە هەتیوی لە دایکبوون .

مامۆستا محمد فیدای بێدەنگو گۆشەگیر ، تا لەژیاندا بوو هەر سکاڵای ئەوەی دەکرد. کـــە نەخۆشیو دەردو گرفتە کۆمەڵایەتی‌ریەکانیو باری ناتەواوی ناو خێزانی تەنگیان پـــێ هەڵچنیوودو ناشتوانێ بەرهەمێك چاپ بکات . هەروا کارەساتـــە تایبەتی‌یەکانی ژیانی دیـــاریو کوێـــرەوەریـــە دەروونیەکانی لەسەر کەلەکەبوونو خۆشیان ڕەوا نەبینێ، چۆن وا بێنەواو دلبەغەم ژیا هەر بـــەو جۆرەش سەری نایەوەو کۆمەڵێـــك خواســـتو ئارەزووی ناسکی لەگەڵ خۆیدا بردنە ژێرخـــاکو، نەبتوانی ئەو بەرهەمانەی لەدیوانی « ڕەش‌و سپی »دا ئاماژەی بۆکردبوون کەبریتین لەدوانزدە بەرهەمـــی هەمەچەشنەی خـــۆی وەرگێـــڕدراودا بـــەچـــاپیان بگەیەنێ ..

هەروا لەو ڕۆژانەدا کەچل ڕۆژ بەسەر کۆچی دوایی محمد فیدادا تێدەپەڕێ چەند دڵۆپ فرمێسك دەتکێنمە سەر گۆڕی مامۆســـتاو هیـــوا خوازم دەستێکی بەبەزەیی بەرهەمەکانی لەلەناوچـــوونو پەراگەندەیی ڕزگار بکـــات .. ئێمەشـــ دەڵێین خۆزگە ...

لەلەلەبجە

چرۆکـــان

دەدرەوشـــێـــنـــدەوە

بەناواتەوەبووم کەتیپێکی منداڵان دروست ببێـــتو منیش وەك هەموو مرۆڤێك بەپێی توانا دەوری خۆم لەنێو کۆمەڵدا ببینم ، لـــەدوو ئۆپەرێتەکەدا دەورم بینیوە بەدەوری (شازادە) و (ڕێوی) .

● **شنرۆی ڕەؤف :**

قوتابی پۆلی سێهەمی ناوەندی‌یەو لە ئۆپەرێتی «ڕێوی‌یەو لەپێستی شێردایە» توانی زۆر بەباشـــی دەوری (شێر) ببینێت ... کاکە شنرۆی پێی‌ووتین: بۆیە شانۆم هەڵبژارد چونکە دەتوانم لەشـــانۆدا ڕووبـــەڕووی بینـــەران ببمـــەوەو حـــەزەکـــانیان بخەمە ڕوو .

پاشان چاومان بە «شیلان حامد» کەوتو ووتی:

لەسەرەتایی دامەزراندی تیپە خۆشەویستەـ کەمانەوە کاری شانۆیم کردوە .. زیاتر یەکـــەم بەرهەمم خۆشدەوێ ... چونکە بەکەمجار بـــوو لەشانۆدا بەبینەران شادبووم .

قوتابی «مەریوان عەلی مەجید» .

لەپۆلی شەشەمی سەرەتایی‌یەو لەدوا بەرهەمی تیپەکەیاندا دەوری «کەلەشێری» بینوە .. کاکـــە مەریوان ووتی : هەرئەوەندە بەسە بڵێم « شـــانۆ قوتابخانەی گەلە» .

«هەڵاڵە عومەر» کەدەوری «گورگ»ی بینـــووە هاتە لامانو ووتی بۆیـــە شانۆم هەڵبژارد تاکاری تێدابکەم . چونکە وەك دایکم وەهایە فێری گەلێ کاری بەکەڵكو بەسوودم دەکات .. وەفێرم دەکات کـــە نیشتمانەکەم خۆشی‌بوێ .

هونەرمەندێکی بچکۆلانە «سەنگەر کەریم» :

کەدەوری «ڕاوچی» پێ سپێردرابوو لـــەدوا بەرهەمی تیپەکەیاندا هاتە لامانو ووتی :ـ ئەوەی من دەمویست بڵێم .. هاوڕێکانم وتیان .. بۆیـــە هەرئەوەندە دەڵێم .. من شانۆم کەلێ خۆشدەوێ .

خوشکە «لەیلا نوری»یش ووتی :

زۆر دەمێکە حەزم لەشانۆیە بۆیە لەگـــەڵ دروستبوونی ئەمتیپـــە خنجیلانەیەماندا ئاواتەکەی منیش هاتەدی .. خۆم لەسەر تەختەی شـــانۆدا دیبەوە . وەئەمەش بەخەلاتێکی گەورەی دەزانم .

ئێمەش بەناواتی بەرهەمی سەرکەوتوی تری ئەمتیپە ساوایەیەو هیوادارین مۆمی تەمەنی هەرگیزاوهەرگیز نەکوژێتەوە .

ئیبراهیم هەورامانی
هەڵەبجە

تیپی نواندنی منداڵانی هەڵەبجە لەسەرەتایی ساڵی ١٩٨٢دا بەسەرپەرشتی تیپـــی نواندنـــی هەڵەبجە دروست بووە ئەم تیپە کۆمەڵێ منداڵی ئێستەسووکی بەهرەمەندی لەئامێز گرتووە ...

بەوانەی شانۆو عەشقو ڕاستگۆی پەروەردەیان دەکات .. هەر لەسەرەتای دروست بوونی ئـــەم تیپەوە هەتاێستا دوو بەرهەمیان پێشکەش کردووە ..ئۆپەرێتی [سەوزە] لەنووسینی فاضل قەصابو دەرهێنانی مامۆستا کامەران ئەحمەدو ... کاك ئازاد صالح ئاوازی بۆ گۆرانیەکانی دانابوو .

ئۆپەرێتـــی [ڕێوی‌یـــەو لەپێستی شێردایە] نووسینی : شەفیق محمد .. دەرهێنانی محمـــود علي ... کاك ئازاد صالحو ڕزگار صدیق ئاوازیان بۆگۆرانیەکان دانابوو .. شاعیری لاو صلاح احمـــد شیعرەکانی نووسیبوو . لەم ماوەیەی پێشودا ئـــەم ئۆپەرێتە لە تەلەفزیۆنی تامیم پیشاندرا ...ئەم دوو بەرهەمە ماندوبونی بەشدارانی پێـــوە دیاربـــوو ، بەشێوەیەکی گشتی .

ئێمە لەلای خۆمانەوە دانیشتنێکمان لەگـــەڵ کۆمەڵێ خونچەی ئەم تیپەدا کرد سەرەتا چاومـــان بەخوشکە (ئەلوەن عەلی) کـــەوتو ووتـــی :ـ زۆر تێدابکەم . چونکە وەك دایکم وەهایە فێری گەلێ کاری بەکەڵكو بەسوودم دەکات .. وەفێرم دەکات کـــە نیشتمانەکەم خۆشی‌بوێ .

هونەرمەندێکی بچکۆلانە «سەنگەر کەریم» :

کەدەوری «ڕاوچی» پێ سپێردرابوو لـــەدوا بەرهەمی تیپەکەیاندا هاتە لامانو ووتی :ـ ئەوەی من دەمویست بڵێم .. هاوڕێکانم وتیان .. بۆیـــە هەرئەوەندە دەڵێم .. من شانۆم کەلێ خۆشدەوێ .

خوشکە «لەیلا نوری»یش ووتی :

زۆر دەمێکە حەزم لەشانۆیە بۆیە لەگـــەڵ دروستبوونی ئەمتیپـــە خنجیلانەیەماندا ئاواتەکەی منیش هاتەدی .. خۆم لەسەر تەختەی شـــانۆدا دیبەوە . وەئەمەش بەخەلاتێکی گەورەی دەزانم .

ئێمەش بەناواتی بەرهەمی سەرکەوتوی تری ئەمتیپە ساوایەیەو هیوادارین مۆمی تەمەنی هەرگیزاوهەرگیز نەکوژێتەوە .

ئیبراهیم هەورامانی
هەڵەبجە

ئاوڕێك
لە ڕابووردوو

«سامان» نامادەی ئەکات

ڕۆژنامەی «ژیـــان» غەزەتەیەکی سیاسی ، ئەدەبی، اجتماعی بووەو هەفتـــەی جارێك لـــە شاری سلێمانی بڵاوکراوەتەوە ، لە چاپخانەی‌بلدیەی سلێمانی چاپکـــراوەو نوسخەی بە ئانوبەك بووە ، یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕۆژی ٢١ی کانوونـــی‌دووەمـــی ســـاڵی ١٩٢٦ دەرچووە ، تا ساڵی ١٩٣٨ بەردەوام بووەو ٥٥٣ ژمارەی لێ‌بڵاوکراوەتەوە ، لە ژمارەی«٤٠٦»ەوە پیرەمێردی نەمـــر بووە بە خاوەنی .

● لە ژمارە ١٥ی ساڵی یەکەمی ڕۆژنامەی «ژیان»دا ، کە لە ڕۆژی پێنجشەممە ٦ی مایســـی ١٩٢٦دا بڵاوکراوەـ تەوە، ئەممان بەرچاو کەوت!

[ئـــاگـــاداری]

هەر کەسێ شکایەتی هەبە لە دوکاندارێك کە ئـــەو دوکاندارە یا لە فیئـــات بەلەدیە بە زیاترو یا بـــە وەزنێك لە ڕەزنی بەلەدیـــە سووکتر ئەشیا ئەفرۆشـــێ لازمە بە دەلائیلی ئوتیـــەوە ڕەنسەن موراجەعەت بـــە دائیرەی پۆلیس بکـــات ، دائیرەی پۆلیس بەبێ تالیبی «مصرف» تەحقیقاتـــی مەسئەلەکە ئەکات .

متصرفی سلێمانی

شعر بۆ منالان

من قوتابیم

هوشیار حسین

من قوتابیـــم منالـــم
دەست پاکو گۆنـــا ئالم
مامۆســـتایە رابـــەرم
خۆشەویستو هاندەرم
فێرم ئەکات ئەلفوبـــێ
وانە بکـــەم جێبەجێ
ژمـــاردنو زانستی
دڵـــی پڕ خۆشەویستی
کچان خوشکو کوڕ برام
بۆ وولاتم فێر کـــرام
بە پێنوسو بە تفەنگ
دوژمنی ئەکەم بەپەنگ
ئەبم بە چرای ڕۆشن
ئەی پارێزم لە دوژمـــن
دایکو باوکم بە سۆزن
بۆ ژینی من دڵسۆزن
سوپاس بۆ تۆ ئەی یەزدان
ئەبان بینم دڵگـــران

بیرنیکی ڕاگوزاری

تیشـــك

ـ ١ ـ

من باوەڕم وایە ، مرۆڤـــی ئیشکەرو چالاك ، دڵـــی پڕیەتی لە خۆشەویســـتیو جێگای قینی تیا نابێتەوە ، چونکە ئیش بەمانا بەرهەمدارە بەخششەکەی لەخۆیدا ،یانی خۆشەویستی ســـەرەڕای ئەوەی ، خەریك بوون بـــە ئیشی بەرهەمدارەوە مانـــای ئەوەیە ... کاتو جێگا بـــۆ قین بەدەستەوە نامێنێ ... مرۆڤی‌وا .. لام وایە .... قینی تەنیا لەیەك شـــت ئەبێتەوە ... بێکاری‌و زۆر بڵێ ی ...لەم حالەتەدا ئەم جۆرە قینە ..ڕەوایە ..

ـ ٢ ـ

خۆشەویستی ..وشەیەکی شیرینە ، خوویەکی پیرۆزە، هاندەرە بۆ ڕەنجو ئیش‌کردنو بەرهەمدان ... بۆچاکە کردن چاکەکردن ..بەرامبەر خەلك ،بەمانای خۆبەرستی نەء .. بەڵام بەئەنجامی تەبیعـــی مرۆڤ سوودی بۆ خۆتە ... وەرن باخۆشەویستی بکەین بـــە نیشانەو .. ئامانجو بەپەرۆش بین بۆی ...سەیر ئەکەی ... هەموو خەلـــك شایەنی ئەوەن ... کـــەم تازۆر خۆشت بووین .

بـــەهـــرە

بەفریش عاشقی

خۆی هەیە

ئەمـــاڵ ئەوروپا سەروماو سۆلەو بەفر دابگرتەوە بـــە جۆری ٢٠ ساڵێك دەبـــێ شتی وای بەخۆبەوە نەدیووە ،لەگەڵ ئەو ســـــەرما قورسەشدا عاشقەکانی یاری لە بەفرادا وازیان لـــــە ئارەزووی خۆیان نەهێنـــا ، ئەو یاری‌کەرەی لەم وێنەیەدا دەبینرێ لەبەردەم کۆشـــکی فرسای نزیك پاریس لە پلەی گەرمایی ١٠ لە ژیر سفرەوە یاری خلیسکانەی خۆی دەکا.

زۆرستۆن هوی بچـــووك ترین پاڵەوانی یاری کاراتێیە لـــە جیهاندا ، تەمەنی ١٠ ساڵانەو لەم دوایەدا پشتینی پاڵەوانی جیهانی لـــــەم یاری‌یەدا وەرگـــــرت . بەڵێدانێکی ســـــووکەلە مرۆڤیکی پێگەیشتو دەخـــات لەتەمەنی ٨ ساڵیدا پاڵەوانی ناوچەی کالیفۆرنیا بوو ... ئەی کە گەورە بوو چی‌لـــێ دێ ؟!

هاوکاری

دەزگای
ڕۆشـــنبیری‌و بڵاوکردنەوەی
کـــوردی

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی

تەلەفۆن
٨٨٧٥٧٩٥
٥ خەت

● چیرۆك بۆ منداڵان ●

کوڕە ژیکەڵەکە

زانا کوڕێکی ژیکەلـــە بوو . بەڵام زۆربـــــەی زۆری خواردەمەنـــــی نەدەخوارد .. بۆ وێنـــە فاسۆلیایی نەدەخـــوارد دەترسا قەلەو ببێـــت. گێژەری نەدەخوارد کـــە چەند کرنکو بەکەڵکـــە . هەروەها حەلواشـــی نەدەخوارد ... بێجگـــە لە هەندێ خواردەمەنـــی تر کە لەشی مرۆڤ پێویستی پێیە ..

بۆ نموونـــە ئەگـــەر برادەرێك ئەو خواردنانـــەی بۆ ئامادە بکردایـــە . لـــە وەڵامـــدا دەیـــووت زۆر سوپاست دەکەم . بـــان لوتفت هەیە بەڵام من ناتوانم ئەو جۆرە خواردنانە بخـــۆم زانا ، ڕۆژێك لە ڕۆژان ... برادەرێکی زۆر نزیـــك دەعوتی نیوەڕۆی بۆ کـــرد لە گەڵ کۆمەڵێ برادەرانـــی تر .. لە کاتی نانخواردندا، هەر بەکێ لە میوانەکـــان هەستاو هەر یەکە بە پێی ئارەزووی خۆیان خواردنـــی هەڵبژارد ... تەنها زانـــا نەبێت حەپەسا بـــوو ... چونکە ئەو خواردنانەی کـــە دروست کرا بوو هەمـــووی نەدەخوارد برادەرەکەیشـــی پێی ووت :

ـ فەرموو کاك زانـــا تۆشی خواردنـــی خـــۆش هەڵبژێرە .

زانا ئەی دەزانی چـــی بڵێو چی بکات بڵێ ئـــەم خواردنانە ناخۆم نابێ شەرم دەکات .. بڵێ خواردنێکـــی ترم بۆ بێنی دیسان نابێـــت بە هەر جۆرێـــك بێـــت پیوستە بخوات چونکە هەر خۆی بوو کە ئەم دەعوەتەی پەسەند کرد .

ناچار دەستی درێـــژ کرد بۆ خواردنەکـــەو لە هەر جۆری کەمێکـــــی هەڵگرتو نەختە نەختـــە تامی دەکرد ... بـــەڵام زانا بینی ئەم خواردنانـــە زۆر خۆشن ... وای لـــی هات ئەوەی لە بیر چـــوو کە حەز لەم خواردنانە ناکات لە دوایدا زۆر سوپاســـی برادەرەکەی کردو ووتـــی : دەزانی من ئەم خواردنانـــەم نەدەخوارد ، چونکە ئـــەم دەزانی وا خۆشن .

و : زینب حسین

ئاوان ..

سامان ..

ئافکە عمر

هاوڕێ یانی
جیهانی
منالان

نیان ...

ناز فؤاد حمە خورشید

ستار :

ئەحمەد ئەباد

Institut kurde de Paris